# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٣٩ ▪ هەینی ٣٠ی بەفرانباری ١٤٠١ _ ٢٠ی ژانوییەی ٢٠٢٣

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا


## بڕیاری بە تێرۆریست ناساندنی سپای پاسداران هەنگاوێکی دیپلۆماتیکی بەجێیە



لە کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێراندا کە ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٩ی بەفرانباری ١٤٠١ بەڕێوە چوو، ڕەهەندە جیاجیاکانی شۆڕشی ژینا و ڕەوتی نارەزایەتییە بەربەرینەکەی ئێستا کە سەرانسەری ئێرانی گرتۆتەوە هەڵسەنگێندرا و جەخت لەسەر پێویستیی زیاتر بەهێزکردنی ئەو هاوپشتی و هاوکارییە کرایەوە کە ئێستا لەنێوان گەلی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا دروست بووە. لەو کۆبوونەوەیەدا ناوەندی هاوکاری بڕیارنامەی پارلەمانی ئورووپا بۆ بەتێرۆریست ناساندنی سپای پاسدارانی بە هەنگاوێکی گرینگی دیپلۆماتیک زانی و هیوای خواست لە کۆبوونەوەی یەکیەتیی ئورووپاشدا ئەو بڕیارە پشتڕاست بکرێتەوە و لە درێژەدا گوشارەکان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی پتر و پشتیوانییەکان لە ڕاپەڕینی ژینا لە ئێران و کوردستان زیاتر ببن.

## بە تێرۆریست ناساندنی سپای پاسداران لەلایەن پارلمانی ئورووپاوە

# بەڵگەیەک بۆ ڕەوایی خەباتی پێشمەرگە و بزووتنەوەی خەڵکی کوردستانە




### مستەفا هیجری:

## خەڵک نابێ شەقامەکان چۆڵ بکەن و پێویستە دژی ڕێژیم شێلگیرتر بین



بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دیمانەیەکدا لەگەڵ هەواڵدەریی «شەرقولئەوسەت» پێداگریی لەسەر ئامانجی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردووەتەوە کە دامەزراندنی ئێرانێکی فیدراڵ، دێموکراتیک و سێکۆلارە و دەڵێ گەیشتن بەو ئامانجەش دەخوازێ کە لەگەڵ هەموو ئۆپۆزیسیۆنی دژبەری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکگرتوو بین.

کاک مستەفا هیجری لەسەر پرسی ئاڵترناتیڤ و جێگرەوە بۆ دەسەڵاتی ئێستای ئێران گوتی: ئەوە ڕاستییەکە کە بەداخەوە هێندێک ڕێکخراوی سیاسی لە ئێران «توتالیتێر»ن و ئەوان پێیان وایە کە بەتەنیایی دەتوانن کۆماری ئیسلامیی ئێران بڕووخێنن و حکوومەتێک بە خواست و ویستی خۆیان دابمەزرێنن، بەڵام دەبێ هەموو هێزە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران بە پلاتفۆرمێکی هاوبەشەوە لەگەڵ یەک هاوکاری بکەن و ئەو شۆڕشە لە چوارچێوەی داواکارییەکانی گەلانی ئێراندا ببەنە پێشەوە. **(پوختەی ئەو دیمانەیە لە لاپەڕەی ٢دا بخوێنەوە)**

### خالید عەزیزی لە پارلمانی بریتانیا:

## پرۆژەی ئێرانی تاکنەتەوە فەشەلی هێناوە



کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پارلمانی بریتانیا ڕایگەیاند پرۆژەی ئێرانی تاکنەتەوە شکستی هێناوە و ئێرانی نوێ دەبێ لەسەر بنەمای فرەنەتەوەیی ساز بێتەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا کە ڕۆژی سێشەممە ٢٧ی بەفرانبار گیرا، کاک خالید عەزیزی و خاتوو «میری گلیندۆن»، ئەندام پارلمانی بریتانیا لەسەر لیستی پارتی کرێکاران لەسەر پێشقەچوونەکانی شۆڕشی ژینا لەسەر لیستی پارتی کرێکاران بۆ بەشدارانی کۆبوونەوەکە دوان.

وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە قسەکانیدا تیشکی خستە سەر دەورونەخشی حیزبی دێموکرات بۆ لێکنزیککردنەوەی هێزە ئازادیخوازە ئێرانییەکان و داوای لە پارلمانی بریتانیا و دەسەڵاتی سیاسیی ئەو وڵاتە کرد یارمەتیدەر بن بۆ پێکهێنان و هێنانەسەرکاری حکوومەتێکی دێموکراتیک لە ئێران.

لەم کۆبوونەوەیەدا ژمارەیەک کەسایەتیی سیاسی و ئاکادیمیکی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان و نەتەوەکانی دیکەی ئێران بەشدار بوون.

### مستەفا مەولوودی:

## بە تێرۆریست ناساندنی سپای پاسداران بیستنی دەنگی شۆڕشی ژینایە

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڕیاری پارلمانی ئورووپا بۆ بە تێرۆریست ناساندنی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بەرز نرخاند. کاک مستەفا مەولوودی، بەرپرسی ناوەندی ئیداریی حیزبی دێموکرات لە لێدوانێکدا بۆ «کوردستان» ڕایگەیاند کە حیزبی دێموکرات ئەو بڕیارنامەیە بە کارێکی بەجێ و بە ئێقدامێکی دروستی دەزانێ و خەڵکی ئێران و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی چاوەڕوانی بڕیاری کاریگەر و شوێندانەرتریان لە یەکیەتیی ئورووپا و کۆمەڵگەی جیهانی بەگشتی هەیە.

ئەندامی ناوەندیی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات گوتی: ئەو بڕیارە هەرچەند بەدرەنگەوە بوو، بەڵام ئورووپا کارێکی گەورەی دەست پێ کردووە و لە کوتاییدا دەنگی خەڵکی دژبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی بیست. بەڕێزیان بە ئاماژە بەوەی حیزبی دێموکرات لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی بە سەرنجدان بە سیاسەت و نێوەرۆکی ئەم ڕێژیمە، کۆماری ئیسلامیی بە ڕێژیمێکی تێرۆریست و سپۆنسەری تێرۆریزمی دەوڵەتی ناسیوە، گوتی لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران قوربانیی سەرەکیی تێرۆریزمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، عێراق و ئورووپا بووە.

کاک مستەفا مەولوودی لەپێوەندی لەگەڵ دەرەنجامەکانی ئەو بڕیارەی پارلمانی ئورووپدا گوتی: «مەرج نییە کاریگەری پەسەندکردنی ئەو بڕیارنامەیە دەمودەست و بەتەواوی دەربکەوێ، بەڵام بەدڵنیاییەوە زۆر ناخایەنێ شوێنەواری کاریگەری لەسەر کۆی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە دیار دەکەوێ و لە زۆر بواردا کاریگەریی گەورە و پۆزێتیڤ لەسەر ئاخیزی خەڵکی ئێران و شۆڕشی ژینا دادەنێت. بەرپرسی ناوەندی ئیداریی حیزبی دێموکرات لە لێدوانەکەیدا پێی لەسەر ئەو بابەتە داگرت کە ئەو بڕیارە تەنیا لە بە تێرۆریست ناساندنی سپای پاسداراندا کورت ناکرێتەوە، چونکی بە لەبەرچاوگرتنی شوێن و پێگەی سپای پاسداران لە سیاسەتی دەرەکی و نێوخۆیی، ئەمنییەتی و ئابووریی ئێراندا، لە ڕاستیدا ئەوە تەواوەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە بە تێرۆریست و دەسەڵاتێکی ناتەبا و نەگونجاو لەگەڵ پرەنسیپە جیهانداگرەکان دەناسرێ.



کاک مستەفا مەولوودی لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە پەرچەکرداری کۆماری ئیسلامی بەو بڕیارە دەتوانێ چی بێت، گوتی: ڕێژیم ڕەنگە بە کردەوەی تێرۆریستی لە ئورووپا، یان هێرشی تێرۆریستی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئورووپا لە وڵاتانی کەنداو و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، یان دروستکردنی سەرئێشە بۆ هاتوچۆی پاپۆڕە بازرگانییەکان، هەروەها بە بارمتەگرتنی بیانییەکان بیەوێ باج لە ئورووپاییەکان بستێنێ. بەڵام ئەگەر دەوڵەتانی ئورووپا لێبراو بن و ساتوسەودای خۆیان لەگەڵ ڕێژیم ڕابگرن، توانای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەو جۆرە خەراپکارییانە لە ئێستادا زۆر سنووردارە. بەڕێزیان لە کۆتاییدا گوتی ئەم هەنگاوانەی یەکیەتیی ئورووپا تین‌وگوڕ دەبەخشێتە شۆڕشی خەڵکی ئێران بە دژی کۆماری ئیسلامی و ئەو چاوەڕوانییەش دروست دەکات کە کۆمەڵگەی جیهانی بەدژی ڕێژیم پێویستە لێبڕاوتر و شێلگیرتر بن.

## ڕاگەیەندراو

# پێداگریی ڕێبەریی حیزب لەسەر پەرەدان بە هاوخەباتی و یەکگرتوویی سەرانسەری



ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆبوونەوەیەکدا دوا گۆڕانکاری و پێشهاتەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانی هەڵسەنگاند و، پێداگریی لەسەر سیاسەتی دروست و ئوسولیی حیزب لەمەڕ پەرەپێدان بە هاوخەباتی و یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکان لە ئاستی کوردستان و سەرانسەری ئێراندا کردەوە.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ١٧ی بەفرانبار کۆبوونەوەی بەرینی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو. کۆبوونەوەکە بە ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدان، بەتایبەت شەهیدانی شۆڕشی ژینا دەستی پێ کرد. دواتر کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب ڕاپۆرتێکی لەمەڕ کار و تێکۆشانی حیزب لە ڕەوتی ڕاپەڕینی ژینا و ڕووداوەکانی پەلاماری مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات پێشکێش کرد و هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی حیزبی لەبارەی پرسە سیاسییەکانی ڕۆژەڤی ئێران بۆ باس و لێکدانەوەی زیاتری کۆبوونەوەکە خستە بەر باس.

هەڵسەنگاندنی دۆخی ئێستا و دوورەدیمەنی ڕاپەڕینی ژینا تەوەری سەرەکیی لێکدانەوەکەی بەڕێز کاک مستەفا هیجری بوو. بەڕێزیان بە ئاماژە بە ڕووداوی شەهیدکردنی ژینا لە تاران وەبیری هێنایەوە، ئەوە ئازایەتی و کۆڵنەدان، مافویستی و پەرچەکرداری خەڵکی کوردستان بەو جینایەتەی ڕێژیم بوو کە چەخماغەی ئەو شۆڕشەی لێ دا و دواتر ئەوە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی و بەها و بایەخە مرۆیی، سێکۆلار و ئازادیخوازەکانی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان بوو کە بووە ئیلهامدەری پەلهاویشتنی ئەو شۆڕشە بۆ سەرانسەری ئێران و هەروەها ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانیی دەوڵەت و ڕێکخراوە بیانی و کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان.

کاک مستەفا هیجری لەو بەشە لە لێکدانەوەکەیدا دوو فاکتەری گرینگی بۆ خولقاندنی ئەو دۆخە دەستنیشان کرد: یەکەمیان نەریتی خەباتگێڕی خەڵکی کوردستان و دەیان ساڵ خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەییە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کردووەتە کۆمەڵگەیەکی وریا و وشیار و سەرزیندووی سیاسی لە ئاستی ئێراندا؛ دووهەم یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات بوو کە هەم ئێعتبارێکی چەند هیندەی لە ئاستی کوردستان و ئێراندا بۆخۆی دەستەبەر کردبوو، هەم بووە دینامیزمی سەرەکی لە ڕاپەڕینی ژینادا. چونکی یەکگرتنەوەی دێموکرات و وەڕێکەوتنی شەپۆلە یەک لە دوای یەکەکانی ڕابوونی خەڵک لە هەموو شار و ناوچەکانی کوردستان سەلماندی کە کوردستان لە ڕووی هزر و پاشخانی سیاسی و هەڵسەنگاندنی دۆخ و وەرگرتنی بڕیاری بەوەخت و پێویستەوە پێشەنگ و ئیلهامدەرە. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کۆماری ئیسلامی زنجیرە هێرشێکی مووشەکیی قورسی دیکە بکاتە سەر بنکە و بارەگاکانی حیزب.

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب بەشداریی هەراوی ژنان و لاوان، قوتابییان و خوێندکاران، بازاڕی و کاسبکاران، مامۆستایانی ئایینی کورد، دیاسپۆرای کورد و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی ڕاپەڕینی ژینای کە بوونە هێما و سیمبول و شوناس پێدان بەو شۆڕشە بەرز نرخاند و، ئەو یەکگری و هاوپێوەندی و دەرکەوتنەی بە هەوێن و دەسمایەی بەبایەخی سەرکەوتنی خەبات و شۆڕشی خەڵکی لەقەڵەم دا. بەڕێزیان هەروەها پەلاماری مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکە و بارەگای حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە خاکی هەرێمی کوردستان و سەرکوتی خوێناویی خۆپێشاندانەکان لە کوردستان و جینایەتەکانی ڕێژیم لە کوشتوبڕ و منداڵکوژی و کوشتن لەژێر ئەشکەنجەی نەک بە نیشانەی هێز و دەسەڵاتی ڕێژیم، بەڵکوو بە نیشانەی ترس و فۆبیای ڕێبەرانی ڕێژیم لە ڕووخانی نیزامە سیاسییەکەیان لێک دایەوە.

کاک مستەفا هیجری لە کۆبەندی باسەکەیدا تیشکی خستە سەر ئەو بابەتە کە قۆناغی یەکەمی شۆڕشی ژینا کە هەرەسهێنانی یەکجاریی بنەما ئیدئۆلۆژییەکان و شەرعییەتی ڕێژیم و تەمابڕاوی لەهەر چەشنە چاکسازییەکی نێوخۆیی دەسەڵاتە کۆتایی هاتووە و، لە ئێستادا ئەرکی سەرەکی بەردەوامیی شۆڕشە و بەئاکامگەیشتنیشی لەگرەوی یەکگری و یەکڕیزیی هێز و لایەنە سیاسییەکان و چێبوونی جێگرەوەی کۆماری ئیسلامییە. بەڕێزیان گۆڕینی زێهنییەتی ئێرانییەکان لەسەر پرسی کورد و شکستی سیستیماتیکی پلان و پیلانەکانی دوو ڕێژیمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیی لە بەراوەژوو نیشاندانی دۆزی کورد بە دەسکەوتێکی گرینگ ناو برد و تیشکی خستە سەر ئەوە کە ئێستا کوردستان وەک بەهێزترین و بەڕێکخراوترین بەشی ئێران و پرسی کورد بە تایبەتمەندییەکانی خۆیەوە دەتوانێ ببێتە فاکتەرێکی گرینگ لە دروستکردنی هاوپەیمانییەکی مەیدانی بەدژی کۆماری ئیسلامی.

باس و لێکدانەوەکەی بەڕێز کاک مستەفا هیجری دواتر بە ڕا و سەرنجی بەشدارانی کۆبوونەوەکە دەوڵەمەند کرا و ئەو بەرچاوڕوونییەی لێ زیاد کرا کە ململانێی ئێستای نێوان خەڵک و کۆماری ئیسلامی، شەڕی ڕووناکی بەدژی تاریکی و شەڕی بایەخە مرۆییەکانی "ژن، ژیان، ئازادی" لە هەمبەر دۆگماتیزم و تاریکپەرستیی کۆماری ئیسلامییە و براوەی ئەو شەڕەش بە دڵنیاییەوە هەر خەڵکی مافخوازی کوردستان و کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانن.

بڕگەیەکی دیکەی باسەکانی کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزب چەند بابەتێکی نێوخۆیی حیزب بوو کە پاش تاوتوێ و هەڵسەنگاندنی هەرکام لەوان بڕیاری پێویستیان بۆ درا.

کۆبوونەوەی بەرینی ڕێبەریی حیزب پاش چەند سەعات باسی چڕوپڕ و پڕ بەرهەم لە کەشێکی پڕ هیوا و هۆمێد بە سەرکەوتن کۆتایی بە کارەکانی هێنا و بەشدارانی کۆبوونەوەکە بۆ شوێنی کار و ئەرکی پێسپێردراوی خۆیان گەڕانەوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی بەڕێوەبەری**
**١٧ی بەفرانباری ١٤٠١**

## مستەفا هیجری

# بەشێک لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن توتالیتێر و تەواوەتیخوازن

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دیمانەیەکدا لەگەڵ هەواڵدەریی "شەرقولئەوسەت" گوتی: "ئێمە لە ئێراندا لەگەڵ ڕێژیمێکی دیکتاتۆر و دواکەوتوو لە ململانێ‌داین، ڕێژیمێک کە هەر جۆرە ئازادییەک سەرکوت دەکات".

کاک مستەفا هیجری لە وتووێژەکەیدا پێداگریی لەسەر ئامانجی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردووەتەوە کە دامەزراندنی ئێرانێکی فیدراڵ، دێموکراتیک و سێکۆلارە و گەیشتن بەو ئامانجەش دەخوازێ کە لەگەڵ هەموو ئۆپۆزیسیۆنی دژبەری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکگرتوو بین. بەڕێزیان گوتی خەڵکی کوردستان و هەروەها هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئێران دەبێ حکوومەت و دەسەڵاتی خۆیان هەبێت و لە چوارچێوەی یاسایەکی بنەڕەتیی دێموکراتیکدا لە ئێران بژین و ئەو کاتەیە کە هەموو نەتەوەکانی ئێران، ئێران بە ماڵی خۆیان دەزانن.

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم ئێوە بە جیاییخواز دەزانن، گوتی: ئەو تۆمەتانە پێش لە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لەلایەن حکوومەتی پەهلەوییەوە بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داواکارییەکانی حیزبی دێموکرات لە ئێمە و بزووتنەوەی سیاسیی کورد دەدرا و ئێستاش کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک میراتگری ڕێژیمی پاشایەتی لەو تۆمەت لێدانەی بەردەوامە کە تەنیا بە مەبەستی لەباربردنی خەبات و شۆڕشی ئازادیخوازانەی گەلی کوردە لە چوارچێوەی ئێراندا دەکرێ. لەلایەکی دیکەشەوە ئەو تۆمەتە دەکاتە بیانوو بۆ سەپاندنی سزای قورس بەسەر چالاکانی حیزبی دێموکرات و هەروەها خەڵکی کوردستان لە دادگا نادادپەروەرەکانیدا.

کاک مستەفا هیجری لەسەر پرسی ئاڵترناتیڤ و جێگرەوە بۆ دەسەڵاتی ئێستای ئێران گوتی: ئەوە ڕاستییەکە کە بەداخەوە هێندێک ڕێکخراوی سیاسی لە ئێران "توتالیتێر"ن و ئەوان پێیان وایە کە بەتەنیایی دەتوانن کۆماری ئیسلامیی ئێران بڕووخێنن و حکوومەتێک بە خواست و ویستی خۆیان دابمەزرێنن، بەڵام دەبێ هەموو هێزە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران بە پلاتفۆرمێکی هاوبەشەوە لەگەڵ یەک هاوکاری بکەن و ئەو شۆڕشە لە چوارچێوەی داواکارییەکانی گەلانی ئێراندا ببەنە پێشەوە. بەڕێزیان لەسەر بارودۆخی ئێستای ئێران زیادی کرد: لە ئێستادا خاڵی بەهێزی ئەو شۆڕشە سەرتاسەرییە کە لە کوردستانەوە دەستی پێ کردووە و هەموو ئێرانی گرتووەتەوە ئەوەیە، کە ئەمجارە هەموو گەلانی ئێران یەکدەنگ و یەکدەست ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوونەتەوە و داوای مافە زەوتکراوەکانیان دەکەن.

کاک مستەفا لەسەر دوارۆژی ئەو ڕاپەڕینەی گەلانی ئێران گوتی: هەتا ئەوکاتەی شۆڕشی خەڵک بە شێوەیەکی یەکگرتووانە بەرەوپێش نەچێت، ئەگەری ئەوە هەیە کە کۆماری ئیسلامی بتوانێت بە سەرکوت و کوشتنی زۆری خەڵک بۆ ماوەیەک ئاگری ئەو شۆڕشە دابمرکێنێ، بەڵام بۆ بەردەوامبوونی ئەو شۆڕشە دوو خاڵ زۆر گرینگە، یەکەم ئۆپۆزیسیۆنی ئازادیخواز و دێموکراتی ئێران دەبێ لە بەرنامەیەکی هاوبەشدا ئەو خەڵکە ڕێبەری بکەن، دووەم دەبێ خەڵک خۆڕاگر بن و شەقامەکان چۆڵ نەکەن، چونکی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی پێویستی بە بەربەرەکانێی زۆر هەیە.

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب لەسەر دەورونەخشی ژنان بەتایبەتی ژنانی کوردستان لەو ڕاپەڕینەدا لە دیمانەکەدا تیشکی خستووەتە سەر ئەوە کە: ژنانی کوردستان لە ساتەوەختی یەکەمی ئەو ڕاپەڕینەوە هاودەنگ لەگەڵ ژنانی ئێران دژبە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ڕژاونەتە سەر شەقامەکان. لە ئێستادا ژنانی گەلانی ئێران بە تایبەتی ژنانی کوردستان لە سیاسەتی سەرکوتی هێزەکانی ڕێژیم ناترسن و من لەسەر ئەو باوەڕەم کە ژنان چالاکتر لە پێشوو بەگژ کۆماری ئیسلامیدا دەچنەوە و لە خەباتی خۆیان بەردەوام دەبن.

بەڕێزیان لە بەشێکی دیکەی وتووێژەکەیدا لەسەر هێرشی مووشەکیی سپای پاسدارانی ڕێژیمی تاران بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات گوتی: ڕێژیمی ئێران ناتوانێت بە مووشەکبارانکردنی بنکە و بارەگاکانمان دەنگی حیزبی دێموکرات و حیزبە سیاسییەکانی دیکە و گڕکانی ڕاپەڕین و خەبات لە نێوخۆی کوردستان کپ بکات.

## خالید عەزیزی

# لە مەسەلەی ئاڵترناتیڤدا وەلانانی حیزبەکان بەرهەمهێنانەوەی دیکتاتۆرییە

وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژێکدا لەگەڵ کاناڵی "کلمە"، لەبارەی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژبە دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیی ئێران گوتی: "بە خۆشحاڵییەوە لە ئێستادا هەموو گەلانی ئێران بە دروشم و ئامانجی هاوبەش کە نەمانی کۆماری ئیسلامییە لە ڕاپەڕینی ژینادا بەشدارن. لەو ڕاپەڕینە گشتییەی گەلانی ئێران دژبە دەسەڵات، سەرەڕای هەموو جۆرە سەرکوتێکی هێزەکانی ڕێژیم، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ٤٣ ساڵەی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا گەلانی ئێران بەبێ جیاوازی و یەکگرتووانە ڕووبەڕووی دەسەڵات دەبنەوە.

کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکە لە لێدوانەکەیدا تیشکی خستە سەر دەسکەوتەکانی ئەو ڕاپەڕینە مەزنە و گوتی: "کۆماری ئیسلامیی ئێران پێش لەو ڕاپەڕینە هەرکات لە کوردستان و بەلووچستان خۆپێشاندانێکی ناڕەزایەتی دەهاتە ئاراوە، ئەو نەتەوانەی بە جیاییخواز تاوانبار دەکرد و دەیگوت ناڕەزایەتییەکان دەستی دەرەکییان لە پشتە، بەڵام بەخۆشحاڵییەوە ئێستا ئەو ئیدیعایە مایەپووچ بۆتەوە و گەلانی ئێران یەکدەنگ ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی دەبنەوە".

وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە بەشێکی دیکەی دیمانەکەدا تیشکی وخستە سەر ڕۆڵی وڵاتانی جیهان لەهەمبەر ئەو ڕاپەڕینە گشتییە و گوتی: "لە ئیستادا هەموو وڵاتانی جیهان، کۆماری ئیسلامی لەهەمبەر سەرکوت، کوشتن، بەندکرانی خەڵکی ناڕازیی ئێران مەحکووم دەکەن". بەڕێزیان لەمەڕ یەکگرتوویی هەموو چین وتوێژەکانی کوردستان بەتایبەتی مامۆستایانی ئایینی لە پشتیوانیکردن لە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان گوتی: "لە مێژووی ٧٨ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتدا بەردەوام مامۆستایانی ئایینی و کەسایەتییە ئایینییەکان لە ڕێبەری حیزبدا بوونیان هەبووە و لە بزووتنەوەی میللی-دێموکراتیکی کورددا بەردەوام دەور و نەخشی مامۆستایانی ئایینی دیار بووە و بە خۆشحاڵییەوە لەم ڕاپەڕینەشدا یەکگرتوویی و ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی بە مەبەستی پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان زۆر دیار و بەرچاوە.

وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گوتیشی: "لە ئێستادا هیچ جۆرە کەلێنێکی هزری و نەتەوەیی لە نێوان ژنان، پیاوان، مامۆستایانی ئایینی، قوتابییان، خوێندکاران و بەگشتی هەموو چین و توێژەکانی کوردستاندا نییە و داواکاریی هەمووشمان ڕوو بە دەسەڵات هاوبەشە و داوای ئازادی و دێموکراسی و هەروەها جیایی دین لە دەسەڵات دەکەین. بەڕێزیان لەسەر پێویستیی دروستکردنی ئاڵترناتیڤ، یان جێگرەوەیەک بۆ کۆماری ئیسلامی تیشکی خستە سەر ئەوە کە: "ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین نابێ بە هیچ شێوەیەک ئیجازە بدرێ دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری لە ئێران بێتەوە سەرکار، دەبێ ئەحزابی سیاسیی کورد و ئێرانی هەموو هەوڵێکی خۆیان وەگەڕ بخەن و هەوڵ بۆ دامەزرانی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ بدەن، ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و لە داهاتوودا دەبێ هەموو نەتەوەکان خۆیان ببیننەوە. کاک خالید ئەوەشی گوت کە بە خۆشحاڵییەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە شێوەیەکی دێموکراتیک خۆی ڕێک خستووە و خۆی سازمان داوە و باوەڕی بە بڕیاری بەکۆمەڵ هەیە.

کاک خالید عەزیزی لەو وتووێژەدا پێی لەسەر ئەوە داگرت کە سەرکەوتن لە خۆڕێکخستن و یەکگرتوویی‌دایە و بۆیە دەبێ هەموو سازمان و ڕێکخراوەکان یەکگرتووانە هەوڵی دروستکردنی ئاڵترناتیڤێک بدەن، هەموو ڕێکخراو وسازمانەکان و کەسایەتییەکانی دەرەوەی وڵاتیش، هونەرمەندان، وەرزشوانان و کەسایەتییەکانی دیکە کە لە ئێستادا بوونەتە سیمای بەرچاوی ئەو ڕاپەڕینە، دەبێ هەوڵی خۆڕێکخستن و خۆگونجاندن لە بەرەیەکدا بدەن.

وتەبێژی حیزب لە بەشی کۆتایی دیمانەکەدا لەبارەی وەلانانی حیزبە سیاسیی دیکە لە داهاتووی ئێراندا گوتی: ئێمە بەپێی ئەو فەرهەنگە حیزبییە کە لە حیزبی دێموکراتدا جێگیر کراوە، ئەو مافەمان نییە هیچ حیزبێک وەلا بنێین و ئەو مافەش بە کەس نادەین پشتگوێمان بخات. ئەوە خەڵکە لە داهاتوودا لە کەشێکی دێموکراتیکدا بڕیار دەدا کە چ حیزبێک بۆی هەیە ڕێی بکەوێتە پارلمان و لە پێکهێنانی دەسەڵاتدا بەشدار بێت.

بەیاننامە

# هەلومەرجی ئەمڕۆی ئێران و ئەرکەکانمان

## (بە بۆنەی ٧٧ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە)



**خەڵکی قارەمانی کوردستان!**
**گەلانی ئازادیخوازی ئێران!**
**حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە خەباتگێڕەکان!**

٢ی ڕێبەندانی ١٤٠١ی هەتاوی (٢٢ی ژانوایەی ٢٠٢٣)، ٧٧ ساڵ بەسەر دامەزرانی کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد ڕادەبرێ. بەم بۆنەیەوە بەگەرمی پیرۆزبایی لە هەڵگران و درێژەدەرانی ئامانجەکانی ئەم کۆمارە لە کوردستان و، سەرجەم خەباتکاران و باوەڕمەندان بە ڕزگاریی پێکهاتە نەتەوەیی، ڕەگەزی و زمانی و ئایینیەکانی ئێران لە بندەستی و هەڵاواردن دەکەین.

یادکردنەوەی دامەزرانی کۆماری کوردستان بۆ حیزبی دێموکرات و بەگشتی بۆ نەتەوەکەمان گرینگییەکی تایبەتیی هەیە. ئێمە بە یادکردنەوەی کۆماری کوردستان، وەفاداریمان بە ئامانجەکانی ئەم کۆمارە دووپات دەکەینەوە و ڕێز لە پێشەنگبوونی بزوتنەوەی نەتەوەیی و دێموکراتیکی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕاگەیاندنی حکومەتێکی کوردی دەگرین؛ لایەنە بەهێز و جوانەکانی سیاسەت و کردەوەی ئەم دەسەڵاتە کوردییە لە ئاستی نێوخۆیی، لە پێوەندی لەگەڵ گەلانی ئێران و هێزە خەباتکارەکانی وڵات دژ بە ستەمکاریی ڕێژیمی پەهلەوی، هەروەها لەحاند بەشەکانی دیکەی کوردستان وەبیر دێنینەوە. کۆماری کوردستان یەکەم ئەزموونی مۆدێرنی زاڵبوونی کورد لە ئێران بەسەر چارەنووسی خۆی لە بەشێک لە نیشتمانەکەیدا بوو. کۆماری کوردستان توانی لە ڕووی داهێنانی هێماکانی سەروەریی نەتەوەیی، پەرەپێدانی هەست و بیری نیشتمانپەروەری و یەکگرتوویی کوردستان، خزمەت بە زمان و فەرهەنگی کوردی، ڕێزگرتنی کەمایەتییە ئایینی و نەتەوەییەکان، هاوخەباتی و هاوپەیمانی لەگەڵ گەلی ئازەربایجان و هێزە پێشکەوتووەکانی‌تری ئێران، و لە زۆر بواری دیکەدا سەرچاوەی خزمەتی گەورە و خستنەڕووی نموونەی بەرز بێ. ئەم وانانەی ئەزموونی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری کوردستان، دوای ڕووخانی ئەو کۆمارەش، وەک ڕێنوێن و ڕێنیشاندەری بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی کورد لە ئێران و لە سەرتاسەری کوردستان ماونەوە.

ئەم ساڵ ئێمە لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا کە سەرانسەری ئێرانی داگرتووە، یادی کۆماری کوردستان دەکەینەوە. ئێران، لە کۆتایی هاوینی ڕابردووەوە و بەدوای تاوانی شەهیدکردنی ژینا ئەمینی لەلایەن گەشتی بەناو ئیرشادەوە لە تاران، بووە بە گۆڕەپانی تەقینەوەی بێزاری و تووڕەیی خەڵکی وڵات بەرانبەر تەواوی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. ئەم تاوانە ڕاپەڕینێکی شۆڕشگێڕانەی لێکەوتۆتەوە کە چوار مانگە لە سەرانسەری ئێراندا لە ئارادایە. ئەم ڕاپەڕینە لەجیاتی بە ئامانجگرتنی ئەم یا ئەو قۆڵ و دەزگا و دامەزراوەی دەسەڵاتدار یان خستنەڕووی داوای سنووردار، سەرجەم ڕێژیم و خودی ڕێبەری ئەو ڕێژیمەی وەک ماکە و سەرچاوەی زوڵم و سەرەڕۆیی لە ئێران بەئامانج گرتووە و داوای ڕووخانی دیکتاتۆری دەکا. ژنان و کچان، خوێندکاران و قوتابیان، نەتەوە بندەستەکانی ئێران، کرێکاران، مامۆستایان، هونەرمەندان و وەرزشکاران و، توێژە هەژار و هەرە بێبەشەکانی وڵات، بە دەستی بەتاڵ بەڵام بە ئیرادەیەکی بێوێنە هاتوونە مەیدان. ڕێژیمی تاریکی و تیرۆر و تاوان هەموو هێزی سەرکوتی خۆی بۆ بێدەنگکردن و تێکشکاندنیان بەسیج کردووە و دەستی بۆ هەموو جۆرە جینایەتێک ئاوەڵا کردوون، بە جۆرێک کە زیاتر لە ٥٠٠ کەس لە خۆپێشاندەران شەهید بوون، بە هەزارانیان بریندار و نەقوستان بوون، نزیک بە ١٨ هەزار کەسیان دەستبەسەر کراون و لەژێر لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدان، ژمارەیەکیان بە هۆی سزای ئێعدام و دەیان کەسیشیان بە هۆی ئەشکەنجەوە گیانیان لێ ئەستێندراوە. بەڵام خەڵکی ڕاپەڕیو کۆڵیان نەداوە و بەوپەڕی ڕاشکاوی و بە شێوازی جۆراوجۆر، هەروا لە مەیداندان و لەسەر ویستی ڕەوای خۆیان سوورن.

لەو ماوەیەدا، خامنەیی و زۆر لە فەرماندەرانی سوپای تێرۆریستیی پاسداران، پەیتا پەیتا لەبارەی ئەم ڕاپەڕینە بێ‌وێنەیە لێدوانیان داوە. ئەوان وەک هەمیشە، هاتنەسەرشەقامی خەڵکی ئێرانیان بە دنەدان و دەستێوەردانی بە وتەی خۆیان وڵاتانی دوژمن و هێزە جیاییخوازەکان گرێ داوەتەوە. ڕاشیانگەیاندووە کە کۆتاییان بە ڕاپەڕینەکە هێناوە. سەرانی ڕێژیم بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی پێشەنگانەی خەڵکی کوردستان لەم ڕاپەڕینەدا و بە ئاگاداریی لە خۆشەویستی و کاریگەریی حیزبی دێموکرات و ڕێکخراوە سیاسییەکانی‌تر لەسەر ئەم خەڵکە، هەر لە دەسپێکی ڕاپەڕینەکەدا، بنکە و کەمپەکانی ئەو حیزبانەیان لە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستان، دایە بەر هێرشی مووشەکی و درۆنەکانیان. ئەم دەستدرێژی و تاوانخوڵقێنییەشیان شانبەشانی گوشارهێنانی سیاسی بۆ سەر حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەتا ئێستا چەند جار دووپات کردووەتەوە و لەسەر هەڕەشەکانیان لەم بارەیەوە بەردەوامن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە حەفتاوحەوتەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا بە پێویستی دەزانێ پوختەی ڕوانگەکانی خۆی لەبارەی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ئێستا و ئەرکە هەنووکەیی و هەرە گرنگەکانی چین و توێژەکانی خەڵک و هێزە سیاسییەکانی ئێران وەبیر بێنێتەوە:

ڕاپەڕینی ئەمجارە کە بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" دەناسرێتەوە و ژنان لە ڕیزی هەرە پێشەوەیدان، بەرهەمی چل و سێ ساڵ دڕندەیی و ناکارامەیی کۆماری ئیسلامی و ئەزموونوەرگرتنی خەڵکی ئێران و هێز و بژاردەکانی نەیاری ئەو ڕێژیمەیە. ئەم ڕاپەڕینە، داواکاری ڕووخانی ڕێژیمە نەک ڕێفۆرم لە چوارچێوەی ئەودا؛ سەرانسەری ئێرانی داگرتووە نەک تایبەت بێ بە ناوچەیەکی دیاریکراو. بە بەراورد لەگەڵ ئاخێزە جەماوەرییەکانی پێشوو، بەرفراوانترین و درێژماوەترین ئاخێزی خەڵکە و زۆرترین چین و توێژ بە یەکگرتوویی تێیدا بەشدارن.

ناوچە و شار و پارێزگاکانی نەتەوە بندەستەکان، بەتایبەتی کوردستان و بەلووچستان، هەروا کە لە شێلگیری و بەردەوامی لە خۆپێشاندانداندا لە ڕیزی پێشەوەدان، لە قوربانیدانیشدا، زۆرترین پشکیان بەرکەوتووە. ئەوەی لە سەرکوتی خەڵک لەم ماوەیەدا لە کوردستان و بەلوچستان شایەتی بووین، شەڕی بێڕەحمانەی هێزە چەکدارەکانی حکوومەت بە کەرەستەی جەنگییەوە لەدژی خەڵکی بێدیفاع، بەڵام بەورە و ئیمانێکی پۆڵایینەوە بووە. خەڵکی بەشەکانی تری ئێران، نەک هەر فریوی هاتوهەرای ڕێژیم لە بارەی جیاییخوازبوونی ئەو نەتەوانەیان نەخواردووە، بەڵکوو بە ئەمەگناسییەوە لە خۆڕاگری وبەرخۆدانی ئەوانیان ڕوانیوە و، زۆرترین هاوپێوەندی و پشتیوانییان لەگەڵ وان دەربڕیوە. لەسەریەک، نەک هەر هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ لێکدابڕینی پێکهاتەکانی خەڵکی ئێران پووچەڵ بووەتەوە، بەڵکوو یەکگرتووییەکی بێوێنە بەدژی کۆماری ئیسلامی لە کۆمەڵگەی ئێراندا دروست بووە.

ڕاپەڕینی بوێرانەی خەڵک لە نێوخۆی وڵات، یەکگرتوویی و هاودڵییەکی بێوێنەی لە نێو میلیۆنان ئێرانیی دەرەوەی وڵاتیش پێکهێناوە و بووە بە سەرچاوەی چالاکیی سیاسیی جۆراوجۆر. لە ئاکامدا کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و مرۆڤدۆستە نێودەوڵەتییەکان، زۆرترین هاوسۆزی و هاوپێوەندییان لەگەڵ خەڵکی ڕاپەڕیو لە نێوخۆی ئێران نواندووە. وازهێنانی وڵاتانی ڕۆژاوایی لە وتووێژەکانی تایبەت بە ڕێککەوتننامەی بەرجام، چوونی ژمارەیەکی زیاتر لە کاربەدەستان و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بۆ نێو بازنەی گەمارۆکانی ڕۆژاوا، وەدەرنرانی ئەو ڕێژیمە لە کۆمیسیۆنی ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان و بڕیاری پێکهێنانی کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان لە بارەی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی، و بە تێرۆریستناساندنی سپای پاسداران لەلایەن پارلمانی ئورووپاوە بەشێکن لە دەسکەوتەکانی پشتیوانیی جیهانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران.

ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ئێران لە کاتێکدا خەریکە پێ دەنێتە پێنجەمین مانگ لە بەردەوامیی خۆی کە نە لە نێوخۆی وڵات و نە لە دەرەوەی وڵات، ئاسۆیەکی ڕوون لە بەردەم چارەنووسی کۆماری ئیسلامیدا بەدی ناکرێ. دەستتێکەڵکردنی ئەو ڕێژیمە لەگەڵ ڕووسیەی دەستدرێژکەر و هاوبەشی لە شەڕی ئۆکرایندا، بەردوامبوون و پەرەپێدانی هەوڵە تیرۆریستییەکانی لە ناوچە و ئورووپا و ئەمریکا، خێراترکردنی هەوڵە گوماناوییەکانی بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی، هەمووی ئەمانە لەگەڵ کارنامەی ڕەشی ئەم چەند مانگەی لە دڕندەیی نواندن بەرامبەر خەڵکی ڕاپەڕیو هاوکات بوون. هەروەها پرسی ناساندنی سپای پاسدارانیش بە ڕێکخراوێکی تێرۆریستی لەلایەن ئورووپاوە لە تەواوەتی خۆیدا، لێکەوتەکانی بە زیانی ئەو ڕێژیمە تەواو دەبن.

لە نێوخۆی وڵاتیش، سەرەڕای ئەو هەمووە دڕندەییەی هێز و دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم و ئیددیعاکانیان لەبارەی کۆتایی‌هاتنی ڕاپەڕینی خەڵک، ڕۆژ نییە دەیان نموونە لە کۆبوونەوە، چالاکی و درووشمی دژبە دیکتاتۆری، بەتایبەتی لە ڕێوڕەسمەکانی یادکردنەوەی شەهیدانی ئەم ڕاپەڕینەدا، خۆی نەنوێنێت. بە شایەتیی دانپێدانانە ئاشکرا و نهێنییەکانی سەرانی ڕێژیم، ئەوەی جار بە جار زیاتر هەستی پێدەکرێ، ماندوویی و داماوی و هەڵوەرین لەنێو هێزەکانی ڕێژیم و تەنیا مانەوەی خامەنەیی و دەستوپێوەندەکانی تەنانەت لەنێو مۆرە درشتەکانی نێو بازنەی ڕێژیمدایە. ئەوەی دەبینرێ، شکستی ئابڕووبەرانەی پیلانەکانیان بۆ وەستاندن، بەلاڕێدابردن و سەرپۆشدانان لەسەر ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی خەڵکە. ئەمانە لە لایەک، لێبڕاویی خەڵک و پەیوەستبوونی ڕۆژبەڕۆژ زیاتری کەسایەتییە زانستگایی، هونەری و وەرزشییەکان بە بەرەی خەڵک لە لایەکی تر، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن کە ئەم ڕاپەڕینە تا کۆتاییهێنان بە دیکتاتۆریی ئاخوندی ڕاناوەستێ.

نەهاتییەکی تری کۆماری ئیسلامی لەم هەلومەرجەدا، داڕووخانی زیاتری ئابووری، دابەزینی بێ‌وێنەی نرخی دراوەکەی و داماوبوونی لە دانی مووچەی مانگانەی مامۆستایان و کرێکاران؛ داماوی لە دابینکردنی سەرەتاییترین پێویستییەکانی ڕۆژانەی خەڵک بەتایبەتی نان و سووتەمەنی و دەرمانە. بودجەی ساڵی ١٤٠٢ی دەوڵەتی ڕەئیسی، کەمترین بایەخ بە کێشە بنەڕەتییەکانی خەڵک دەدا و زۆرترینی بۆ سوپای تێرۆریستی پاسداران، وەزارەتی ئیتلاعات، دەنگوڕەنگی ڕێژیم، هێزە ئینتیزامیەکان، بەسیج و ڕێکخراوی زیندانەکان تەرخان کراوە. ئەمەش پشتڕاستکردنەوەی ئەم قسەیەیە کە کۆماری ئیسلامی، خۆی بەرەوڕووی لافاوی ڕووخان دەبینێ و بێجگە لەو هێز و دامودەزگایانەی بۆ سەرکوتی خەڵک پێویستی پێیانە، هیچ شتێکی تری بۆ گرنگ نییە.

ئێمە وەک حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، خۆمان بە بەشێکی چالاک لەو ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕانەیەی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی دەزانین. خەڵکی کوردستان بە ڕێنوێنیی هێزە سیاسیەکانی ڕێکخەری بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی کوردستان هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە، ئەم ڕێژیمەی بەهۆی نێوەرۆکی کۆنەپەرستانە و دژەمرۆیانەی ڕەت کردەوە، و ٤٣ ساڵە لەبەرامبەر سیاسەتەکانیدا ڕاوەستاوە. لەم ڕاپەڕینەی ئێستاشدا کوردستان لە ڕیزی هەرە پێشەوە و هەوێنبەخشی سەرجەم ئێرانە. ئێمە لە ئاست شەهیدانی ئەم ڕاپەڕینە لە کوردستان و سەرانسەری ئێران سەری ڕێز دادەنوێنین. شانازی بە ورەبەرزی، هەڵوێست و پەیامی شۆڕشگێڕانەی بنەماڵەکانیان و هاودەردی و هاوپشتیی خەڵک لە گەڵ بنەماڵەی شەهیدان، بریندارەکان و گیراوەکان دەکەین. ڕێز و پێزانینی تایبەتمان هەیە بۆ مامۆستایانی ئایینیی کوردستان کە لەو ماوەیەدا هیچ حیسێبێکیان بۆ بەڵێنی بەدرۆ و هەڕەشەکانی کاربەدەستانی ڕێژیم نەکردوە و وەک هەمیشە لەگەڵ خەڵکی خۆی بووە.

داوای ئێمە لە خەڵکی کوردستان و سەرانسەری ئێران، پاراستن و بەهێزکردنی ئەم یەکگرتوویی و هاوپێوەندییەیە کە زۆرترین ترسی خستووەتە هەناوی ئەم ڕێژیمەوە و خەریکە دەسەڵاتی نگریسی ڕادەماڵێ. لەم پێوەندییەدا بە ڕاشکاوی ڕووی قسەمان دەکەینە نەتەوەکانی‌تری ئێران، دانیشتووانی شارە گەورەکانی وڵات، ئەو چین و توێژانەی هێشتا بە کردەوە نەهاتوونە نێو ڕاپەڕینەکە و، داوایان لێ دەکەین قۆڵی هیممەتی لێ‌هەڵماڵن و بێنە مەیدان. ئامانجی سەرەکیی ئەم ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕانەیە کۆتاییهێنان بە تەمەنی پڕلەتاوانی کۆماری ئیسلامییە؛ دروستکردنی داهاتوویەکە کە سەرجەم پێکهاتەکانی ئێران تێیدا نەمانی چەوسانەوە و هەڵاواردن بە چاوی خۆیان ببینن و هەست بە ڕێز و کەرامەت و دابینبوونی مافەکانیان بکەن. ئەم ئامانجانە تەنیا بە بەشداریی گشتی و جەماوەریی خەڵک لەم ڕاپەڕینەدا دەگەنە ئەنجامی دڵخواز. بە وەڕێخستنی مانگرتنی سەرانسەریی کرێکاران، بە پەکخستنی سەرچاوەکانی داهاتی ڕێژیم، بە گواستنەوەی بەربەرەکانیی سەرشەقام و نێوکۆڵانەکان بۆ تاران و شارەگەورەکان، بە وازهێنانی ئەو کەسانەی لە دامەزراوەکانی ڕێژیم بەتایبەت هێزە سەرکوتکەرەکاندا خزمەت بەو سیستەمە جەهەنەمییە دەکەن، ئەم ڕاپەڕینە بەسەرکەوتنی یەکجاری دەگا.

یەکێک لە گرنگترین ئەرکە هەنووکییەکان، دروستکردنی یەکگرتن و هاوپەیمانەتییەکی سەرانسەریی هێز و ڕێکخراو و کەسایەتییەکانی ئۆپۆزیسیۆنە. یەکگرتنێک کە لە سەر بناغەی ئامانجە هاوبەشەکان بێت و پێکهاتنی شوورا یا ناوەندێک بۆ پشتگیری و هاوکاریی ڕاپەڕینی خەڵک لە نێوخۆی ئێران و ئامادەکردنی زەمینە بۆ قۆناغی گواستنەوەی لێ بکەوێتەوە. ڕووداوێکی ئەوتۆ ڕۆڵێکی گەورەی لە پێکهێنانی هاوهەنگاوی لەنێو خەڵکی ڕاپەڕیوی نێوخۆ و دانی گەشبینی و دڵنیایی بەوان لە بارەی ئەلترناتیڤی داهاتوویدا دەبێ. هەروەها لەبارەی ڕاکیشانی زۆرترین پشتیوانیی جیهانی بۆ ئەو ڕاپەڕینە و ستاندنەوەی کورسیی نوێنەرایەتیی ئێران لەو ڕێژیمە لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان، کاریگەریی حاشاهەڵنەگری دەبێ. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کاتێکدا لەسەر ئەم پێویستیە پێدادەگرێتەوە، پێشوازی لە مەنشوورێکی هاوبەش و ئیئتیلافێکی سەرانسەریی ئەوتۆ دەکا کە ئامادەیی داننان بە جۆراوجۆریی ئەتنیکی و قبووڵی مافە نەتەوەییەکانی ئەوان و ملڕاکێشان بۆ جێگە و پێگەی شیاو بۆ نوێنەرایەتیی سیاسیی خەڵکی کوردستانی هەبێ.

یادی دووی ڕێبەندان و دامەزرانی کۆماری کوردستان باشترین ڕێنوێنی خەباتی ئێمە لە هەلومەرجی ڕاپەڕینی ئێستای خەڵکی ئێراندایە. کۆماری کوردستان هەر تەنیا بۆ وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد دانەمەزرابوو، بەڵکوو هاوکات حەرەکەتێکی دێموکراسیخوازانەش بەدژی دیکتاتۆریی شاهەنشاهی و بۆ پیادەکردنی کۆمەڵێک بەهای ئینسانی و شارستانی بوو. خەباتی ئەمڕۆ و ئێستاشمان هاوکات بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلەکەمان و دروستکردنی چوارچێوەیەک لە هاوپێوەندی و پێکەوەژیان لە ئێران‌دایە. چوارچێوەیەک کە بنەماکەی دێموکڕاتیک و قبووڵی فرەنەتەوەیی و فرەچەشنی لەو وڵاتەدا بێ. کۆماری کوردستان لە عەینی جێبەجێکردنی خەونی سەروەریخوازانەی کورددا، ئامادەیی مامەڵەی بنیاتنەری لەگەڵ ئەکتەرەکانی دیکەی گۆڕەپانی سیاسەتیش لە ئێراندا هەبوو. ئەمڕۆش حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، وێڕای ئەولەوییەتی خەبات بۆ ویستی نەتەوەیی گەلەکەمان و بەهێزکردنی بلۆکی کوردی، لێبڕاوە هەتا لەسەر ئاستی ئێرانیشدا یارمەتی بە وەدیهاتنی داهاتوویەکی دێموکڕاتیک بکا کە هەموو پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە بەتایبەتی نەتەوە بندەستەکان خۆیانی تێدا ببیننەوە.

سڵاو لە یادی دووی ڕێبەندان و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان.

سڵاو لە شەهیدانی ڕێگای ئازادی لە کوردستان و لە ئێران.

سەرکەوتن بۆ ڕاپەڕینی یەکگرتووی گەلانی ئێران بۆ کۆتایی‌هێنان بە کۆماری ئیسلامی.

**حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی بەڕێوەبەری**
**٣٠ی بەفرانباری ١٤٠١ ی هەتاوی**

# شۆڕشی ژینا بەگوڕە و وەستانی نییە





برایم جەهانگیری

شۆڕش و ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژی فاشیزمی مەزهەبی وەستانی نییە، دوای چەند هەوراز و نشیوی خۆپیشاندان و ڕاپەڕینی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران بەگشتی و خەڵکی کوردستان بەتایبەتی سەرکوتی بێڕەحمانەی ئەم دواییانەی ڕێژیم ئارامی و بێدەنگییەک باڵی بەسەر وڵات داکێشا و زۆر کەس نیگەران بوون کە ئەو ڕاپەڕینانە ئیتر کۆتاییان هاتووە و ڕێژیم جارێکی دیکەش دەسەڵاتی ڕەشی بەسەر وڵاتدا بەدەستەوە گرتۆتەوە.

ئەو لێکدانەوەیە و ئەو نیگەرانییە نابێ لە جێی خۆیدا بێ، چونکی بۆ هەموو شۆڕشێک سێ مەرجی سەرەکی پێویستە، کە ئەو سێ مەرجە وەک پێی دەگوترێ "هەلومەرجی شۆڕشگێڕی" کاتی هات ئیتر شۆڕش ئەگەرچی جاروبار کز و نزمونەوی دەبێ بەڵام تازە بەری پێ ناگیرێ. هەلومەرجی شۆڕشگێری ئەگەرچی مەرج گەلێک بوون کە زیاتر چەپەکان باوەڕیان پێی بوو، بەڵام ئەو بابەتەش وەک زۆر سەرنج و تێبینی دیکەی چەپەکان ڕاست بووە.

لێنین سێ مەرجی سەرەکی بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین وەک "هەلومەرجی شۆڕشگێڕی" دانابوو:

١- خەڵک بە شێوەی ڕابردوو نەیانهەوێ بژین و ئامادە نەبن چیدیکە بچنە ژێر فەرمانی حکوومەت و ڕێژیمیش وەک پێشووی بۆی بووز نەخوا و نەتوانێ وەک بەرێ بە ترساندن وتۆقاندن و درۆ و سیناریۆسازی بەسەر خەڵکدا حکوومەت بکا.

٢- گرفت و چارەڕەشیی خەڵک و گوشاری لەڕادە بەدەری حاکمان بۆ سەر خەڵک. ئەوە ئەو خاڵەیە کە ئیتر خەڵک چەقۆی دەگاتە سەر ئێسقان و لە هەموو ڕوویەکەوە تامی ژیان لای نامێنێ و وەک دەڵێن مردنی پێ لەو ژیانە شەریفتر دەبێ و بۆیە بڕیار دەدا بەگژ دەسەڵاتدا بچێتەوە.

٣- بەو دووهۆکارەی سەرەوە خەڵک لەپێناو ئازادیدا ئامادەی گیانبازی دەبێ و ترسی لە حاکمان نامێنێ. نەمانی ترس یەک لە هۆکارە هەرە گرینگەکانە کە خەڵک ئیدی ئامادەی هاتنە سەرشەقام دەبێ و ئەو دیوارە ترسە دەشکێنێ کە چەندین ساڵ دەسەڵاتی دیکتاتۆر وەک پەردەیەکی لێڵ و تاریک بەزەبری هێز بەسەر بیر وزەینی خەڵکدا سەپاندوویەتی.

دیارە خاڵی سێهەم خاڵی یەکلاکەرەوەیە و کاتێ ئەوە خاڵە لە هەر شۆڕشێکدا بەدی کرا ئیتر نیشانەکانی شۆڕش و هەوڵی گۆڕانکاریی قووڵی کۆمەڵایەتی لەلایەن خەڵکەوە دەچێتە بواری جێبەجێکردن وئەمە یانی دەسپێکی شۆڕش و ڕاپەڕین و بڕیاڕی گەڵ بۆ ئاڵوگۆڕی جیدی لە ژیان و گوزەرانی خۆیان و حاکمانیشدا. کە وایە بەپێی ئەو ئەسڵانەی سەرەوە و بەو ئاماژە کورتە ئێستا ئیدی شۆڕشی ژینا لە قۆناغی سێهەمی یەکلاکەرەوەدایە، ئەو قۆناغە چەندە دەبات، دوو هەفتە، مانگێک ، دوو مانگ یان ساڵێک و هتد ئەمە بەندە بە ڕێژەی بەشداریی خەڵک لەسەر شەقام و هەڵوێستی ئەو کەسانەی سەر بە ڕێژم کە ئایا لەو دەسەڵاتە هەڵدەگەڕێنەوە و دێنە بەرەی خەڵک یان نا؟

لە هەموو شۆڕشەکانی دنیادا تەنیا کاتێک خەڵک توانیوێتی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بڕووخێنێ کە توانیبێتی هێزە سەرکوتکەرەکان و سوپای ئەو وڵاتە دەگەڵ خۆی بخات، ئەگەر نا ئەو شۆڕشە تووشی گرفتی سەرەکی دەبێ و هیچ لایەک کۆتا نایەن و لەوحاڵەتەدا شەڕی نێوخۆ دروست دەبێ. بۆیە زۆر گرینگە کە شۆڕشگێران کار لەسەر ئەو هێزانە بکەن کە کۆڵەکەی پاراستنی دەسەڵاتن. ڕێژیم کە ئەوانی لێ بتەکێتەوە دەستبەجێ وەک کەلاوەب ەسەر یەکدا دەتەپێ، چونکی پێگەی کۆمەڵایەتیی نییە و تەنیا پشتی بە هێزە سەرکوتکەرەکان بەستووە.

هەر شۆڕشە و لە مێژوودا تایبەتمەندی و نیشانەیەکی دیاری هەبووە. بۆ نموونە ئەگەر لە بەهاری عەرەبیدا و لە تونس محەممەدێک بە ئاگربەردان لە جەستەی چەخماغەی شۆڕشی تونسی لێ دا، لە کوردستان شەهیدکردنی ژینای کوردان و ناشتنی تەرمی ژینا بە ئاپۆرای هەزاران کەسی و دروشمی وێرانگەری مەرگ بۆ خامنەیی بوو بە چەخماگەی ئەو شۆڕشەی ئێستا کە لەودا کورد ڕۆڵی سەرەکیی تا ئەم دەموساتەش بینیوە و دیارە خەساری گەورەشی وێ کەوتووە، بەڵام بێگومان نەخش و کاریگەریی ڕاپەڕینی شەقامی کوردستان بۆ ڕووخانی ئەو ڕێژیمە لە مێژوودا دەبێتە ملوانکەیەکی زێڕین کە هیچ کەس لە جیهان و لە ئێرانیشدا ناتوانێ لەبیری بکات.

بەڵێ شۆڕشی ژینا خاویش بێتەوە، کورد گوتەنی وەک ئاگری بن کایە وایە و بە دڵنیاییەوە بەهێزتر لە پێشوو سەرهەڵدەداتەوە و تۆماری ئەو ڕێژیمە کۆنەپەرەست و دژی گەلییە بۆ هەمیشە تێکەوە دەپێچێ.

---

**دوکتور با بەو پرسیارە دەست پێ بکەین کە مێژووی هەوڵدان بۆ دێموکراسی و دەسەڵاتی یاسا لە ئێران بۆ زیاتر لە سەت ساڵ دەگەڕێتەوە، لە سەردەمی مەشرووتەوە هەتا ئێستا. بەڵام دێموکراسی لەو وڵاتە جێگیر نەبووە. لە ڕوانگەی بەڕێزتانەوە لەمپەرەکانی بەردەم دێموکراسی لە ئێران چین و کامانەن؟**


ئەگەر مەبەستت ئێران وەکوو دەوڵەتێکی سەربەخۆیی سیاسی بێ، لە ئێران چەندین جار هەوڵ دراوە دێموکراسی وەکوو نەهادێک دابمەزرێنن. وەلی ئەو نەهادە هیچ کات خۆی نەگرتووە. یانی مەسەلەن ئەگەر تەماشای شۆڕشی مەشرووتە ١٩٠٥ بکەین، لەو دەوریدا هەوڵ دراوە کە دەسەڵاتی حاکم کە شا بووە کەم کەنەوە و خەڵک بخەنە نێو پرۆسەی سیاسی و دامەزراوەی بۆ دروست بکەن، بەڵام نەیگرتووە.

لە ساڵی ١٩٠٦ کە یاسای بنەڕەتی پەسەند کراوە، لە ساڵی ١٩١٢ ئیستبدادی سەغیرمان هەبووە، لە پەراوێزەوە بەختیارییەکان و ئازەرییەکان هاتوون تارانیان گرتووە و دیسان دایانمەزراندۆتەوە. بەڵام لە دواییدا شەڕی یەکەمی جیهانی هاتووەتە پێش و پاشان لە ١٩٢٦ ڕەزاشا دەسەڵاتی خۆی سەپاندووە. لە نێوان ساڵانی ١٩١٤ تا ١٩٢٦ تا ڕادەیەک لە ئێران دەسەڵاتێکی ئەوتۆ نییە و فەرهەنگێک کە پێویست بوو دابمەزرێ و بنیات و بنەماکانی یاسادانان و کولتووری دێموکراسیی لەسەر دابندرێت، ئەو فەرهەنگە دروست نەکرا. ڕەزاشا بۆخۆیشی هەوڵی دەدا هەموو دەستکەوتەکانی دێموکراسی لەنێو بەری و یاسای بنەڕەتیی هەڵپەسارد و دیکتاتۆرییەتی جێگیر کرد و ئامانجی لەو دیکتاتۆرییە، نوێکردنەوە و مۆدێرنیزاسیۆنی ئێران لە سەرەوە بوو. بژاردەیەکی خوێندوار کە دەبوو ببن بە بنەمای فەرهەنگێکی دێموکراسی، چوونە ژێر حوکم و سووڵتەی ڕەزا شا. بەمجۆرە فەرهەنگێکی دێموکراتیک هیچ کات دروست نەکرا و کە دروستیش نەکرا دەبینین ناسیۆنالیزمی ئێرانی، کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم و ئیدی هاتن و ئەوانەش هەوڵیان دا بنەمایەکی ئیدیۆلۆژیک دابمەزرێنن و بەپێی ئەوە، سیستمێکی فکری و سیاسی بێنە پێشێ کە ئەو سیستمە هەر لەسەر بنەمایەکی ئیستبدادی کە داندرابوو، دامەزرا. مەبەستم ئەوەیە ئێران چەندین جاری هەوڵی بۆ دێموکراسی داوە و ئەو کارانە کراون، بەڵام هیچکاتێک ئەو فەرهەنگە دێموکراتیکە نەبووە. ئەگەر تەماشا بکەین لە ئێران هەر کات دەوڵەت کز بووە یان کەوتووەتە پەراوێزەوە، فەرهەنگێکی دێموکراسی گەشەی کردووە. وەکوو خەرمانانی ساڵی ١٣٢٠ کە ڕەزاشا لەسەر وەلانرا یان ساڵانی ١٣٢٥ -١٣٢٦ کە حکوومەتی ئێران زۆر لاواز بوو، ئێمە لەو سەروبەندەدا دەبینین کە دێموکراسی گەشەی کردووە. هەروەها لە سەردەمی موسدیق و پاشان لە دەورەیەکی زۆر کورت بەهۆی ئیسلاحاتی ئەرزی و ئەوانە و لە دوایەش ماوەیەکی کورتی پاش شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی. بەڵام تەواوی ئەو ڕووداوانە کە پێش هات، فەرهەنگی دێموکراتیکیان لەسەر دانەمەزرا.

دانەمەزرانی فەرهەنگی دێموکراتیک لە ئێران هۆکاری زۆرە. بەڵام هۆکاری بنەڕەتی ئەوە بووە کە ئێران هیچ کاتێک ئیلیتێکی دێموکراتیک یا گرووپێک، یان بڵێین چینێکی دێموکراتیک، چینێکی نوخبەی دێموکراتیک لە ئێران، هیچکات نەبوون کە نەیانەوێ نەچنە ژێر سوڵتەی دەسەڵاتی سیاسی و نەبن بە ئامرازی دەسەڵاتی سیاسی. گەلانی ئێران هەمیشە تینووی دێموکراسی بوون، بەڵام هیچ کاتێک ڕێبەرایەتیی ئەو ئیلیتەیان نەبوو کە بتوانن ئەو فەرهەنگە دێموکراتیکە لە ئێراندا دروست بکەن. مەسەلەن ئێوە سەیر بکەن ئاڵمانی مۆدێڕن کە لە ساڵی ١٨٧٠ دامەزرا بە دەست بیسمارکەوە بوو. دێموکراسی لەژێر سوڵتەی گشتیدا هاتووتە پێش، وەلی سەقامی نەگرتووە. پاش شەڕی یەکەمی جیهانی ئاڵمان ڕووخاوە، دێموکراسی وایمار زۆر سیستمێکی باش بووە و دامەزراوە، بەڵام هێزی نەبووە. پاشان هیتلێر هاتووەتە سەر کار و پاش شەڕی دوویەم لە ئاڵمان، ئیلیتێکی دێموکراتیک کە ئەزموونی فاشیزمی هەبووە، نەچووە لە سەرەوە ئیقتدارێکی غەیرە دێموکراتیک و دەسەڵاتێکی ناوەندگەرا دروست بکا. بەرەو ئەوە ڕۆیشتووە حکوومەتێکی فیدراڵ بنیات بنێ، بەرەو ئەوە ڕۆیشتووە ئیلیتێکی دێموکراتیک بێنی و ئەوانە لە دەسەڵاتدا کار بکەن و ئەو فەرهەنگە دێموکراتیکە کە لەوێ هەیە، بەڕاستی مێژوویەکی وا دووروودرێژیشی نییە ئەساسەن، غەیری ئەو ١٤ ساڵە کە کۆماری وایمار هەبووە لە ساڵی ١٩١٩ تا ١٩٣٣ ئاڵمان ئەزموونی دێموکراسی تا پاش شەڕی دوویەمی جیهانیی نەبووە.

عەینی ئەوە دەتوانین لەبارەی ژاپۆندا بڵێین. ژاپۆن پاش ١٩٤٥ ئەو کارەی کرد. ئەو دوو وڵاتە ئەم بژاردەیەیان هەبووە، ئەو بژاردەیە کە زانیویەتی دەسەڵاتی ناوەندگەرا، زەبروزەنگ و مۆدێڕنیزەکردنی لە سەرەوە ڕا بە زۆر و بە زەبروزەنگ وڵام ناداتەوە. ئەوانە ئەم دەسەڵاتە دێموکراتیکەیان داناوە، بەڵام لە ئێران ئێمە بەداخەوە هیچکاتێک ئەو بژاردەیەمان نەبوو کە ئەو فکرە بکاتەوە و نەچییەتە ژێر هەیمەنەی دەسەڵاتەوە.

---



## د. عەباس وەلی:

# ئێمە ناچینە نێو هاوپەیمانییەک جیاوازییەکانمان بسڕێتەوە و شۆناسی ئێمەی تێدا بزر ببێت

ئاماژە: شۆڕشی ژینا لە چوار مانگ بەردەوامیی خۆی نیزیک دەبێتەوە. قۆناغی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەو شۆڕشە تێپەڕیوە و لە ئێستادا پرسی ڕۆژەڤ هاوپەیمانی و دروستکردنی ئالترناتیڤ بەدژی کۆماری ئیسلامییە. سەنگ و قورسایی کورد لە هاوکێشەکانی ئێستای ئێراندا چەندەیە؟ پرسی شوناسی نەتەوەیی لە هاوپەیمانییەکاندا چۆن دەبێت؟ دێموکراسی لە ئێران چۆن بیچم دەگرێ و سەقامگیر دەبێت. بۆ وەڵامدانەوە بەو پرس و پرسیارانە و چەند بابەتێکی تر وتووێژێکی لەگەڵ پرۆفیسۆر دوکتور عەباس وەلی پێکهێناوە:

**پاش پتر لە ١١٧ ڕۆژ لە شۆڕشی ژینا ئەو دەرفەتە خوڵقا کە گەلانی ئێران و بژاردەکانی ئێران، حیزبەکانی ئێرانی بتوانن پێکەوە قسە بکەن. بەڵام وەک هەمووان وەدەیبینین ترسێک هەیە لە هێزە سیاسییەکانی کوردی، لە حاڵێکدا بەڕێزتان باشتر دەزانن یەکێک لە بنەماکانی دێموکراسی، حیزبەکانن. ئەو ترسە چۆن دەبینین، ئایا ئەوە یەکێک لە خەسارەکانی دێموکراسی لە ئێران نییە؟ هۆکار چییە؟**

بەڵێ دروستە. لە نەزەر هەبوون و کارکردی حیزبە سیاسییەکانەوە، کوردستان مێژوویەکی ڕەنگینتر و پڕ شانازیی هەیە. هەم بەردەوامیی ئەو حیزبانە، هەم پێوەندیی ئەو حیزبانە لەگەڵ چین و توێژەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستان. دیارە ئەوە، سەرێ و خوارێی هەبووە، بەڵام هەر بەردەوام بووە. ئەوەش بەو مانایە نییە کە ئەو حیزبانە کارەکانیان جۆرێک بووە یان جۆرێک نەبووە کە نابێ ڕەخنەیان لێ بگیرێ؛ نا ئەوەش نییە. لە هەر فەرهەنگێکی ڕەخنە نەبێ، ئەو فەرهەنگە بەرەو دیکتاتۆری دەڕوا. بۆیە من لێرە دەڵێم حیزبی کوردی یا کوردستان، فەرهەنگێکی حیزبایەتی ٨٠ تا ٨٥ ساڵ، ئەوە زۆر شتێکی گرینگە و ئەوە جیاوازیی کوردستان لە بەشەکانی دیکەی ئێران، دەردەخا و جیای دەکاتەوە.

لە ئێران هیچ کاتێک دۆخەکە بەو شێوەیە نەبووە. دروستە لە ئێران هاوکات لەگەل کوردستان، فەرهەنگی حیزبی دەستی پێ کردووە، یا پێشتریش هەڵبەت حیزب هەبووە لە ئێران. بەڵام ئەو حیزبانە هیچ کاتێک نەیانتوانیوە بەردەوام بن، فەرهەنگەکە پساوە و دیومانە کاتی دەسەڵاتی غەیرە دێموکراتیک و دژی دێموکراتیک، هاتووەتە سەر کار، یەکەم کارێک کە کردوویانە حیزبەکانیان داخستووە. بۆچی حیزبەکانیان داخستووە؟ هەر ئەو جۆری من پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، دێموکراسی لە ئەسەڵدا یانی دێموکراسیی ڕاستەوخۆ. دێموکراسیی ڕاستەوخۆ لە کۆمەڵگەی زۆر زۆر چکۆڵە دەست دەدا کە لەبەر هەموو شتێکی خەڵک بچن بەشێوەی ڕاستەوخۆ ڕەئیی خۆیان دەربڕن و کۆمەڵگە بەو شێوەیە ئیدارە بکرێ. وەلی کاتێک کە کۆمەڵگە گەورە و جەماوەری زۆر دەبێ، ئێمە پێویستمان بەو دامەزراوە دێموکراتیکانە هەیە. ئەو دامەزراوە دێموکراتیکانە کە نوێنەرایەتیی خەڵک بکەن لە پرۆسەی سیاسیدا. ئەوە هۆکاری بوونی حیزبە.

لە کوردستان دیارە حیزب یا ڕێکخراوی سیاسی بەشێوەی مۆدێڕن، ئەو جۆرەی کە من دەیبینم یانی لەگەڵ کۆمەڵەی ژێکاف، حیزب دێموکراتی کوردستان هاتووە و لە دوایەش بەشێکی زۆر لە ژیانی غەیرە قانوونی ڕاگەیەندراوە، لە تاراوگەدا بووە. کاتێک کە شۆڕشی گەلانی ئێران بووە گەڕاوەتە نێوخۆ. بە لاوازی گەڕاوەتەوە بەڵام توانیویەتی پەرەبگرێ، سەقام بگری و دەسەڵاتی خۆی دابمەزرێنێتەوە. دواتر کۆمەڵەی زەحمەتکێشان هاتووە و لە پاشان حیزبەکانی دیکەش. ئەوەی کە لێرە هەیە ئەو حیزبانە لە کوردستان، لە چوارچێوەیەکی ئێتنیکی یان نەتەوەییدا بوون و دیارە لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چالاکییان کردووە. ئەو چالاکییانە هیچ کاتێک نەیتوانیوە و ناشتوانێ تەنیا تایبەت بە ڕۆژهەڵات بێ، لەبەر ئەوەی کاتێک ئەو حیزبانە بەرنامەی خۆیان ڕاگەیاندووە، بەرنامەی خودموختاری بووە، فیدڕاڵیزم بووە، بەهەرحال جۆرێکو ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوی حاکمییەتی ئێراندا بووە، ئەوە دیوارە ئێتنیکییە بەجۆرێک کە ماوە، لەگەڵ تاران، ئازەربایجان و بەشەکانی دیکەی ئێران، هەڵسووکەوتیان بێ و بچنە نێو هاوکێشەکان و بچنە نێو وتووێژی سیاسی و سیاسەتکاری هەبێ.

حیزبەکان لە کوردستان ئەگەرچی لە چوارچێوی ئەو دیوارە ئێتنیکییە و بازنەی نەتەوایەتیدا دامەزراون، بەڵام هەمیشە کاریان و مامەڵەکردنیان لەگەڵ دەرەوە بووە. لێرە نوکتەیەکی ئەساسی هەیە دەمەوێ باس بکەم. ٢ - ٣ ساڵ لەوەپێش بوو باسی ئەوەم کرد کە ئێستا کوردەکان گەیشتوونەتە جێگایەک کە دەبێ دیواری ئێتنیکی و دیواری نەتەوەیی تێپەڕێنن. سیاسەتەکەیان لەوەی دەر بکەن و بچنە ئەو بەری. ئەوە دروستە چ بیانەوێ و نەیانەوێ دەبێ ئەوە بکەن. وەلی کوردەکان ئەوەیان کردووە تەنیا لە چوارچێوی پێوەندی لەگەڵ دەسەڵاتدا. ئەوەی کە من دەمگوت دەبێ دیواری نەتەوەیی یا ئێتنیکی تێپەڕ کەن، تەنیا ئەوە نییە تۆ لەگەڵ حکوومەتێک بێی پێوەندی بگری و لەگەڵی بچییە نێو مامەڵە و سەوداوە. بەڵکوو لەگەڵ جەماوەرەکانی دیکە، لەگەڵ گەلەکانی دیکەی ئێران بچنە نێو تەعامووڵەوە. چون ئەو یەکیەتی و یەکڕیزییەی کە پێویستە لە پێش حکوومەت ڕاوەستی، ئەوە دەبێ لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران بێ.

بەڵام لەلایەکی دیکەوە لەسەر ئەوە جەخت دەکەمەوە هێزە کوردییەکان، چ حیزبەکان بن چ ئی دیکە، نابێ ئیزن بدەن کە لە دەرەوی دیوارەکانی ئەو جوغرافیا و سنوورە جوغرافییایەی کە بە شۆناسی نەتەوەیی کوردی دامەزراون، نابێ بێڵن لە دەرەوە ئەم دیوارە بشکێن یا دەوریان لێ بدەن. چون ئێمە ئەزموونمان هەبووە و جارێکی لە شۆڕشی پێشتر لە ساڵی ١٣٥٧، حیزبی توودە، فیدایی و چەپەکان، ئەو دیوارە ئێتنیکییەیان دەور لێ دا و هاتنە نێو ژوورەوی کۆمەڵگەی کوردییەوە، دەرەنجامەکەشی نە بۆ ئێمە باش بوو نە بۆ خودی ئەوان. جا بۆیە ئێمە ئەوجارە لەو دەرفەتە کەلک وەرگرین بۆخۆمان، ئەو دیوارەی تێپەڕ بکەین، بەڵام ئێمە نابێ ئیجازە بدەین لە دەرەوە ڕا، ئەو دیوارە تێپەڕ بکەن و بێ ئیجازەی ئێمە بێنە ژووری و لەوێ سیاسەت بکەن لە مەیدانێکدا کە ئەو مەیدانە، ئەساسەن هی ئێمەیە.

**لەو شۆڕشی ژینا کە شۆڕشێکی فرەزەمان و فرەدەنگە، دەبینین هەوڵ دەدرێ شۆناسێکی هاوبەش دروست بکرێ، ئێوە چۆن لەو شۆناسە هاوبەشە دەڕوانن؟ ئێوە کە باسی پرسی کورد و چوارچێوە و دیوارەکانی ئەو پرسە دەکەن، ئایا ئەو شوناسە هاوبەشە نابێتە هۆی سڕینەوە دەنگی ئێمە لە باری سیاسییەوە، مەترسی نییە بۆ چوونە نێو ئەو شێوە هاوپەیمانییە کە تۆ لەنێو شوناسێکی هاوبەشدا هەڕەشە توانەوەت لەسەر بێت؟**

نا. ئەو شۆناسە بەو جۆری کە هاتووەتە پێشێ، زۆر زۆر جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەوەی کە بەرەی دێموکراتیکی دژی دیکتاتۆری لە ساڵی ١٣٥٧ دروستی کرا. ئەوکات وەحدەتی کەلەمە بوو. مەسەلەن ئەوە بوو کە کەریم سەنجابی و دوکتور شایەگان و... هەستان چوونە پاریس و چۆکیان دادا لە پێش خومەینی و تەسلیمی هاتنەوەی بوون و...

درێژە بۆ لاپەڕەی ٦

# هاوپەیمانی و ئەلتێرناتیڤی سیاسی لە ئێران:

## مەبەست و دەرەنجامی دەوردانەوەی حیزبەکان و خۆدزینەوە لە پێناسەکردنی سیستەمی داهاتوو



د. ئاسۆ حەسەنزادە




نزیکەی چوار مانگ پاش دەسپێکی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییەی بەدوای قەتڵی حکوومەتیی ژینا ئەمینی و لە ڕاستیدا لەپێناو کۆتاییهێنان بە کۆماری ئیسلامی وەڕێ کەوتوە، سەرەڕای هەوڵگەلێک کە دەگوترێ بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی گشتگیری هێزە گۆڕانخوازەکان و پێکهێنانی ئەلتێرناتیڤێکی دیمۆکراتیک بۆ کۆماری ئیسلامی لە ئارادایە، تا ئێستا ئاماژەیەک لە وەها هاوپەیمانی و ئەلتێرناتیڤێک بەدی ناکرێ. لە کاتێکدا خەڵک و بە تایبەت نەوەی نوێ لە نێوخۆی ئێران بە بەرزترین شێوە واتە بە مایەدانان لە گیانیان لەسەر شەقامەکان و لەژێر داری ئێعدامدا نەخش دەگێڕن، زۆربەی بژاردە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن کە ڕوخسارە دیارەکانیانو زۆرتر سەر بە نەوەی ڕابردوون، هێشتا تەنیا لە جێگە و پێگەی شرۆڤەکارانی نوسخەوەپێچدا دەردەکەون.

هۆکاری بێتوانایی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە گەیشتن بە یەکگرتوویییەکی ڕاستەقینە و شوێندانەر، قەتیسمانەوەی هێز و لایەنە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی لەو کەلێن و دابڕانە سیاسی، مێژوویی و فکرییانەدایە کە بە درێژایی ماوەی دەسەڵاتداریێتیی ڕێژیم گیرۆدەی بوون.

لە بەرانبەر ئەو دۆخەدا، ڕوخسارگەلێک کە بە هۆکاری ناڕوون میدیا فارسی زمانەکانی دەرەوەی وڵاتیان خستۆتە پاوانی گوتاری بەرتەسکی خۆیان و هێندێکیان میراتی سیاسیی ڕێژیمی پێشوو بەدووی خۆیاندا ڕادەکێشن، یان تەنانەت لە داڕشتنی بنەما فکرییەکانی ڕێژیمی ئێستاشدا دەستیان هەبووە، لەڕووی مێتۆدیکەوە کۆمەڵێک پێشنیاریان هێناوەتە گۆڕێ کە زیاتر لە چەتتێخستن لە خەباتی دژ بە سەرەڕۆیی ئیسلامی دەچن تا ئەوەی بەرهەمهێنەری دیسکۆرس و کاردروستاییەک بن کە ویست و داواکارییەکانی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران لەخۆ بگرێ. خۆدزینەوە لە باسکردن لە نێوەرۆکی ئەلتێرناتیڤ یان لە باشترین حاڵەتدا کەفایەتکردن بە خستنەرووی هێندێک فۆرمووڵی گشتی و بۆش کە خومەینییش بە ئەدەبیاتی تایبەت بە خۆی لە "نۆفل لوشاتۆ" بەسەر زاریدا دەهات لەلایەک، و لەلایەکی دیکەوە، خۆبواردن لە بە بنەمادانانی حیزبەکان بۆ پێکهێنانی بناغەکانی ڕێژیمی جێگرەوە، لەو پێشنیارە بەناو مێتۆدیکانەن. پاڵنەر و دەرەنجامی هەردووکی ئەو پێشنیارانەش، بەردەوامی و دووبارەکردنەوەی دەسەڵاتێکی ناوەندگەرا و هاوچەشنسازە لە سێبەری گوتەزایەک بە ناوی "نەتەوەی ئێران" بە پشتگوێخستنی گرینگترین هێزی پێکهاتەیی کۆمەڵگەی ئێران واتە نەتەوە ژێردەستەکان کە بەئاسانی زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی ئێران پێکدێنن.

### خۆبواردن لە باسی فۆرم و نێوەرۆکی ئالترناتیڤ

پێشنیاری یەکەم کە لەو هەلومەرجەدا تا ڕادەیەک لەلایەن ڕەوتە سیاسی و کەسایەتییەکانی دژی ڕێژیمیش ڕەچاو دەکرێ، پشت بەو لێکدانەوەیە دەبەستێ کە لە ئێستادا پێویستە هەموو جەختەکە تەنیا بخرێتە سەر یەکگرتن لەپێناو ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و هەر چەشنە باسێک سەبارەت بە ڕێژیمی داهاتوو (تەنانەت لە هێڵە گشتییەکاندا) دەبێتە هۆی دروستبوونی کەلێن لە ڕیزەکانی خەڵکدا و لاوازبوونی خەباتی ڕووخانخواز. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئەوانەی زیاتر لە هەمووان جەخت لەسەر پێویستیی خۆبواردن لە پێناسەکردنی ئەلتێرناتیڤ دەکەن، هەر ئەوانەن کە هیچ دەرفەتێک بۆ دەربڕینی لایەنگریی خۆیان لە شێوازێکی دیاریکراوی سیستەمی سیاسی (گەڕانەوە بۆ پاشایەتی) لەکیس نادەن، بەبێ ئەوەی کەمترین زەحمەتی ئاوڕدانەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە کارنامەی وەها ڕێژیمێک لە ئێراندا بە خۆیان بدەن.

ئەو توێخە لە ئۆپۆزیسیۆن کە هێنانەگۆڕی پرسی نێوەرۆکی سیستەمی جێگرەوە لەو قۆناغەدا بە بڤە دەزانێ و لەسەر ئەو بڕوایەیە کە دەبێ هەموو شتێک بۆ قۆناغی ڕەنگە ئاڵۆزی پاش ڕووخانی ڕێژیم و دروستبوونی "مەجلیسی موئەسسان" وەدوا بخرێ، لانیکەم لە قسەدا هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ بنەماکانی دیمۆکڕاسی و مافی هاووڵاتی و ویستەکانی خەڵک کە ئەمڕۆژانە لەلایەن توێژە جیاوازەکانەوە لە نێوخۆی وڵات دێنە گۆڕێ، نییە. تەنیا دەنگێک کە نایانەوێ بیبیستن خواستی ڕزگاریی ڕیشەیی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران لە ستەم و هەڵاواردن و ئەو ڕێگاچارانەیە کە نوێنەرانی ئەو نەتەوانە بەتایبەت کوردەکان بە مەبەستی سڕینەوەی ستەمی نەتەوەیی لە ئێرانی داهاتوودا پێشنیاری دەکەن. هاوکات ئێزن بە خۆیان دەدەن کە سوێند خواردن بە یەکپارچەیی ئێران بکەنە مەرجە هەرچەشنە هاوپەیمانییەک و بەو شێوەیە پەرە بەو بانگەیەشە دەدەن کە کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە مەترسیی دابەشبوونی ئێران هەمیشە وەک داوەڵێک بەکاری بردووە، داوەڵێک کە بەردەوام بۆ پاراستنی دۆخی ئارایی پشتی پێ بەستراوە.

پێشنیاری خۆبواردن لە باس لەسەر سروشتی ئەلتێرناتیڤ، بە ئەنقەست یان لەڕووی نەزانییەوە چەند ڕاستییەک بەلاوە دەخا:

١/ واقعییەتی یەکەم پێوەندیی بە پاڵنەری سەرەکیی ڕاپەڕینی بێوێنەی خەڵک بۆ کۆتاییهێنان بە کۆماری ئیسلامییەوە هەیە. لەگەڵ ئەوەی زۆربەی خەڵکی ئێران سەرچاوەی هەموو کێشە و نەهامەتییەکانیان لە هۆکارێکی هاوبەش (بوونی ئەو ڕێژیمە)دا دەبینن، ئەو شتەی زیاتر لە هەر شتێکی دیکە ئەوانی تا سنووری گیانبەخشین هێناوەتە مەیدان، دۆخی تایبەتیی هەرکام لە چین و توێژەکانی ئەو خەڵکەیە، دۆخێک کە زۆربەی جار ڕیشەیەکی مێژوویی و پێکهاتەییشی هەیە. بە واتایەکی دیکە، ئەوەی وای کردوە ئەمڕۆ خەڵک بوێرانەتر و لێبڕاوانەتر لە ڕابردوو بەدژی ئەو ڕێژیمە ڕاسێن، بەر لەوەی پێوەندیی بە ویستی ئابستراکتیڤی خەڵک بۆ گەیشتن بە ڕێژیمێکی سیاسیی ئێدەئالەوە هەبێ، بەرهەمی وەزاڵەهاتنیان لەو دۆخ و هەلومەرجە تایبەتییەدایە کە دەیان ساڵە بە سەریاندا سەپاوە.

٢/ گرینگترین پێنوێنی ڕاپەڕینی ئەمجارەی خەڵک، زەرفییەت و پۆتانسیەلی فراوانی سیاسی-کۆمەڵایەتی و فرە دیسکۆرسی و فرەشوناسیەکەی وێڕای توانای شکڵبەخشین بە خەونێکی هاوبەش بۆ داهاتوویە. لەکاتێکدا کە دەربڕینی ویست و ناسنامە جیاوازەکان لەلایەن خەڵکەوە لە نێوخۆی وڵات نەبۆتە هۆی تێکدانی یەکڕیزی و تۆلێرانسی نێو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵک، ڕوون نییە بۆچی بەفەرمیناسینی ئەو فرەشوناسییە لە بەستێنی ڕێبەریی سیاسی و هاوپەیمانێتیی ئۆپۆزیسیۆندا دەبێتە ڕێگر بۆ یەکگرتن و هۆکار بۆ دروستبوونی درز.

٣/ بەپێی ئەزموونی ئینقلابی پێشوو کە تێیدا "ئەوەی خەڵک نایانەوێ"، "ئەوەی خەڵک دەیانەوێ"ی خستە پەڕاوێزەوە و لە هەناوی ئەو هاوکێشەیەوە سەرەڕۆیی بەرهەم هاتەوە، تەنیا ویستی ڕووخانی ڕێژیم (گریمان سەرکەوت) هاتنەسەر کاری ڕێژیمێکی باشتری لێ ناکەوێتەوە. هەر بۆیە ڕاپەڕینی ئەمجارەی خەڵک تەنیا بۆ دژایەتیی کۆماری ئیسلامی نییە، بەڵکوو هەر لە ئێستاوە ئارمانجی گەیشتن بە داهاتوویەکی دیکەی لە سیاسەت و بەهاکان لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە و دەریشی دەبڕێ.

یەکگرتنێک کە تەنیا بنەمای نەرێنی (ڕەتکردنەوەی ڕێژیمی ئارایی) هەبێ و بنەمای ئەرێنیی (خەونی هاووڵاتیان بۆ سیستەمی داهاتووی وڵات و بۆ جێگە و پێگەی خۆیان لەو سیستەمەدا) نەبێ، نەک هەر ناتوانێ مزگێنیدەری دامەزرانی سیستەمێک بۆ داهاتوو بێ کە هەمووان لەسەری کۆک بن، بەڵکوو تەنانەت لە کاری ڕووخاندنی ڕێژیمی ئێستاشدا تووشی گرفت دەبێ. دیارە ئیمکانی ئەوە کە هەر ئێستا هەموو لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەسەر جۆری ئەلتێرناتیڤ و وردەکارییەکانی ڕێک بکەون، نییە. بەڵام خۆبواردن لە پێناسەکردنی سروشت و بنەماکانی ڕێژیمی داهاتوو (بەتایبەتی لەپێوەندی لەگەڵ شێوازی وڵامدانەوە بە گرینگترین پرسی کۆمەڵگەی ئێران کە پرسی نەتەوەیی-ئێتنیکییە) بە دووپاتکردنەوەی ئەو فێڵە لێک دەدرێتەوە کە ڕەوتە سیاسییەکانی ئێران لە شۆڕشی ٥٧دا ملیان بۆ دا و دوایەش ئاکامە شوومەکەیان چنیەوە، واتە هەوڵی سەپاندنی گوتار و ناسنامەیەکی بەناو گشتگیر و جەهانبینییەکی دیاریکراو بە قیمەتی ڕەتکردنەوەی گوتار و ناسنامە و جیهانبینیی بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە. ئەمڕۆش ئەوەی مەترسی بۆ سەر یەکگرتنی چالاکی خەڵکی ئێران (بەتایبەت لەنێوان ناوەند و پەڕاوێزە جۆغرافییەکانی ئێران) دروست دەکا، ڕێک خۆبواردن لەو باسە و ڕەتکردنەوەی فرەیی لە ئێراندایە.

لە ڕابردوودا بزووتنەوەی سەراسەریی وا هەبووە کە ڕێژیمی بەرەوڕووی کێشە کردۆتەوە (بۆ نموونە بزووتنەوەی سەوز)، بەڵام بەهۆی نەبوونی ئاسۆیەکی گوتاریی ڕوون و هیوابەخش لەپێوەندی لەگەڵ پرسی نەتەوەییدا نەیتوانیوە نەتەوە ژێردەستەکان بەتایبەت کورد بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. بە سەرنجدان بەوەی ئەمجارە ناوچە پەڕاوێزییەکانی ئێران پێشەنگ و بزوێنەری سەرەکیی بزووتنەوەی سەراسەریین، بەدوور دەزانرێ ئەو نەتەوانە بەردەوامبوونی ڕاپەڕینی خۆیان بخەنە گرەوی قبووڵکرانی ویست و جەهانبینییان لەلایەن بژاردە ناوەندگەراکان و لەهەرحاڵدا ئەوان درێژە بە ڕێگای خۆیان دەدەن. سەرەڕای ئەوەش بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی یەکگرتنی ناوەند و "پەراوێز" زەروورەتێکی بێئەملاوئەولایە.

### ترس لە حیزبەکان

پێشنیاری دەوردانەوەی حیزبەکان و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانیی کەسایەتییەکان تەنیا لەڕووی دەنگدانەوەی مێدیاییەوە تازەیە. ئەگینا لە دوو دەیەی ڕابردوودا هەر ئەو کەسایەتییانەی ئاماژەیان پێ کرا، بەهۆی نەبوونی مەشرووعیەتی ڕێکخراوەیی و جەماوەری، لەو دانیشتنانەدا کە لە پێتەختی وڵاتانی ئورووپایی بەڕێوەیان دەبرد، بانگەشەی پێکهێنانی هاوپەیمانی لەسەر ئەو بنەمایەیان دەکرد. ڕەنگە هەربۆیەش بێ کە ئەو جۆرە گردبوونەوانە تەنیا کۆمەڵێک کلابی هاوبیرییان لێ کەوتەوە، نەک بناغەکانی ئەلتێرناتیڤێکی جیددی و جێ متمانەی خەڵک.

حیزب سڕینەوە لەگەڵ بنەماکانی دیمۆکڕاسی و تەنانەت لەگەڵ ئەزموونی وڵاتانی لە حاڵی تێپەڕیندا ناتەبایە. بەپێی پەسندکراوە نێونەتەوەییەکان و ئەدەبیاتی حقووقیی ئەو نیهادانەی دیمۆکڕاسی پێناسە دەکەن، حیزبەکان یەکێک لە کۆڵەکە مشتومڕهەڵنەگرەکانی دیمۆکڕاسی و پلۆڕالیزمن. بەپێی ئەزموونی وڵاتانیش، بۆوێنە لە فەڕانسە لەکاتی گواستنەوە لە کۆماری چوارەمەوە بۆ کۆماری پێنجەم، هەموو لایەک لەسەر ئەوە کۆک بوون کە کارکردی نەگونجاوی حیزبەکان ببووە هۆی لاواز بوونی نیهادە سیاسییەکانی وڵات و ژەنەڕاڵ دوگۆلیش زۆری کەیف بە تەوەربوونی پارتە سیاسییەکان نەدەهات. بەوحاڵەش حیزبەکان هەروا پێوەر و پێوانەی ڕەوایی دیمۆکڕاتیک مانەوە و دوگۆلییش – جیا لەوە کە بۆخۆیشی بە پلەی یەکەم لەلایەن حیزبێکەوە پشتگیری دەکرا کە سەر بەو بوو – هەمیشە ڕێزی لە پێویستیی بوونی حیزبەکان گرت. هەروەها لە ئورووپای ڕۆژهەڵات و عیراقی پاش سەددام و تونسی پاش بن عەلیش، سەرەڕای پێکهاتنی ئەنجومەنگەلێک بۆ بەڕێوەبردنی قۆناغی تێپەڕین، سەرجەم کەسایەتییەکانی ئەندامی ئەو ئەنجومەنانە نوێنەری حیزب و لایەنە سیاسییەکان بوون.

ئەوانەی نیگەرانی ڕۆڵی حیزبەکان لە ئێراندان، تەنانەت سەرنج نادەنە ئەوە کە بۆخۆیان ئیدیعای خەبات بەدژی ڕێژیمێک دەکەن کە – هەروەک ڕێژیمی پێشوو- یەکێک لە گرینگترین تایبەتمەندییەکانی دژایەتی لەگەڵ چالاکیی ئازادانەی حیزبەکان و خودی دیاردەی حیزبایەتییە. لەو شوێنەی لوتکەی سازانی محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی لەگەڵ تەحەزوب دامەزراندنی حیزبی ڕەستاخیز بوو، خومەینی هات و گوتی "تەنیا یەک حیزب هەیە، ئەویش حیزبوڵڵایە!" و بە درێژایی مێژووی کۆماری ئیسلامی، گەمەی سیاسیی نێو ڕێژیم لە دەوری کەسایەتییەکانی جێگای قبووڵی ڕێژیم خولاوەتەوە، نەک لەسەر بنەمای حیزب و لایەنە سیاسییەکان.

بەو پێیە، هۆکاری دژایەتی لەگەڵ بە بنەمادانانی حیزبەکان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی لە ئێراندا لە دوو حاڵەت تێناپەڕێ:

درێژە بۆ لاپەڕەی ٧

## لە کۆماری کوردستانەوە بۆ کۆماری ژن ژیان ئازادی



ئەلبورز ڕووبینتەن

دوای ٧٨ ساڵ لە دامەزرانی کۆماری کوردستان، ئێستاش بیر و بەها نەتەوەییەکانی کۆماری کوردستان لە بیر و هزری تاک کۆمەڵگەی کوردیدا زیندووەو ڕێنیشاندەرە.

کاتێک کە ڕێژیمی پەهلەوی لە یەکێک لە گۆڕەپانەکانی شار هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندیدار بوون بە کۆماری کوردستانی دەسووتاند و خەڵکی لە زیندان دەکرد و ڕێبەرانی کۆماری لەسێدارە دەدا بۆ ئەوەی بیری کوردایەتی بسڕێتەوە، هیچکات بیری لەوە نەدەکردەوە کە بۆ خۆی نامێنێ و مەحکوومە بە نەمان، بەڵام هزری کۆمار دوای ٧٨ ساڵ هەر لە پەرەسەندندا دەبێت و لاوانی وڵات دروشمی ئێمە ڕۆڵەی پێشەواین و نابەزین لە شەقامەکان دەڵێنەوە.

یەل لەم بابەتەنەی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە کۆماری کوردستان لە بیری کوردان هەر زیندوە دروشمی ژن ژیان ئازادییە. زۆر تاک و لایەن ویستویانە بە دەستبەسەرداگرتنی دروشمی ژن ژیان ئازادیی خەڵک، خۆیان بە شۆڕشەوە هەڵواسن، بەڵام بە خوێندنەوەی گۆڤاری نیشتمان بیری کۆمەڵەی ژێکاف و هەروەها هەموو هەوڵەکانی کۆماری کوردستان بۆ چەسپاندنی یەکسانی لە کۆمەڵگەی دواکەوتووی ئەوکات بەردەوامی ئەو سیاسەتە وەک بەشێکی دانەبڕاوی حیزبی دیمۆکرات بە درێژای ساڵانی ڕابردوو شایەدی دەدەن کە دروشمی ژن ژیان ئازادی هەڵقوڵاوی ناخی خەڵکی و کورد و خەباتە ڕەواکەی و کۆماری کوردستان بۆ گەیشتن بە ئازادییە.

ئەوکاتەی کە لە گۆڤاری "نیشتمان" شێعری کاک دەنوسرا، کە "یای کوبرا" لە ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان وتاری دەدا، ئەوکاتەی کە یەکیەتیی ژنان بە فەرمانی سەرۆککۆمار پێشەوا دادەمەزرا، ئەو کاتەی بڕیار دەدرا کە دەبێ کچان بچنە قوتابخانە، ئەوکاتەی یەکسانی دەبوو بە پرەنسیپی خەبات و لە بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبی دیموکراتدا دەچەسپا، ئەوکاتەی پێشمەرگەی ژن هاوشانی پێشمەرگەی پیاو خەباتی دەکرد، ئەو کاتەی دەورەی ٢٥٠ی پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات هەموو ژن بوون، بناغەی دروشمی ژن ژیان ئازادی دانرا. جێگای سەرسوڕمان نیە ئەمڕۆ ژنان پێشەنگن و بۆ پێشەنگایەتییان لە کۆماری کوردستانەوە خەبات دەکرێ، جێگای سەرسوڕمان نییە کە باوکی شەهید لەسەر گۆڕی جگەرگۆشەکەی هاوار دەکا زۆر پیاو بوون نا، زۆر ژن بوون هونەرە. هەربۆیەش تا ئەوکاتەی کۆمەڵەی ژێکاف و کۆماری کوردستان وەک ئەستێرەی درەوشاوەی خەباتی کورد و کۆمەڵگەی وشیاری ڕۆژهەڵات هەبێ کەس مافی خۆبەخاوەنکردنی ئەو دروشمەی کە لە کوردستانی کۆماردا سەری هەڵدا نییە.

دووهەم بابەت کە شۆڕشی ژن ژیان ئازادی بە کۆماری کوردستانەوە دەبەستێتەوە هەبوونی کولتووری فیداکاری بۆ خاک و نیشتمانە، کە پێش کۆماریش هەبوو بە فیداکاریی پێشەوا بووە سیمبولی ژیانی کوردان بۆ بە دەستهێنانی ئازادی، زیادتر لە سەد شەهید، هەزاران بریندار و هەزاران گیراو بێئەوەی چرکەیەک لە خەبات بۆ سەرخستنی ئەو شۆڕشە سڵ بکەنەوە، وانەی پێشەوای نەمر بوون بۆ کوردان کە دەبینین لە لاواندا بەرجەستەیە و بۆ هەمیشەش تا ئەوکاتەی کوردستان هەیە و خەبات بۆ ئازادی هەیە بەردەوام دەبێت.

سێیەم بابەتی کە شۆڕشی ژن ژیان ئازادی بە کۆماری کوردستانەوە دەبەستێتەوە هاواری خەڵک بۆ بەهاناهاتنی پێشمەرگە ئەو نرخەی کە لە کۆماری کوردستان داهێنراوە دەبیندرێت. لە کاتێک شارەکان ئازاد دەکران و زەبروزەنگی ڕێژیم لە ڕووی ترسەکەی زۆر و زۆرتر دەبوو، بەپێچەوانەی خەڵکی شوێنی تر کە هیوای بەهاناهاتنی وڵاتانی دیکەیان دەکرد، لە کوردستان خەڵک هاواری خۆی بۆ پێشمەرگە دەهێنا و باوەڕی وابوو کە پێشمەرگە دەتوانێ ئەوان بپارێزێ، تەنانەت ئەگەر لە ڕووی ژمارە و و چەک و ئیمکاناتیش لاوازتر لە هێزی زەبروزەنگی ڕێژیمیش بێت، ئەو باوەڕە پیرۆزە کە خەڵک هەیەتی لە کۆماری کوردستانەوە تا بە ئەمڕۆ لەنێو خەڵکدا هەیە و پێشمەرگە بە باسکی بەهێزی خۆی دەزانێ و هاواری خۆی بۆ دەبات و وەک شاخ بە پشتیوانی نەتەوەی کورد دەیبینێ.

چوارەم بابەت بۆ دەرکەوتنی گەوهەری ناسیونالیزمی کوردایەتی کە ئاشتیخوازە و برایەتیی گەلانی پێ دروستە دەگەڕێتەوە، هەر چۆن لە کۆماری کوردستان هەوڵی یەکیەتی و برایەتیی دو گەلی کورد و ئازەربایجان وەک سیاسەتێکی سەرەکی کاری بۆ دەکرا، لە شۆڕشی ژن ژیان ئازادی ئەو پەیامە وەک بەشێکی دانەبڕاوی شۆڕش لە کوردستانەوە بۆ هەموو ئێران درا، دیتمان دروشمی "بژی ئازەربایجان، یاشاسین کوردستان" هەڵدەدران و جارێکی دیکە گەوهەری ئاشتیخوازبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی بۆ هەموو لایەک وەدەرکەوت.

پێنجەمین خاڵ دەتوانم ئاماژە بەرجەستەکردنی هەموو ئەو هێمایانەی کە لە کۆماری کوردستانەوە بۆ کورد بە میرات ماونەتەوە، لە شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"دا بەزەقی دەبیندران بکەم، هەڵگرانی دروشمی ئێمە ڕۆڵەی کۆمار و پێشەواین تەنیا ئەو بابەتەیان وەک دروشم نەدەگوتەوە بەڵکوو وەک باوەڕ کە لە هزری تاکی کورد چەسپاوە و ئەگەر هەفتا و هەشت ساڵیش دەرباز بێ هەر خۆی بە لاوی کۆمار دەزانێ هەر چۆن پێشەوای نەمر لە وتاری ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان‌دا گوتی کورد قەت نەوەستاوە لە خەبات و کۆماریش درێژەی ئەو خەباتەی کوردە، کورد ئەمڕۆ لە خەبات بۆ بەدەستهێنانی ئازادی نەوەستاوە و بەڵکوو ئەوەی ئەمڕۆش دەیکات بە بەردەوامیی هزری کۆمار دەزانێ.

لە کۆتاییدا ئاماژە بە شەهید "کۆمار دەرئوفتادە" دەکەم کە پێش شەهیدبوونی نووسیبوی ئازادیتان خۆش بوێ، باوکی لە سەر گۆڕی خۆشەویستی ئازادی گوتی لە "٢٥ گەلاوێژ" لەدایک بووە. ئەو باوکە نیشتمانپەروەرە چونکە ڕۆڵەکەی لە ٢٥ی گەلاوێژ، ڕۆژی دامەزراندنی کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دیموکرات لەدایک ببوو، ناوی کوڕەکەی نابوو کۆمار، ئەو کۆمارەی کە ئازادیی خۆش دەویست و لە پێناویدا شەهید بوو، ئەو کۆمارەی بە ناوی کۆماری کوردستان کرا، دوژمنانی کۆمار ئەوکات و ئێستاش مەحکوومن بە نەمان، کۆماری کوردستان و کۆماری شەهیدیش بۆ هەمیشە بە زیندوویی دەمێننەوە، چونکە ئەوان سیمبولی ژن ژیان ئازادی نەتەوەی کوردن.

درێژەی لاپەڕەی ٤

## وتووێژ لەگەڵ د. عەباس وەلی

هەموو شتێکیان قبووڵ کرد، نا مەبەست ئەوە نییە.

ئێستا ئەوە کە هاتووەتە پێشێ، ئێمە جۆرێک ئیئتلاف ناکەین کە جیاوازییەکانمان لەبیر خۆمان بەرینەوە و ولایان بنێین و بچینە ژێر چەتری بەرەیەکی دژی دیکتاتۆری کە شۆناسی ئێمەی تێدا نابووت ببێ، یان ناسنامەی ئێمە لەودا بزر ببێت، نا ئەوە نییە. ئەوەی ئێستا لە ئێراندا هەیە، ئێمە لە هەلومەرجێک داین کە ئەو بەشەی دروست بووە، ئەوە لەسەر بنەمایەکی یەکگرتن لە عەینی ئۆتۆنۆمی‌دایە. یەکگرتن لێرەدا بە مانای جۆرێک هاوپەیمانی بەکار دەبەم. لێرە تەواوی ئەو هێزانە کە لەوێن ماهییەتی نەتەوەییان هەیە وەکوو کوردەکان، وەکوو بەلووچەکان، وەکوو ئازەرییەکان، وەکوو تورکەمەن و عەرەبەکان. یان ژنەکان کە ماهییەتی جینسییەتی هەیە، یا دەگرباشانی جینسی کە ئەوانیش جۆرێکی دیکە یا تەنانەت پرسگەلی دینی شیعە، سوونی و بەهایی و... ئەوانە لەوێ دەتوانن جیاوازیی

خۆیان بپارێزن و تەنانەت تا ئێستا پاراستوشیانە. ئێمە دەبینین لەو دواییانەدا ئەو کەسانە هەن کە لەژێر چەتری ئەو شۆناسی هاوبەشەدا چالاکی دەکەن، بەڵام دەیانەوێ ئەوانی دیکە بێنە ژێر چەتری خۆیان و شۆناسی جیاوازی ئەوان بسڕنەوە. مەسەلەن سەڵتەنت‌خوازەکان. سەڵتەنت‌خوازەکان ئەو کارە دەکەن و بەشێوەیەکی زۆر ناحەزیش ئەو کارە دەکەن. مەسەلەن ڕۆشنبیرانی سەڵتەنەت‌خواز، کەسێکی وەکوو ئەمیر تاهیری، تەنانەت ئەو ویستوویەتی مەسەلەی ژن، ژیان، ئازادی بگەڕێنێتەوە بۆ دەورەی مەشرووتە. ئەوە تەنیا دزی نییە، بێشەرمی نییە، بەڵکوو ئەوە تاکتیکێکی سیاسیی زۆر پیسە کە ئەوانە بەکاری دەبن.

لەو قۆناغی ئێستادا کوردەکان بە نیسبەت هێزە سیاسییەکانی دیکە یەکڕیزییان زۆرترە و گۆڕانکارییەک ئەگەر لە ئێراندا بکرێ، ئەگەر کوردەکان و هێزەکانی کوردییەکان، چاک کایە بکەن، ئەگەر سیاسەتی خۆیان بە شیوەیەکی چالاک و کاریگەر ڕێک بخەن، بە باوەڕی من دەتوانن وەزنی سیاسییان وەک وەزنی ڕاستیی ئەوان لە چوارچێوی ئێراندا زۆرتر ببێت.

**دوکتور، مەترسییەکانی سەر شۆڕش ژینا دەبینین و بەشێکیشی باس کرا، چ بکرێ لە پرسی ئاڵترناتیڤسازیدا کورد سەری بێ‌کڵاو نەمینێتەوە. ئایا دەکرێ هەموو شتێک جارێ تەنیا فیدای ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی بکرێت؟**

نا. بە باوەڕی کورد لەچاو گەلەکانی دیکەی ئێران قوربانیی زۆرتریان داوە و، ئەگەرچی ئەو کارانەی کە ئێستا حکوومەت دەیکا یانی ژمارەی کوژراوەکان، ئەو کەسانەی کە ئێعدام دەکرێن، ئەشکەنجە دەدرێن یا لەو ٢٠ هەزار کەسەی کە لە زیندان دان، بەشی زۆری ئەوانە غەیری کوردن. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کوردستان بەپێی حەشیمەت و ئامار زیاتر لە بەشی خۆی قوربانی و تێچووی داوە، بەڵام ئەوەش نابێ بێتە هۆکار بۆ ئەوەی کە کوردەکان پاشەکشە بکەن. باشە ئێمە کاری خۆمان کردووە و چاوەڕوانین، نا ئەوە وا نییە. ئەوە پرۆسەیەکە دەبێ بچێتە پێشێ و نابێ بکووژێتەوە. ڕەنگە ئێستا هێندێک کەس بڵێن من لە دەرەوەی وڵاتم، دانیشتووم و جێگام خۆشە، من باسی مەسەلەیەکی سیاسی دەکەم، باسی مەسەلەیەکی تاکەکەسی ناکەم. مەسەلەکە ئاوایە و ئەو مەسەلەیە لە کوردستان بە هەر شێوەیەکی کە پێویستە دەبێ بەردەوام بێ و دەبێ ئەو جموجۆڵە زیندوو بمێنێ. بەڵام چۆن؟ ئاشکرایە لە داهاتوویەکی میان ماوەشدا، ئەو حکوومەتە ناتوانێ بەو شێوەیە بەردەوام بێ. ئەگەر بەو شێوەیە بەردەوام بێ، پاشەکشەکردن بۆ کوردان لە ئێستادا دروست نییە و سیاسەتی چالاک دەبێ لە چەندین بەرەدا هەبێ. مەسەلەی نافەرمانیی مەدەنی دەبێ هەبێ، مەسەلەی ئەو خۆپیشاندانە دەبێ هەبێ، مەسەلەی تێکهەڵچوون لەگەڵ دەسەڵات دەبێ هەبێ و لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە فەرهەنگی خۆڕاگری هەم دەبێ قووڵتر بکرێ و هەم دەبێ بەربەرینتر بێت. ئەوە فەرهەنگی خۆڕاگریی کورد لەگەڵ ئێران و لەگەڵ گەلەکانی دیکەی ئێران و ڕاپەڕینی ئەوان، ئەو پێوەندییە پێک دێنێ. ئەو پێوەندییە لە هەلومەرجی ئێستادا بەڕێکخراو و بە شێوی سیاسی، ئیدئۆلۆژیک کە لەسەر هێڵێکی تایبەتی بڕوا نییە، بەڵام ئەو پێوەندییە ئەوەیە کە ئەو، فەرهەنگی خۆڕاگرییە دەبێ توندوتۆڵ و بەرفراون بکرێ. ئەوە کوردستان هەمیشە لە ناوەندی ئەو شۆڕشەدا ڕادەگرێ. نابێ کوردستان کارێک بکا ئەو جێگای کە ئێستا بەدەستی هێناوە و لەڕاستیدا ئەگەر سەرنج بدەین چالاکیی کوردستان و بەلووچستان لەو شۆڕشەدا، ڕۆڵی ناوەند و پەراوێزی گۆڕیوە.

کوردستان دەبێ ئەو ئیمتیازی کە بە دەستی هێناوە ڕای بگرێ و ئەوە زۆر گرینگە، هەروەتر بەلووچستان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلەی کلیدی لێرەدا هەستانی تاران و ئەو بەشانەی ئێرانە کە بەڕواڵەت وەکوو ناوەند ناسراون. ئەوکات ئەگەر کوردستان پاشەکشە بکا و ئەو وەزعە لەوێ بێتە پێشێ، تەنانەت ئێستا ئەگەر ئەو جموجۆلە تووشی بۆشاییەک و بێدەنگییەک هاتووە، بەڵام ئەگەر تەقینەوەیەکی گەورەتر لە داهاتوویکی زۆر نیزیکدا ڕوو بدات، بێ‌شک لەوێیە. بۆیە کوردستان پێگەی ئێستای لە شۆڕشی ژینادا لە دەست بدات. ئەوە بە باوەڕی من ئەساسییە، گرینگە و هەروەتر دەبێ ئەو قورساییە کە لە چواچێوی ئەو شۆڕشەدا بەدەستی هێناوە، ئەو وەزنە لە واقعییەتدا کوردان و جوغرافیای کوردان، بەنیسبەت جەماوەر و هێزی ئابووری ئەوانە و، ئەو قورساییە کە بە دەستی هێناوە نابێ لە دەستی بدا و تەنیا و تەنیا قووڵترکردنی ئەو فەرهەنگی خۆڕاگرییەیە کە ئەمە دەستەبەر دەکا. بەدوای ئەوەدا دەبێ شەبکە و ڕایەڵەکەسازی لە شارەکاندا هەبێ هەمووان لە ئاستی سەرانسەری و دەرەوەی وڵات لە ئەرکەکانیان بەردەوام بن.

**زۆر سپاس دوکتور کە کاتتان بۆ ئەو دیمانەیە دانا**

سپاس بۆ ئێوەش سەبارەت بە بانگهێشتی من

# #ژن_ژیان_ئازادی

# لە بەرنامە و خەباتی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان‌دا



تاهیر قاسمی



ئەم ساڵ لە کاتێکدا بەرەو یادی دووی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان دەچین کە ئەوە ماوەی پتر لە چوار مانگە شۆڕشێکی گشتگیر و جەماوەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەموو بەشەکانی ئێرانی تەنیوەتەوە. شۆڕشێک کە دژبە کوژرانی کچێکی کورد لەلایەن چەک‌بەدەستانی کۆماری ئیسلامی هاتە ئاراوە. چەخماخەی شۆڕشەکە ئەو کاتە لێ درا کە بە هەزاران کەس لە تێکۆشەرانی کورد، لە کاتی ناشتنی تەرمی "ژینا"، لە گۆڕستانی ئایچیی سەقز ئامادە بوون و دژبە دەسەڵاتی داگیرکەر و بۆ بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی ژنی کورد و شۆناسی نەتەوەیی کورد، دروشمیان دا. دواجاریش هەر لەو کۆبوونەوە و لە دروشمەکانی ئەو خۆپێشاندانەوە، بانگی "ژن، ژیان، ئازادی" سەرانسەری ئێران و جیهانی گرتەوە و بوو بە دروشمی سەرەکیی شۆڕشی ژینا.

دروشمەکە سەرەتا بە کرچی و لە شێوەی ژن-ژینا و ژن- ژینا- ئازادی‌دا گوترایەوە، بەڵام لە ڕەوتی خۆپێشاندانەکەدا بیچمی گرت و بە شێوەی "ژن، ژیان، ئازادی" لەنێو جەماوەرەوە زایەڵەی دایەوە. ڕۆژی دواتر خوێندکارانی زانکۆی تاران کە یەکەم شوێن بوو لە ئاستی سەراسەریی ئێراندا بانگی نارەزایەتییان بۆ خەڵکی کوردستان ئەستاندەوە، دروشمەکەیان بۆ سەر زمانی فارسی گۆڕی و وەک دروشمی سەرەکیی خۆپێشاندانەکەیان، گوتیانەوە. بەو جۆرە "ژن ژیان ئازادی" بوو بە دروشمی سەرەکیی ئەو سەرهەڵدانە ئازادیخواز و شوناسخوازانەیەی کە لە بوارەکانی سیاسی، فەرهەنگی، ئایدۆلۆژی، ئابووری، پێوەندییەکانی دەرەوە و هێنانە سەر هێڵی بیروڕای گشتیی جیهانی‌دا، تەنگی بە ک. ئیسلامی هەڵچنیوە.

لە باری واتاییەوە، دروشمی "ژن ژیان ئازادی" دەکرێ لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ بکرێ؛

– لە ڕوانینێکی سەرەتاییانەدا وا دەنوێنێ کە ژن وەک دایک سەرچاوەی ژیان و خوڵقانی مرۆڤە و لەو گۆشە نیگایەشەوە داکۆکی لە ئازادیی ژن دەکا.

– هەر لە ڕاستای بە ژنانە دیتنی کۆی دروشمەکەدا دەکرێ وەک دروشمێکی یەکسانیخوازانە کە لە ڕاستای دابینکردنی ژیان و ئازادی بۆ ژن‌دایە، سەیر بکرێ و هەر دوو چەمکی ژیان و ئازادی تێیدا تەنیا بۆ ژن بگەڕێندرێتەوە.

– وێڕای ئەوانە دەکرێ سێ چەمکی ژن، ژیان و ئازادی لە دروشمەکەدا بە جیاواز لێک بدرێنەوە و دروشمەکە بە شێوەی گشتگیرتر هەڵبسەنگێندرێ. بەو واتایە سەرهەڵدانێک کە دژ بە کوشتنی ژن دەستی پێ کردووە، لە پێناو دابینکردنی مافی ژیان و ئازادی بۆ هەموو کۆمەڵگە تێ‌دەکۆشێ و دژبە دەسەڵاتێک دەوەستێتەوە کە ئازادیی لە مرۆڤەکان و لە سەرووی هەموان لە ژن داگیر کردووە و مرۆڤەکان بەسانایی دەکوژێ و ژینا ئاسا ژیانیان لێ دەستێنێ. دیارە چەمکی ژیان لێرەدا دەتوانێ ئاماژە بە مافی بژیو و گوزەرانیش بێ لەو وڵاتەدا کە دەسەڵاتی دیکتاتۆر خەڵکەکەی لە پێناو ئایدۆلۆژیا چەوتەکەیدا لە تەنگانە ناوە و بژیو و ژیانی لێ ئاستەم کردووە.

ئەم سێ لێکدانەوەیە پێ‌بەپێی بەرینبوونەوە و پەرەگرتنی خۆپێشاندانەکان، ڕەنگە لە بیر و هزری خۆپێشاندەران و چاوەدێرانیشدا جۆرێک ڕەوتی گەشەکردنی دروشمەکە پێشان بدا، بەڵام لەم بابەتەدا زیاتر بە ئاراستەی خەباتی یەکسانیخوازیی ژن لە کۆمەڵگەدا چاوی لێ دەکرێ. چونکە لە یەکەم کۆبوونەوەی نارەزایەتیشدا کە دژبە کوشتنی ژنێکی کورد هاتە ئاراوە، خوڵقان و گوتنەوەی ئەو دروشمە زیاتر لە هەر هۆکارێک بۆ باوەڕی خەڵکەکە بە ماف و ئازادییەکانی ژن دەگەڕێتەوە. ئەم باوەڕەش سروشتییە بە شەوێک لەدایک نەبووە و ڕەگی لە فەرهەنگی خەڵکەکە و لە دەیان ساڵ خەباتی بەردەوامی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئازادی و لەوانەش بۆ ئازادیی ژنی کورددایە.

پێش ئەوەی خەباتی مۆدێرنی ئازادیخوازانەی کورد دەست پێ بکا و خەبات بۆ یەکسانیی مافی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەدا ببێ بە یەکێک لە بنەما نەگۆڕەکانی ئەم خەباتە، ژنی کورد بە تایبەت لە دەڤەری سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا، لە هێندێک بواردا خاوەنی ماف و تا ڕادەیەک یەکسانی لەگەڵ پیاو لە کۆمەڵگەی سەرەتایی کوردستاندا بوو. ئەم بۆچوونە هەم بە وردبوونەوە لەو بەیت و چیرۆکە فۆلکلۆریانەدا دەردەکەوێ کە هەڵقوڵاوی باوەڕە لەمێژینەکانی کۆمەڵگەن و هەمیش لەو داب و نەریتانەدا کە لە کۆمەڵگەدا ڕەگیان داکوتاوە. بۆ وێنە لە زۆربەی نیزیک بە تەواوی بەیتە ئۆستوورەییەکاندا کە کۆنترین باوەڕەکانی کورد تێیاندا ڕەنگی داوەتەوە، دوو قارەمانی سەرەکی هەیە کە کەسایەتیی یەک لەو دوو قارەمانە ژنە. ئەو یەکسانییە لەسەر ناوی بەیتەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە؛ وەک خەج و سیامەند، مەم و زین، شێخ فەرخ و خاتوو ئەستێ. تا ئاستێک کە لە بەیتی لاس و خەزاڵدا تای تەرازووی یەکسانییەکە بە لای قارەمانی ژندا قورسایی دەکا و دەسەڵاتە سەرەکییەکە لەنێو چیرۆکەکەدا بە ژن دراوە. لەنێو داب و نەریتەکانی کۆمەڵگەشدا، بە سەرنجدان بەو ڕاستییە کە ژیانی کوردەواری لە سەرەتاوە پتر کۆچەری و گوندنشینی بوو، دەبینین ژنان بێ شەرم و ڕووگرتن و خۆپەنادان، شان بە شانی پیاوان لە کار و بەرهەمهێناندا بەشدارن کە هەر ئەوە جۆرێک لە ماف و یەکسانی پێ دەبەخشین. ڕەنگە هەر ئەو هاوبەشییە لە بەرهەمهێناندا بوو کە لە کۆمەڵێک کایە و یاریدا کچ و کوڕ وێکڕا بەشدارن و بە گەورەیی لە گەڕی ڕەشبەڵەکیشدا شان بە شانی یەک هەڵدەپەڕن. تەنانەت ژن دەسەڵاتی ئەوەشی هەیە کە بۆخۆی هەڵبژێرێ کە لە دەستی کام پیاودا هەڵپەڕێ. ئەو کاتەش کە کچ و کوڕ بەهۆی دەستەنگی یان بەربەستە کۆمەڵایەتییەکان نەتوانن بەئاسایی زەماوەند بکەن و ژیانی هاوبەش پێک بێنن، ئەوە هەڵگرتن و ڕەدوو کەوتن لە ڕوانگەی کۆمەڵگەدا کردەوەیەکی هێندە قەباحەت نەبوو.

بەڵام لەگەڵ پەرەگرتنی شارستانییەت و ژیانی شارنشینی، ئازادییەکان لە ژنان ئاستەنگ کرانەوە. نە شارەکان ئەوەندە پێشکەوتوو بوون تا پیشەسازییان تێدا بەهێز بێ و کار بۆ ژن هەبێ و نە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری برەوی هەبوو تا بتوانن لە بەرهەمهێناندا بەشدار بێ. بۆیەش لە چەرخەی بەرهەمهێناندا نەما و ئەوەش بوو بە هۆ کە وەک کاڵا و کارکەر لە ماڵەوە سەیر بکرێ و بە کردەوە بە بەشێک لە سامانی پیاو حیساب بکرێ. بەو جۆرە ژن ناچار کرا لەنێو ماڵ و لە "حەرەمی" پیاودا بمێنێتەوە و کە چوو بۆ دەرەوەش، بە پۆشینی پەچە و ڕووبەند، ئەو کۆت و بەندە بە دەوری خۆیدا بپارێزێ. لە وەها دۆخێکدا کە دۆخی دیلییە، خەبات بۆ ئازادی دەست پێ دەکا. لەو گۆشە ڕوانینەوە شیمانەی ئەوە سەر هەڵدەدا کە خەبات بۆ ئازادیی ژن و یەکسانیی کۆمەڵگە یەکەم جار لە شارە گەشەنەسەندووەکانەوە دەستی پێ کردووە.

شاری مەهاباد لە سەردەمی لەدایکبوونی کۆمەڵەی ژێکاف، حیزبی دێموکرات و دواتر کۆماری کوردستاندا شارێکی گەشەنەسەندوو بوو. ژنانی ئەو شارە و شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش نە ئازادییەکانی ژنانی لادێیان هەبوو، نە لە شارێکی پیشەسازیدا دەژیان کە بتوانن لە باری ئابوورییەوە سەربەخۆ بن و نە کۆمەڵگەی پیاوسالار بەو ئاستە لە ڕووناکبیری گەیشتبوو کە دەرفەتیان پێ بدا کە وەبەر خوێندن بنێرێن و چاویان بکرێتەوە. لە وەها دۆخێکدا بزووتنەوەیەکی سیاسی و ئازادیخوازانە لەو هەرێمە هاتە ئاراوە کە ئەگەرچی تەواوی ڕێکخەرانی پیاو بوون بەڵام هەر لە سەرەتاوە خۆیان لە پرسی ژن و ئازادی بۆ ژن نەبوارد. بەڵام ئەو ئازادیخوازییە لە سەرەتاوە تا کۆتایی وەک‌یەک و بەپێی بەرنامەی ڕوون و ڕێک نەبوو بەڵکوو لە مەودای تێکۆشانە سیاسییەکەدا گەشەی کرد و قووڵبوونەوەی بەرچاوی بە خۆیەوە دیت.

دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف بە قۆناغی یەکەمی ئەو بزووتنەوە سیاسی و ئازادیخوازانەیە دادەنرێ. لە ڕوانگەی کۆمەڵەی ژێکاف‌دا نیشتمان ژنە کە وەک دایکێکی دیل سەیری دەکرێ و ئەندامی کۆمەڵە دەبێ هەوڵ بدا لەو دیلییە ڕزگاری بکا. ڕەنگە ئەو ڕوانینە لە "ناخوداگای" داهێنەرانی کۆمەڵەدا کە زۆربەیان لاوانی ڕووناکبیری شار بوون، لە هەمان دیاردەی دیلیی دایک یان ژن لە ژێر چارشێو یان چوارچێوەی ماڵ، کەوتبێتەوە. ئەم بیرە لە ناو کۆمەڵەدا زاڵ بوو. پێشاندانی ئەو ڕوانینە لە شانۆنامەی دایکی نیشتماندا یەک لە بەرچاوترین کارەکانی کۆمەڵە بوو. لەو شانۆنامەیەدا دایکی نیشتمان دیل بوو و لاوان دەبوو ڕزگاری بکەن. ئەو ڕوانینە لە هزر و بیری ئەندامانیدا ڕەنگی دەدایەوە. هەژار وەک یەک لە وەفادارترین ئەندامانی کۆمەڵە، لە شێعری هەژار و نیشتماندا دەڵێ:

**"دوێشەو زۆر بە سۆز کاتی بەربەیان**
**هاتە گوێم ناڵە و زایەڵەی گریان**

**بە سەد مەرارەت لە بنیانم کرد**
**دیتم وا دایکی نیشتمانی کورد**

**دەگری و دەناڵێ وەک هەوری بەهار**
**ڕەشی پۆشیوە لە سەر تا بە خوار"**

گەڕانەوە بۆ ژیانی ساکاری لادێ و چوونەوە سەر داب و نەریتەکانی کوردەواری، ڕوانگەیەکی دیکەیە کە تێکۆشەرانی کۆمەڵە پێیان وایە لەو ڕێگایەوە ئازادی بۆ ژن دەگەڕێندرێتەوە. ئەوە بۆ وێنە لە بەشێک لە شێعرەکانی ئەو سەردەمەی هێمندا ڕەنگی داوەتەوە کە دەکرێ وەک ڕەنگدانەوەی بیری ژێکاف لە شێعرەکانی ئەو سەردەمی شاعیر لێی بڕوانین؛

**"کچە کوردێکی نەشمیل و لەباری**
**بەوەی نییە ماوەیەکە چوویە شاری**

**ئەگەر پێتخۆشە هەروا بتپەرستم**
**نەکەی لادەی لە دابی کوردەواری"**

یان؛

**"کیژی شێخ و کیژی حاجی و کیژی ئاغا ڕەنجەڕۆن**
**کیژی ئازادە ئەوی ژینی بەنووکی گاسنە"**

هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی ژن بۆ نێو کۆڕی خەبات و شان بە شانی پیاو ڕوانگەیەکی ترە کە ڕووناکبیرانی کۆمەڵە وەک ڕێگای دەستەبەر کرنی ئازادی بۆ ژن دەستنیشانیان کردووە. بۆچوونێک کە دواتر و بە پەرەگرتنی خەباتی چەکداری لە حیزبەکانی کوردستاندا بەهێزتر بوو. هێمن لە "وتووێژی کچ و کوڕ"دا دەڵێ:

**"بپسێنە لە پێ تۆ زنجیر و کۆت**
**دێدە گیان بدە یاریی برای خۆت**

**لەگوێن ژاندارک هەستە وەک مەردان**
**دوژمن وەدەر نێ لە خاکی کوردان"**

گەرچی هەمووی ئەو شێوە ڕوانین و ڕێگا پێشنیاریانە بۆ ڕزگاریی ژن تا کۆتایی تەمەنی کۆمار و دواتریش لە برەو نەکەوتن، بەڵام بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەرچەرخانێکی بنەڕەتی بۆ چۆنیەتیی چارەسەریی پرسی ژن هاتە ئاراوە و لە هەوڵی ئازاد کردنەوە بۆ تێکۆشان لە پێناو یەکسانیی مافی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەدا گۆڕدرا. حیزب لە مەرامنامەی خۆیدا کە چەند مانگ بەر لە دامەزرانی کۆماری کوردستان بڵاوی کردەوە، دەستەبەرکردنی ئەو مافەی وەک ئەرکی خۆی دیاری کرد و ڕایگەیاند؛ **"لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کاروباری کۆمەڵایەتیدا پێویستە ژن مافی یەکسانی هەبێ لەگەڵ پیاودا"** (مەرامنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان- بەشی ٤ مادەی ٢١)

کوردستان
• ژمارە: ٨٣٩
٣٠ی بەفرانباری ١٤٠١ _ ٢٠ی ژانوییەی ٢٠٢٢

# دالغەکانی دواڕۆژی ئازادی

**باوان کرماشانی**

شۆڕشی ژینا ئەو ڕاستییەی بۆ هەموو لایەک ئاشکرا کردووە کە کۆمەڵگەی کوردستان هەم لە بواری ڕێکخستن و هەمژی لە بواری ئاستی تێگەیشتوویی و وشیاریی سیاسییەوە لە ناوچەکانی تری ئێران زۆر لەپێشترە، ئەمەش یەکێک لەو فاکتەرانەیە کە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا کوردستانی لە هەرێم و ناوچەکانی دیکەی ئێران جیا کردۆتەوە. دەبێت ئەوەش بوترێت کە کوردستان خاوەنی ڕابردوویەکی پڕئەزموونی چالاکیی بەربڵاو و گشتگیری سیاسی و هەروەها خاوەنی ویژمانی بەهێزی خۆیەتی کە گرینگترین هۆکاری ئەمەش بۆ هەبوونی حیزبە مێژوویی و ڕیشەدارە جەماوەرییەکان دەگەڕێتەوە.

ئەزموونی دەیان ساڵ کاری ڕێکخراوەیی، ڕێکخستن و بوونی حیزبە جیاوازەکان، بوو بەهۆی ئەوەی کە کوردستان بە شێوەیەکی جیاواز لە بەرانبەر ڕێژیمی داگیرکەری ئێراندا بەرگری لە خەبات و شوناسخوازیی خۆی بکات. زۆر بەڕوونی و سانایی لە شەقامەکانی کوردستان و لە دروشمەکانی خەڵکدا کاریگەریی دیسکۆرس و ویژمانی حیزبەکان، بەتایبەت لە دروشمی "هەموو خاکی ڕۆژهەڵات، بۆتە قەڵای دێموکرات... قاسملوو، قاسملوو ڕێگەت درێژەی هەیە و..." کاریگەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان دیار و بەرچاوە.

کۆمەڵگەی کوردستان بە هۆکاری ژینگە سیاسییەکەی و خەبات و تێکۆشانی دەیان ساڵەی حیزبە سیاسییەکانی بۆ ئازادی و ڕزگاری، زۆر بە باشی خوو و تایبەتمەندییەکانی ڕێژیمی دیکتاتۆر دەناسێت و بەپێی ئەو شارەزاییەی کە لەسەر ڕێژیمی داگیرکەری ئێران هەیەتی، پلان و بەرنامەی داهاتووی خۆی دادەڕێژێت کە ئەمەش دەستکەوتێکی گەورە و چارەنووسسازە و هەروەها دەبێتە هۆی جیاوازیی پێگەی کوردستان لە هەرێم و ناوچەکانی تری ئێراندا.

لەلایەکی دیکەوە بەپێی ئەوەی کە نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی تری ناو جوغرافیای سیاسیی ئێران چارەنووسیان گرێدراوی یەکترە، دەبینین کە بەشێکی هەرە زۆری کۆمەڵگەی ئێران (بەتایبەت دانیشتووانی شارەکانی ناوەند) بەهۆی ژینگەی ناسیاسی، نەبوونی ئەزموونی ڕێکخستن، نەبوونی پاشخانی کاری ڕێکخراوەیی و هەروەها نەبوونی ژێرخانی سیاسی و چالاکیی ئامانجدار، شارەزاییەکی ئەوتۆیان لەسەر میکانیزمی خەبات و شێوازەکانی بەرەوڕووبوونەوەی ماشینی سەرکوتکردنی دیکتاتۆر نییە و بەگشتی هیچ زانیارییەکیان لەسەر ڕەوتی یەکپارچەخوازی نییە و هەموو کێشەکان لە مانەوەی حکوومەتی ڕێژیمی ئیسلامیدا دەبینن. بۆیە لە بەشێکی گەورەی جوغرافیای سیاسیی ئێران و هەروەها لەنێو چینە جیاوازەکانی ئەو کۆمەڵگەیەدا تێگەیشتنێکی ورد و دروست لە کێشە و نەهامەتییەکانی ژیانی کەمینەکان (لە هەموو ڕەهەندەکانەوە) نییە. بۆ نموونە؛ تەنانەت لە بەشی توێژی بلیمەت و ئێلیتی ئەم کۆمەڵگەیەشدا ڕێژەیەکی زۆریان هێشتا جۆرەکانی زوڵم و ستەمی سیستەماتیکی وەک: ڕەگەزپەرەستی، بەفەرمی‌ناسینی مافی نەتەوەکانی ناو جوگرافیای ئێران، پرسەکانی ژنان، کۆمەڵگەی پەلکەزێڕینەکان، کەمینە ڕەگەزییەکان، کەمینە ئایینییەکان و هەموو ئەو شتانەی کە لە بزووتنەوە ئازادیخوازە پێشڕەوکاندا دەبینین، ناناسن و هەنووکەش نازانن چین.

زۆرینەی ئەوان تەنیا بوونی ڕێژیمی ئیسلامیی ئاخوندی بە دوژمن دەزانن، نەک لەو ڕوانگە ستەمکارانەی پیاوسالاریی ناوەندگەرای شیعەی فارسیی ئێرانشارییەوە کە زۆر جار سنوورەکانی فاشیزمیش تێپەڕ دەکات و دەیان ساڵە خوێنی نەتەوەکانی تر و خەڵکانی ئەو وڵاتە دەکەنە شووشەوە. ئەمە لە کاتێکدایە ئەو جۆرە وێناکردنە دەتوانێت لە خودی ڕێژیمی ئیسلامییش مەترسیدار بێت و لە درێژەی ئەو ڕێگەیەدا جارێکی تر ئێمە بخەنەوە باوەشی ملهۆڕییەتێکی دیکە و بەرەو کوشتارگەی دیکتاتۆریەتێکی دیکە بمانبەن. هەڵبەت کە ئەگەر ڕێژیمی ئیسلامی لەگەڵ دەبەنگیدا یەکسان پێناسەیان بکەین، بێگومان دەبێت بە چەکی زانست و وشیارییەوە بچینە گۆڕەپانی خەبات بە دژی دەبەنگی، نەک تەنیا دژایەتیکردنی!

هەرچەندە ئەم بەشە گەورەیەی کۆمەڵگە ئەو پەرچەکردارە بە سیاسی دەزانن، بەڵام ئێمە ناتوانین سیاسی‌بوون تەنیا بۆ دژایەتیکردنی ڕێژیمێک دابەزێنین. سیاسی‌بوون پێویستی بە زانستی سیاسی، داخوازیی مافویستانە، ئاراستە و هەڵوێستگریی سیاسی لەسەر پرسەکان هەیە.

ئێریک فروم، لە کتێبی "دەربازبوون لە ئازادی"دا دەڵێ: زۆرینەی ئەو کەسانەی بە دوای ئازادیدا دەگەڕێن، لەڕاستیدا بە دوای



"ئازادی لە" دەگەڕێن، واتە کەسێک یان ناوەندێک ژیانی بۆ ئەوان دژوار کردووە و ئەوانیش بە دوای ئازادی لە دەستی ئەو کەسە یان ئەو ناوەندە دەگەڕێن. ئێمە هەنووکە و لەم کاتە هەستیارە مێژووییەدا لە بەر درگاکانی ئازادی‌داین و بە کرانەوەی ئەو درگاگەلە، بەرپرسیارەتیی قورس و دژاور دەکەوێتە ئەستۆی هەموو لایەکمان. کاتێک ئەو درگایە بکرێتەوە، ئێمە لەگەڵ ئازادییەکی بێ‌سنوور بەرەوڕوو دەبینەوە کە ئەگەر هەموو بنەما و ئەندامانی کۆمەڵگە لە بەرانبەر ئەو دەستکەوتەدا خۆیان بە بەرپرسیار نەزانن، زۆر مەترسیدار دەبێت و لێرەشدا ئەو پرسیارە دەێتە پێش کە ئایا ئەو ڕێژە زۆرەی کۆمەڵگەی ئێران کە سنووری ئازادی تەنیا لە نەمان و ڕووخانی ڕێژیمی ئێراندا بەرتەسک دەکەنەوە، دەتوانن ئەو بەرپرسیارەتییە قورسە بە دروستی و ڕێکوپێکی بگرنە ئەستۆ و بیگەیەننە ئامانج؟ چونکە هەڵگرتنی ئەم بەرپرسیارەتییە قورس و گەورەیە، جیا لە چارەنووسی خۆیان، کاریگەریی لەسەر چارەنووسی نەتەوەکانی دیکەش لە چوارچێوەی جوگرافیای سیاسی ئێراندا هەیە.

ئێریک فروم ئەم ئازادییە بە "ئازادی بۆ" پێناسە دەکات. "ئازادی بۆ"، دیاری دەکات کە ڕێژەیەکی زۆری کۆمەڵگە بە هیچ شێوەیەک لەسەر بەرپرسیارەتییەکانی ئەو ئازادییە زانیارییان نییە و نازانن کە بۆچی ئازادییان دەوێت. لێرەدایە کە دەبێت بپرسین ئایا ئەو بەشەی کۆمەڵگەی ئێران بە بیستنی دەنگی سەرکوتکراوەکان کە لە ماوەی دەیان ساڵی ڕابردوودا کپ کراوە، چە پەرچەکردارێکیان دەبێت؟ ئەو بەشەی کۆمەڵگە یان بە ڕوونتر باسی بکەین، زۆرینەی ئەو کۆمەڵگەیە تا چ ڕادەیەک ویست و داخوازیی فرەپێکهاتەیی و لەڕاستیدا ڕەنگاڵەبوونیان پێ قەبووڵ دەکرێت؟

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کراوە، بە باوەڕی نووسەری ئەم بابەتە، لە بازەیەکی کاتیی هەستیار و مێژوویی هەنووکەدا دەبێت لە ئێستەوە بەجیددی بیر لە "ئازادی بۆ" بکەینەوە، لەبەر ئەوەی کە بەرنامەڕێژییەکی نووسراوە بۆ ئەو مەبەستە ئامادە بکرێت، چونکە بێگومان لە ڕەوتی هەر شۆڕشێکدا دەستکەوتەکانی ئەو شۆڕشە، لە خودی شۆڕشەکە گرینگترن.

---

درێژەی ژن، ژیان، ئازادی لە بەرنامە و...

حیزب هەر لە ڕۆژی یەکەمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا هەوڵی دا بەو بڕیارەی خۆی وەفادار بێ. لە جێژنی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا، ژنانیش بەشدار بوون. دوو ژن وتاریان خوێندەوە و بانگەوازیان لە ژنانی کورد کرد تا وەک پیاوەکان خۆیان پێ بگەیەنن و هەوڵ بۆ سەرکەوتنی وڵات بدەن. گەرچی نە بەشدارییان و نە ڕادەی وتارخوێنە ژنەکان لە قەدەر نیوەکەی دیکەی کۆمەڵگە نەبوو، بەڵام بۆ کۆمەڵگەی سوننەتیی ئەوکاتی کوردستان، لەنێو نەریتی ڕاگیرانی ژن لە چوارچێوەی ماڵدا و ڕێژەی کەمی ژنانی خوێندەوار لەو کۆمەڵگەیەدا، هەنگاوێکی گرینگ بوو. "خەدیجە مەجدی" یەک لە ئاخێوەرانی ئەو میتینگە بوو کە ڕوو لە ژنان گوتی؛ **"ئێستا خوشکانی بەڕێزم وەرن چاو لە پیاوەکان بکەین و دەستمان بخەینە نێو دەستی یەکترەوە. چونکە دەبینم کە دایکی نیشتمان چاوەڕوانە کچەکانیشی دەست بە تێکۆشان و خوێندن بکەن تا ئێمەش بگەینە ئاستی براکانمان. دنیا پێویستی بەوە هەیە کە کچان و کوڕان وەک خوشک و برا بۆ ئازادیی دایکی نیشتمان، دەست بدەنە دەستی یەکتر."**

لە ژێر سێبەری باوەڕەی یەکسانیخوازانەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، کۆماری کوردستان لە سێ بواردا هەوڵی دا ئەو ئامانجە دەستەبەر بکا کە لە مەرامنامەکەیدا بەڵێنی دابوو:

یەکەم؛ دامەزراندنی ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان

دووهەم؛ بەشداری‌پێکردنی ژنان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە

سێهەم: خوێندەوارکردنی کچان تا ئاستی بەتۆبزی پێ‌خوێندنیان

ڕۆژی ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ کۆمار بە دامەزرانی "یەکێتی یایانی کوردستان" یان "حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان" هەنگاوی بەکردەوەی خۆی لە بواری دەستەبەرکردنی ماف و هێنانی ژنان بۆ ناو کۆڕی خەبات هاویشت. مینا قازی خانمی یەکەم و هاوسەری پێشەوای کوردستان سەرۆکایەتیی ئەو ڕێکخراوەی بەئەستۆ گرت. ئەو ڕێکخراوەش لە یەکەم هەوڵەکانیدا، داوای لە ژنانی کارلەدەستهاتوو کرد کە بۆ بوارەکانی ژمێریاری، سندووقداری، سکرتێر و خەزێنەداری داوای کار پێشکەش بکەن. ئەوەش وەک هەنگاوێک بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ خانمان لە ڕاستای سەربەخۆیی ئابووریی ئەواندا چاوی لێ دەکرێ. ئەمە هەروەها لە وتارێکی یای مینا قازیشدا ئاماژەی پێ کراوە کە دەڵێ "ئێمە نابێ هەر وا چاومان لە دەستی مێردەکانمان بێ تا پووڵ و جل و زێڕمان بدەنێ". ڕێکخراوەکە لە ڕاستای ڕوونکردنەوەی ژناندا دەستی کرد بە سازکردنی کۆبوونەوەی زانیاری‌بەخشین و وەڕێخستنی پۆلەکانی خوێندن بۆ ژنانی گەورەساڵ کە زۆربەیان ئەندامەکانی خۆی بوون.

هەنگاوی دیکەی کۆمار بۆ پێگەیاندنی ژنان، خوێندەوارکردنی کچان، شان‌بەشانی کوڕان بوو. لە ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستاندا هاتووە: "لەسەر ئەمری پێشەوای موعەززەم و قەراری حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەوەی بەولاوە پێویستە بۆ پەرەپێدان و ڕەواجی زمانی کوردی، خوێندن لە مەدرەسەکاندا بە کوردییە. لەو تاریخەوە تا ١٠ ڕۆژی دیکە هەر کەسێک کوڕ و کچی هەبێت کە عومری ئیقتیزای خوێندن بکا، دەبێ بنێرێتە مەدرەسە. ئەڵبەتە هەرکەس لەو ئەمرە ڕوو وەرگێڕێ بە توندترین موجازات تەنبێ دەکرێ".

بەپێی ئەو ئاگادارییە، کچان نەک هەر وەک کوڕان دەبەر خوێندن دەنرێن بەڵکوو پێ‌خوێندن بەتۆبزییە و "هەر کەس لەو ئەمرە ڕوو وەرگێڕێ"، "بە توندترین" شێوە سزا دەدرێ.

ئەو بڕیارە تەنیا بۆ شاری مەهاباد نەبوو. هەوڵ درا هەموو ئەو شارانە بگرێتەوە کە لەژێر دەسەڵاتی کۆماردا بوون. لە ژمارە ٢٤ی ڕۆژنامەی کوردستاندا ڕاپۆرتی کردنەوەی یەکەمین خوێندنگەی کچان لە شاری شنۆ هاتووە. حەسەن کازمی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە ڕایگەیاندووە کە "پێویستە هەموو خەڵکی شار سپاسی ڕێبەری حیزبی دێموکرات بکەن بۆ ئەم خزمەتە گەورەیە و بەخۆشی و مەیلەوە کچەکانیان بنێرن بۆ ئەم خوێندنگەیە."

بێگومان ئەوانە هەموو ئەو خولیا و ئاواتە مرۆڤانە، نەتەوەیی و نیشتمانیانە نەبوون کە لە بەرنامەی حیزب و لە هزری ڕێبەرانیدا بوو. بۆ وێنە کاتێ ڕۆژنامەنووسێک لە پێشەوا دەپرسێ کە "فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان مافی دەنگدانی لە هەڵبژاردنەکاندا داوە بە ژنان، ئایا ئێوەش ئەم کارەتان کردووە؟" پێشەوا ئەم هەنگاوە بە هەنگاوێکی ئەرێنی لە قەڵەم دەدا و مەخابنیی خۆی ناشارێتەوە کە ئەوان نەیانتوانیوە "ئەو سەرکەوتنە بە دەست بێنن". بەڵام تەمەنی کۆمار لەوە زۆر کورتتر بوو کە بتوانێ قەرەبووی دەیان و سەدان ساڵ نەهامەتیی کورد و ژنی کورد بکاتەوە بەڵام بۆ هەر بوارێک توانی بناخەیەک بۆ دواڕۆژی کوردستان دابنێ کە دانانی بناخەی باوەڕ بە ژیان و ئازادی بۆ ژنی کورد یەک لە هەرە گرینگەکان بوو. ئەوەی کە سێ چارەگە سەدە دواتر بۆ داکۆکی لە گەڕاندنەوەی ماف بۆ ژن و دژ بە ئەستاندنی ئازادی و ژیان لە ژنێکی کورد لە چوارچێوەی دروشمی ژن – ژیان – ئازادی‌دا زایەڵەی دایەوە. باوەڕێک کە زۆر پێشتر لە بەرنامەی حیزبی دامەزرێنەری کۆماردا بە ڕوونی ڕاگەیەندرا، لە بەرنامە و کاری کۆماردا بە کردەوە کاری بۆ کرا، لە وتەی ڕێبەرانیدا و لە وتاری نووسەران و وتاردەرانیدا داکۆکی لێ کرا و لە شێعری شاعیرانیدا ڕەنگی دایەوە. باوەڕێک کە هێمن، شاعیری نەتەوەیی کۆمار لە "یادگاری شیرن"دا بە لێبڕاوی ڕایگەیاند:

**"با هەزار زێ و گادەر و لاوێنی ڕوونیشمان هەبێ**
**تاکوو "ژن" "ئازاد" نەبێ، سەرچاوەکەی "ژین" لیخنە"**

***

ژێدەر:

– ئەسکەندەری، ئەحمەد چەند سەرنجێک لەسەر پێگەی ژن لە کۆماری کوردستان و هەڵوێستی سیاسەتمەداران.

– موجاب، شەهرزاد، ژن و ناسیونالیزم لە کۆمارە کوردیەکەی ١٩٤٦دا، وەرگێڕانی محەممەد حەمەساڵح تۆفیق

– هەژار، ئاڵەکۆک

– هێمن، تاریک و ڕوون

---

درێژەی لاپەڕەی ٥

## مەبەست و دەرەنجامی دەوردانەوەی حیزبەکان و...

١/ بێبەش بوونی دژبەرانی حیزبایەتی لە پێگەی جەماوەری و هەوڵدان بۆ دروستکردن یان سەپاندنەوەی مەشرووعیەتی سیاسی لە دەرەوە و لە سەرەوەی چوارچێوە نەریتی و دامەزراوەییەکان؛ ٢/ ترس لە بیسترانی دەنگی ڕوونی خەڵک بەتایبەت لە بەستێنی ناسنامەخوازیدا لەڕێگەی دروستکردنی کاکۆفۆنی (تێکەڵکردنی دەنگە ناسازەکان).

### ئەو بابەتە لە ڕوانگەی گەلانی ژێردەستەی ئێرانەوە

گەلانی ژێردەستەی ئێران و حیزبەکانیان بەتایبەت لە کوردستان (وەک سیاسیترین و ڕێکخراوترین بەشی ئێران) کێشەی سەرەکییان لەگەڵ هەردوو پێشنیاری ئاماژەپێکراو هەیە و مەبەستی مەزنیخوازانە و خۆسەپێنانە لەپشت ئەو پێشنیارانەوە دەبینن. سەبارەت بە سروشت و فۆرمی ڕێژیمی داهاتوو، ئەو حیزبانە لەمێژە خاوەن ویستی ڕوون و گەڵاڵەکراو لەپێوەندی لەگەڵ بەفەرمی ناسینی پێکهاتەی فرەنەتەوەی ئێران و جێبەجێ کردنی فۆرمۆلی فیدراڵیزم لەسەر بنەمای ناسنامەی نەتەوەکانی نیشتەجێی ئەو وڵاتەن و بۆ وەدیهێنانی ئەو داواکارییانەش "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ"یان دامەزراندووە. هەر لە درێژەی ئەو ستراتیژییەدا، لە ڕۆژانی ڕابردوودا ڕۆژنامەی "کوردستان" ئۆرگانی ناوەندیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە مانشێتی تازەترین ژمارەی خۆیدا، بەفەرمی ناسینی فرەنەتەوایەتی لە ئێران و گەرەنتیی مافە نەتەوەییەکانی کوردی وەک مەرجی بەشداریی ئەو حیزبە لە هەر چەشنە هاوپەیمانییەک لە ئاستی سەراسەریدا ڕاگەیاند.

تا ئەو جێگایەش کە دەگەڕێتەوە سەر ڕۆڵی حیزبەکان، هەر ئەوەندە بەسە ئاماژە بە نموونەیەکی مێژوویی لەدوای ئینقلاب بکەین. کاتێک پاییزی ١٣٥٨ خومەینی بەدوای خۆڕاگریی خەڵک و حیزبەکانی کوردستان لە بەرامبەر فەتوای جیهادەکەی تاکتیکی وتوویژی گرتە بەر، کۆمەڵێک لایەن دژایەتییان لەگەڵ بەشداریی دیارترین کەسایەتیی سیاسیی کوردستان واتە دوکتور قاسملوو لە هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورددا دەکرد، بەو بیانووە کە ناوبراو سکرتێری حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بوو. دوکتور قاسملوو لە وەڵامدا گوتبووی:"ڕێک لەبەر ئەوەی سکرتێری حیزبی دیمۆکراتم، لە هەیئەتەکەدا دەبم"!

### ڕوونبوونەوەی ڕیزبەندییەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆن، قووڵبوونەوەی کەلێنەکان، دوورەدیمەنی ڕێبەریی سیاسی

حەوتووی ڕابردوو یەکێک لە دەوڵەمەندترین حەوتووەکان بۆ ڕوونبوونەوەی ڕیزبەندیی نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دوورەدیمەنی ڕووخانی کۆماری ئیسلامیدا بوو. تەنیا چەند ڕۆژ دوای بەرجەستەبوونی ئەو باسانە و بڵاوبوونەوەی مانشێتی ڕۆژنامەی "کوردستان"، سیما و لایەنی دڵخوازی لایەنگرانی پێشنیارەکانی سەرەوە، تەبلیغاتچییەکانی خۆیانیان غافڵگیر کرد و بۆ چەندەمین جار ڕێکخراوێکیان دامەزراند کە ئەمجارە ناویان لێ نا "حزب ایران نوین". بەدەر لە کێشە سیاسی و فەلسەفییەکانی مەرامنامەی بەناو حیزبێک کە بۆ بنیاتنانی ئێرانێکی نوێ تەنانەت ژیریی هەڵبژاردنی ناوێکی تازەی نیە و وا دیارە بەنیازە تاقیکراوە سەرلەنوێ تاقی بکاتەوە، بە چاوخشاندنێکی سەرپێیی بەو مەرامنامەیە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو ڕەوتە تا چ ڕادەیەک دژی بەفەرمی ناسینی نەتەوەکان لە ئێراندا و ڕەنگدانەوەی فرەیی ئێتنیکی لە بەستێنی گشتی و حکوومەتی‌دایە.

لەکاتێکدا کە حیزبەکانی کوردستان بە سینگفراوانی و بەدوور لە دەمارگرژی بەشداری لە باس و خواسەکانی پێوەندیدار بە پرسی هاوپەیمانی و ئالترناتیڤدا دەکەن و سەرەڕای باوەڕیان بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد، هێشتا لایەنگری پێکەوەژیان لە چوارچێوەی ئێراندان، ناوەندگەرایانی تەواویەتخواز لە دەرەوەی وڵات هەروا لەسەر هەڵوێستی توندئاژۆیانە و ئینکارگەرایانەیان لەئاست نەتەوەکانی ئێران سوورن. لە چارەڕەشیی گەلانی ئێران، لە پانۆرامای لایەنە دیارترەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا، ئەو بەشە کە زۆرترین دەستڕۆیشتوویی مێدیایی هەیە (ژاکۆبینیستە ئێرانییەکان) و ئەو بەشە کە زۆرترین نفووزی مەیدانیی هەیە (حیزبەکانی کوردستان) زۆرترین مەودای سیاسییان پێکەوە هەیە. گۆشەکەی تری ئەو سێگۆشە بێ‌شانسەش ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقە کە سەرەڕای بەفەرمی ناسینی مافی خودموختاریی کوردەکان، دوای تێپەڕینی چەند دەیە ئێستاش ڕوون نییە لە سبەینێی ئێراندا بەنیازن تاقیکاریی دێموکرات بوون و سێکۆلار بوون چلۆن دەرباز بکەن.

ئەگەر سروشت و ڕوانگەی لایەنە دیارەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی وەک خۆی بمێنێتەوە و ئەو لایەنانە ئامادە نەبن لەپێناو گەیشتن بە سەنتێزێکی سیاسی لە ئێراندا مایە لە بۆچوونەکانی ڕابردوویان دابنێن، لەوانەیە قازانجی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران (بەتایبەت لە کوردستان و بەلوچستان و ئەهواز کە باری قورسی شۆڕشی ئەمجارە زۆرتر لەسەر شانی وانە) چیدیکە لەوەدا نەبێ کە گرینگی بە ڕوانگە و بۆچوونی ئەو لایەن و کەسایەتییانە بدەن. ئاقاری جێگرەوە، یەکگرتوویی ئەو نەتەوانە چ لەنێو خۆیاندا و چ لەگەڵ هێزە چەپەکان لە چوارچێوەی ئەو هاوپەیمانییانەدا کە هەر ئێستا هەیانە و تەنانەت بوونیان بە مەرجەعییەتی سەرەکیی سیاسی لە ئێراندایە.


ئەگەر قەرار بێ دابەشکردنی دەسەڵات لە ئێرانی داهاتوودا سەرەنجام لەگەڵ واقعیاتی مێژوویی و دێمۆگرافیی ئەو وڵاتە یەک بگرێتەوە و بنیاتی دەسەڵاتدارێتی بەکردەوە دیمۆکڕاتیک و دادپەروەرانە بکرێ، بۆچی دەبێ مەرجەعیەتی سیاسی لە ئێراندا ئەو ڕوخسارانە بن کە لەڕێگای تویتەر و مۆنۆپۆلی میدیاییەوە هەوڵ بۆ جێ خستنیان دەدرێ؟ بۆچی نابێ ئەو مەرجەعیەتە ناوەندەکانی قورسایی شۆڕشی ژینا، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و مەولەوی عەبدولحەمید بێ کە لە مەیداندا تەنگیان بە کۆماری ئیسلامی هەڵچنیوە و لەو پێناوەدا تێچوو دەدەن؟

## هەگبەی شاخ و شۆڕش

# حەماسەخوڵقێنەکەی ئەشکەوتی حیسام‌لەشکر



## حاجی مەلابرایم ڕۆستەمی



برایم چووکەڵی

خەبات و بەربەرەکانی و تێکۆشانی هێزی پێشمەرگە لە چوار دەیەی ڕابردوودا بە یەکێک لە شانازییەکانی حیزبی دێموکرات دادەنرێ. لە ماوەی ئەو چوار دەیە لە ڕاستیدا جووڵانی هێزی پێشمەرگە بەحەق جێگای سەربەرزی و شانازییە نەک بۆ حیزب، بەڵکوو بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت بۆ گەلانی دیکەی ئێرانیش. ئەو زەبرە گاریگەرانەی لە پەیکەری هێزی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی دەکەوت و گرتنی موڵگەکان و شکاندنی کەمینەکان و بەربەرکانی قارەمانانەیان دەریخست کە پێشمەرگەی کوردستان چەندە ئازا و بەئیمان و لێوەشاوەن. شەهید حاجی مەلابرایم ڕۆستەمی، یەک لە فەرماندە و ئەستێرە گەشەکانی ئاسمانی خەباتە کە لە "هەگبەی شاخ و شۆڕش"ی ئەمجارەدا باس لە ژیان و بەسەرهاتی دەکەین.

حاجی مەلا برایم ڕۆستەمی ساڵی ١٣٠٦ی هەتاوی لەئاوایی "قۆرغان"ی مەهاباد لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر چاوی بە دنیای ڕوون کردەوە. کە گەورە بوو لەسەر ویستی باوکی ڕووی لە قوتابخانەی ئایینی کرد و لە حوجرەی فەقێیانی ئاوایی حاجی‌ئاڵیکەند گیرسایەوە و پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندنی ئایینی ڕووی لە گوندەکانی شێخ‌چۆپان و کانی‌زێرینە لە ناوچەی سەقز و سەرئەنجام گوندی تورجانی بۆکان کرد و ئیزنی مەلایەتیی وەرگرت.

مامۆستا حاجی مەلابرایم لە هەرەتی لاوەتیدا بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئەو بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزبی سەری بە هەموو ماڵێکدا دەکرد و کاتێک ساواک لە ساڵی ١٣٤٢دا پێی زانی، گیرا و خرایە سیاچاڵەکانی ڕێژیمی پەهلەوی. حاجی مەلابرایم لە زیندان ئازار و ئەشکەنجەی زۆر درا، بەڵام لێوەکانی لە ئاستی نهێنییەکانی حیزب هەڵنەپچڕی و شانازییەکی گەورەی بۆخۆی تۆمار کرد. مەلابرایم پاش ئازادبوونی لە بەندیخانە پێوەندی بە شۆڕشگێڕانی ساڵەکانی ١٣٤٦-١٣٤٧ی حیزبەوە گرت و سەرلەنوێ بۆ تێکۆشانێکی بەردەوام، بوو بە هاوکاری ئەو خەباتە ڕەوایە. ئەو بەهەموو جۆرێک خەڵکی دژی ڕێژیمی پاشایەتی هان دەدا تا بەگژ دیکتاتۆریدا بچنەوە. ئەو لە خۆپێشاندانەکانی شۆڕشی ساڵی ٥٧دا چالاکانە بەشداریی کرد و سەرەڕای ئەوەی خێزاندار و باری ژیانی لەوپەڕی خراپیدا بوو، بەڵام لەگەڵ ڕاگەیاندنی فیتوای جیهادی خومەینی دژی کورد بوو بە پێشمەرگە.


حاجی مەلابرایم لە پێدەشتەکانی ناوچەی شارویران بەشداریی حەماسەکانی هێزی پێشمەرگەی دەکرد و پاش ماوەیەک بەهۆی ئازایەتی و کارامەیی وەک فەرماندەری لک دیاری کرا. کاتێک ناوچەی هەوشار کەوتە بەر پەلاماری هێزەکانی ڕێژیم، حاجی مەلابرایم لەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا ڕوویان لەو ناوچەیە کرد و بە ئەزموونەکانی خۆی لە زۆر شوێنی ئەو ناوچەیەدا پێشی بە هێرشی داگیرکەر گرت.

بەرەبەیانی ١٦ی خەرمانانی ١٣٥٩، سیوادی بەیانی ڕووناکیی ئەستێرە گەشەکانی ئاسمان ڕوو لەکزی بوون. حەوت قارەمانی ئەو نیشتمانە کە لە ڕێگایەکی دوورەوە هاتبوون زۆر بەنهێنی خۆیان بە ئاوایی "داشکستان"دا کرد. حاجی مەلابرایم لەهەر دەرگایەکی دابوایە، لەسەر گازەرەی پشت کرابۆوە. ئەوان زۆر بەپەلە و پێش ئەوەی خۆر بەرز بێتەوە پارووێک نانیان خوارد و بەرەو ئەشکەوتی "حسام‌لەشکریان" هەنگاویان تێیان هەڵکرد و لە ئەشکەوتێکی ئەو شاخەدا بۆ پشوودان لایان دا. بەڵام زۆر زوو حاجی مەلا برایمی فەرماندە ئاگادار کرا کە دوژمن پێیانی زانیوە و دوای ئەوەی بەسەر ئاواییان داداوە، لەسۆنگەی ڕاپۆرتی سیخوڕانەوە بەرەو ئەشکەوتی حیسام‌لەشکریان بەڕێوەن. لە چەند لاوە هێزی بەکرێگیراو بەرەو بەرزایی ئەشکەوتەکە هەڵگەران. قارەمانانی دێموکرات خۆیان لە دوژمن مات دابوو. هێزی ڕەشی بەکرێگیراو مەغول‌ئاسا بە چیا پێوەر بوون و تەقە دەستی پێ کرد. شێرەکوڕانی دێموکرات بەڵێنیان بە یەکتری دا کە گیان بدەن بەڵام کۆڵ نەدەن. هاوڕێیەکی مەلا برایم لە یادداشتەکانی بەمجۆرە باسی شەهیدبوونی دەکا:

"لەشکری جەهل و نەزانی وەک ڕەشکەی سەردەمی سەفەوی هەر دەهات و زیادی دەکرد. تۆپەکانیان، قرناسە و مەترالیۆسەکانیان تەنیا یەک خاڵیان لەسێرەدا بوو، ئەویش ئەشکەوتی حیسام‌لەشکر و قەڵا و پەناگای هەڵۆکان و حاجی مامۆستای ورەزێڕین بوو. دەمێکە فیشەک لە کەمی داوە، تەرمی هەڵۆیەک ڕاکشاوە و گوڵاڵە سوورەیان لەبەرۆک داوە. سەرئەنجام ئەوەی ماون دەگرن دیوانێ، تا بزانن ڕێگەچارە کوانێ. کاتی تۆمار و نووسینە، ئاخر لاپەڕەی چارەنووسی خوێنینە و دوایین تەقە و کوشتنی نەیاری دڵ پڕ لە قینە. تفەنگەکان دەشکێنن، نەوەک دوژمن دەستیان بەسەردا بگرن. هەڵۆکان، مامۆستا و پێشمەرگەکان لەسەر ڕەوز وێستاون، دەڕواننە هەوشار و ڕوو لە شارویران لەژێر ڕەهێڵەی چەکان، دوایین بزە لەسەر لێوان دەخوڵقێنن، پەردەی کۆتایی حەماسەی دمدم و داشکستان. برایم کەلهوڕی دەمێکە شەهیدی نیشتیمانە، سەلاح لاهوری و عەزیز شوانە ڕەوەزێکی بەرز جێگەیانە، خالید شکاری و ڕەسوڵ بەشیری دوایین تەقەیانە و پەرویز کەرباسی و ماموستا، خۆهەڵدێرین دوایین ڕستەیانە و فڕینی هەڵۆ باڵشکاوەکان کۆتایی پەردەی گەمارۆیانە. تەرمەکان چەشنی بەرگی گوڵەباخەکان پەڕپەڕ دەکەونە بەر سۆزی شنەبای بەرەبەیانی شازدەی خەرمانانی پەنجاونۆ و جەللادیش بێ‌دەسکەوت گۆڕەپانی حەماسەی داشکستان وەک دمدمی برادۆست بەمێژوو دەسپێرێ."

تەنیا حاجی مەلابرایم و هاوڕێیەکی مابوون. ئەوانیش کاتێک گوللەیان پێ نەما، دەست لەنێو دەست لە ئەشکەوتی حسام لەشکریان خۆیان فڕێدایە خوارەوە و بەمچەشنە ڕوحی بەرزیان بۆ ئاسمانی نەمری شەهیدانی کورد و کوردستان فڕی.

# حیزبی دێموکرات و پرسی نەتەوەیی



عومەر باڵەکی

دوای تێپەڕبوونی ٧٧ ساڵ بەسەر مێژووی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە ئەو ڕاستییەمان لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد باشتر بۆ دەردەکەوێ کە ئەگەر دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو سەردەمدا پێویستییەکی مێژوویی بوو لە بەدەستەوەگرتنی جڵەوی خەبات، ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستانیش خاڵی وەرچەرخانی گەشەکردن و پەرەستاندنی هەستی نەتەوەیی بۆ تاکوکۆی کورد و خۆ دەرخستنی هاوپێوەندی نەتەوەیی لە هەر چوار پارچەی کوردستان بوو. باشترین بەڵگە بۆ ئەو بۆچوونەوەش ئەوە کە ئەو بیر وئەندیشەی کۆماری کوردستانی لەسەر دامەزرا و ئەو هێما نەتەوەییانەی لە کۆماردا بوونە ناسێنەری نەتەوەی کورد، لە سەردەمی ئێستاشدا و لەنێو بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد وەک هێما و پێناسە بۆ ناساندنی گەلی کورد ڕوو بە دنیای دەرەوەی کوردستان کاریان پێ دەکرێ و جێگای ڕێز و حورمەتی کۆمەڵگەی کوردستان بە گشتی و تاکی کورد بە تایبەتییە.

کۆماری کوردستان لەسەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەردەمێکدا پێک هات کە جووڵانەوە نەتەوایەتییەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستان لەلایەن دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا سەرکوت کرابوون و ئەو دەوڵەت نەتەوانەی (فارس، تورک، عەرەب) خاکی کوردستانیان بەسەردا دابەش کرابوو، دوای سەرکوتی بێ‌بەزەییانەی جووڵانەوەکان هەستیان بە دەستئاوەڵاییەک دەکرد بۆ ئەوەی بە یەکجاری کورد لە بواری فەرهەنگی و زمانییەوە لەنێو فەرهەنگ و زمانی خۆیاندا بتوێننەوە کە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان ئەو خەون و خەیاڵەی دەسەڵاتدارانی زاڵ بەسەر کوردستانی کردە بلقی سەر ئاو. چونکە بە دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕووناکبیران و نەتەوەخۆشەویستان لە چوارپارچەی کوردستانی گەورەوە ڕوویان لە ناوەندی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان واتا شاری مەهاباد کرد و لەژێر ئالایەک بە ناوی ئالای کوردستان کۆ بوونەوە و بەو جۆرە هاوپێوەندیی نەتەوەیی خۆیان پیشان دا و لە هەمان کاتدا زمانی کوردی بوو بە زمانی ڕەسمی نوسین و قسەکردن لە هەموو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ پارێزگاری لە دەسکەوتە نەتەوایەتییەکانی ئەو کۆمارە دامەزرا. بەداخەوە هەلومەرج و پیلانگێریی ناوچەیی و نێودەوڵەتی ماوەیان نەدا کۆماری کوردستان وەک یەکەیەکی سیاسی و نەتەوەیی لە ناوچەکەدا درێژە بە ژیانی سیاسیی خۆی بدا و دوای یازدە مانگ هەرەسیان پێ‌هێنا، بەڵام هەرسهێنانی کۆماری کوردستان نەبوو بە هۆکار بۆ لە نێوچوونی دەسکەوتە نەتەوایەتیەکان وەهەروەکی پێشتر باس کرا دوای تێپەڕ بوونی ٧٧ ساڵ بەسەر ئەو مێژوویەدا ئێستاش کاریگەریی بیروئەندیشەی کۆماری کوردستان بەسەر بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستاندا دیار و بەرچاوە.

مێژووی جووڵانەوەی کورد بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی لە ماوەی ئەو ٧٧ ساڵەدا پڕە لە کارەسات و خوین و قوربانیدان، بەڵام جووڵانەوەی نەتەوەیی و مافخوازانەی ئەو گەلە بۆ چرکەساتێکیش لە جووڵە نەکەوتووە. لە ماوەی ئەو ٧٧ ساڵەدا یەکێک لە کارئەکتەرەکانی گۆڕەپانی ئەو خەباتە دووروودرێژ و پڕ لە قوربانییە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە. بە واتایەکی دیکە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی ئەو ٧٧ ساڵەدا پێشەنگایەتیی خەباتی میللی دێموکراتیکی گەلی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کردووە بی ئەوەی لەو بەها نەتەوایەتییانە لا بدا کە کۆماری کوردستانی لەسەر دامەزراند.

لە مێژووی ئەو ٧٧ ساڵەدا گەلێک حیزب و ڕێکخراو لە دنیای سیاسەت و گۆڕەپانی خەبات لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هاتن و هەتا ڕادەیەکیش گەشەیان کرد، بەڵام دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ ئاسەواریکیان لە کار و تێکۆشان لێ نەمایەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەو مێژووە پڕ لە هەورازونشێوە لە خەباتدا هەروا بەپێوە ماوە و خۆشەویستیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە. لێرەدایە دروستە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین کە حێزبی دێموکرات چۆن توانیویەتی لە گەردەلوولی ئەو مێژووە پڕ لە کارەساتەی دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان بە سەربەرزی قەڵافەتی بەپێوە ڕابگرێ و گەلێک سەروەری بۆخۆی و گەلەکەی لە مێژوودا تۆمار بکا؟ بۆ وڵامی ئەو پرسیارە دەتوانین سێ هۆکار بکەین بە بنەمای مانەوەی حیزبی دێموکرات:

یەکەم، حیزبی دێموکرات لە ناخی ویست و داخوازییەکانی گەلی کورد سەری هەڵداوە، بەو مانایە کە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامانج و خولیاکانی خۆیان لە سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتدا دەبیننەوە. دووهەم، پشتگیریی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە ماوەی ئەو ڕابردووە دورودرێژە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە چەشنێک بووە کە دەتوانین بڵێین بۆ خەڵکی کوردستان، حیزبی دێموکرات بە جۆرێک لە جۆرەکان بۆتە فەرهەنگ و کار و، تێکۆشانی ئەو حیزبە هەموو تانوپۆی کۆمەڵگەی کوردستانی داگرتووە، بە واتایەکی دی ژیان و داهاتووی سیاسیی ئەوان ئاوێتەی حیزبی دێموکرات بووە. سێهەم، کۆڵنەدان و فیداکاری و لە خۆبوردوویی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە ماوەی ئەو ٧٧ ساڵەدا لە بەرانبەر دوژمنە سوێندخواردووەکانی گەلی کورد لە ئێران. ئەو سێ هۆکارە هەروەکی پێشتر باس کرا دەتوانن کاکڵی مانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مەیدانی خەباتدا بن.

لە ماوەی ٧٧ ساڵی ڕابردوودا هەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەم لە ناوچەکانی دیکەی ئێران خەبات و دژایەتیکردن بەدژی نیزامی پاشایەتی و نیزامی کۆماری ئیسلامی بەردەوام بووە و دەیان حیزب و ڕێکخراوی جۆراوجۆر بە بیر و تێڕوانینی جیاواز لە یەکتر لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران دروست بوون و هەر کامیان بە شێوازی خۆیان لەدژی نیزامی پاشایەتی و نیزامی کۆماری ئیسلامی خەباتیان کردووە و لەو نێوەشدا بەشی شێری ئەو خەبات و بەربەرەکانییە بەدژی هەردوو نیزامەکان وەبەر گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتووە کە حیزبی دێموکرات یەکێک لە کاراکتێرە سەرەکییەکانی ئەو خەبات و بەربەرەکانییە بووە. لەو خەبات و بەربەرەکانییە دژوار و سەختەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان هەموو کات هەوڵی داوە پێبەندی ئەو بنەما نەتەوەیی و دێموکراتیکە بێت لەسەری دامەزراوە.

حیزبی دێموکرات ڕوانگەی بەنیسبەت سیستمی سیاسیی ئێران چ لە سەردەمی پاشایەتی و چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا ڕوون و ئاشکرا بووە. کە چاو بە دێکیومێنت و بەڵگەکانی تایبەت بەو بابەتەدا دەخشێنین، سیاسەتی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتمان بە ڕوونی بۆ دەردەکەوێ. ئەو حیزبە هەموو کات لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە ئێران وەک یەکەیەکی جوغرافیایی وڵاتێکی فرە نەتەوەیە و لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ ئەو ڕاستییە ڕووبەڕوو دەبین کە گیروگرفتی نیزامە سیاسییەکانی دەسەڵاتدار لە ئێران، پرسی چارەسەرنەکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی ئەو نەتەوانە بووە. بەداخەوە دەسەڵاتدارانی تاران چ لە نیزامی پاشایەتی و چ لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا هەموو کات خۆیان لە ئاستی ئەو ڕاستییە گێل کردووە و هەوڵیان داوە لەبری چارەسەری ئاشتییانەی پرسەکە، لە ڕێگای بەکارهێنانی هێزەوە جووڵانەوە مافخوازییەکانی ئەو نەتەوانە بەتایبەتی گەلی کورد سەرکوت بکەن و ئەوە وای کردووە گەلی کورد ناچار بێت بکەوێتە پاراستنی مان و مەجوودییەتی خۆی و لەو سونگەیەوە پەنای بۆ بەرگریی چەکداری بردووە. کاتێک دوژمنی دەسەڵاتدار نەیتوانیوە بە زەبری هێز جووڵانەوەی کورد بە چۆک دابێنێ ئەو جار بێ کار دانەنیشتووە و پەنای بردووە بۆ پروپاگەندەی بێ‌بنەما و لە ڕێگای دامودەزگای تەبلیغیی خۆیەوە هەوڵی داوە بیروڕای گشتیی کۆمەڵگەی ئێران بەرەو ئەوە ڕابکێشێ کە گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەوڵ دەدەن بۆ جیابوونەوە لە ئێران. هەروەک باس کرا ئەوە خۆگێلکردن و خۆبواردنە لە بنەڕەتی پرسەکەیە، چونکە ڕاستییەکەی ئەوەیە لە ئێراندا گەلانی زۆرلێکراو زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی ئێران پێک دێنن و خوێندن بە زمانی زگماکی، پاراستن و پەرەپێدانی فەرهەنگی نەتەوایەتی، لابردنی جیاوازیدانانی ئابووری و سیاسی و لە هەمووی گرینگتر دیاریکردنی چارەنووس بە دەستی خۆیان بەشێک لە مافە ڕەواکانی ئەو گەلانەن.

بەپێی هەموو پێوانە نێودەوڵەتییەکان لابردنی ستەمی نەتەوایەتی لەسەر ئەو گەلانە بەپێچەوانەی ئیدیعای ژمارەیەک لە دوژمنان، هاندانی گەلان بۆ جیابوونەوە نییە، بەڵکوو دانانن بە مافە نەتەوایەتییەکانی ئەو نەتەوانە دەتوانی زامنی دابینکردنی یەکیەتیی ڕاستەقینەی ئەو گەلانە لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا بێ. بەو مانایە داننان بە مافە نەتەوایەتیەکان و پاراستنی ئازادییە دێموکراتیکەکان و چەسپاندن و پتەوکردنی مافی شارومەندی دەتوانی بناخە و ژێرخانی ڕێژیمێکی گەلی و دێموکرات بێ کە ڕەواییەتی خۆی لە خەڵک وەرگرتبێ. خۆ ئەگەر ئەو ئەسڵەش وەک بنەمای داهاتووی ئێران دابنێین کە بەبێ بوونی ڕێژیمێکی دێموکراتیی ڕاستەقینە مافەکانی گەلی کورد و گەلانی دیکە لە ئێرانی دوای نەمانی کۆماری ئیسلامیدا دابین ناکرێ؛ دەبێ ئەو ئەسڵەش وەبیر هەموو لایەک بێنینەوە کە هیچ ڕێژیمێک لە ئێراندا ناتوانی لە بواری سیاسیی و ئابووری و ئەمنییەتییەوە سەقامگیر بێ بێتوو نەتوانێ پرسی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران وەک خۆی ببینێ و چارەسەریان بکات.

## ناوەندی هاوکاری:

# بەهێزکردنی گیانی یەکگرتوویی و پێکەوەییمان دەستەبەری گەیشتن بە مافەکانمانە

**خەڵکی خۆڕاگری کوردستان!**
**حیزب و لایەنە سیاسییەکان!**

ئەمساڵ ٧٧ ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکەم کۆماری کوردستان تێپەڕ دەبێت. ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لەشاری مەهاباد پێشەوا قازی محەممەد، وەک یەکەم سەرۆک‌کۆماری کوردستان سوێندی یاسایی خوارد و کۆماری کوردستان دامەزرا. وەک ناوەندی هاوکاری پیرۆزبایی ئەم ڕۆژە مێژووییە لە سەرجەم خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان دەکەین.

کۆماری کوردستان کە بەرهەمی خەباتێکی مێژوویی و پڕ لە قوربانیی گەلی کوردە، لە بارودۆخێکی ئاڵۆزی نێودەوڵەتی و ناوچەیی لەدایک بوو. لەو ساڵانەدا جیهان تووشی شەڕێکی گەورە بوو و بەشێکی زۆر لە نەتەوەکانی جیهان لە هەوڵی ڕزگاریی و سەربەخۆیدا بوون. لە ئێرانیش کە دەوڵەت هیچ دەسەڵاتێکی نەمابوو، گەلی کوردیش وەک باقی گەلانی ستەملێکراوی ئێران ئەو دەرفەتە مێژووییەی قۆستەوە و توانی ئەزموونێکی زێڕین بۆ خۆی تۆمار بکات و کۆماری کوردستان دابمەزرێنێت.

ئەگەرچی تەمەنی کۆماری کوردستان کەم بوو، بەڵام بەهۆی کارنامەی درەوشاوە و ئەو پرۆژە و پلانانەی دایڕشتبوو، هەتا ئەمڕۆکەش کاریگەریی لەسەر بزوتنەوەی حەقخوازانەی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بەجێ‌هێشتووە. ڕێزگرتن لە جیاوازییە نەتەوەیی، زمانی و ئاینییەکان، باوەڕ بە ئازادیی ڕادەربڕین، گرنگیدان بە بووژاندنەوەی کولتوور و هونەر و ئەدەبییاتی نەتەوەیی، خوێندنی بێبەرامبەر، هاندانی کچان بۆ خوێندن و بەڕەسمی ناسین و جیبەجێکردنی خوێندن بە زمانی دایک نەک هەر بۆ منداڵانی کورد، بەڵکو بۆ کەمایەتییە زمانییەکانی دیکە، پێشوازی و باوەشکردنەوە بۆ ڕۆڵە دڵسۆزەکانی نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکە و بوار ڕەخساندن بۆ خزمەتکردنیان بەو کۆمارە، گرتنەبەری ڕێگای دیالۆگ و لێکتێگەیشتن لەگەڵ حکومەتی میللیی ئازەربایجان و پێشنیاری هاوکاریی و هاوپەیمانەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمنی هاوبەش، لە ئەزموونە بەنرخەکانی کۆماری کوردستانن. ئەم کۆمارە بە هەڵکردن و ڕەسمیەتدان بە ئاڵای کوردستان و داهێنانی سرودی نەتەوەیی و چەمکی پێشمەرگە، کۆمەڵێک بۆشایی لە گیان و هزری نەتەوەیی و لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا پڕ کردەوە.

ئەمساڵ لەکاتێکدا یادی ٢ی ڕێبەندان دەکەینەوە کە کۆماری ئیسلامی لە بارودۆخێکی هێندە خراپدایە کە لە ماوەی تەمەنی نگریسی خۆیدا تا ئێستا دۆخێکی لەم چەشنەی ئەزموون نەکردوە. زیاتر لە ٤ مانگە شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" کە چەخماخەکەی لە کوردستان لێ درا و سەرتاسەری ئێرانی گرتووەتەوە بەردەوامە و خەڵکی ناڕازی لەسەر شەقامەکان داوای ڕوخانی کۆماری ئیسلامی دەکەن. کاریگەریی و دەرهاویشتەکانی ئەم شۆڕشە نوێیە بەجۆرێک دیار و بەرجەستە بوون کە زیاتر لە هەر سەردەمێک هاوپەیمانی و هاودڵی باقی نەتەوەکانی ئێرانی لەگەڵ گەلی کورد دروست کردووە، حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لەهەر کاتێک ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ یەکتر دەربڕیوە، هاوپشتییەکی نێونەتەوەیی لە شۆڕشی نوێی ئێران لە ئارادایە و دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" وەک سیمبۆل لەلایەن هەر ئازادیخوازێک لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران دووپات دەبێتەوە و ڕێزی لێ دەگیرێت.

لە پاش ٧٧ ساڵ لە دامەزراندنی یەکەم کۆماری کوردی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ئێستا کوردستان جارێکی دیکە و زۆر جەماوەرییتر و بەرینتر لە سەردەمی کۆمار هاتۆتە مەیدان و بۆ مافە ڕەواکانی خۆی دژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی خەبات دەکات.

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەسەر ئەو بڕوایەیە کە بە بەهێزکردنی گیانی یەکگرتوویی و پێکەوەییمان کە لەم شۆڕشە نوێیەدا لەنێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستاندا دروست بووە، لەگەڵ بەهێزکردن و خێراتر کردنی پرۆسەی هاوکاری و پرۆژە و پلانی هاوبەشی حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ئاسانتر گەلی کورد بە مافەکانی خۆی دەگات و هاندەرێکی بەهێزیش دەبێت بۆ باقی بەشەکانی ئێران، ئەوەش هەمان ئەو ئامانجانەن کە کۆماری کوردستان لە ماوەی تەمەنی کورتی خۆیدا کاری بۆ کرد.

پیرۆز بێت یادی ٢ی ڕێبەندان ڕۆژی نەتەوەیی کوردستان

ژن، ژیان، ئازادی

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٣٠ بەفرانباری ١٤٠١**

کوردستان
• ژمارە: ٨٣٩
٣٠ی بەفرانباری ١٤٠١ _ ٢٠ی ژانوییەی ٢٠٢٢

# لە پەراوێزەوە بۆ دەق
# (ئەرکی مێژوویی نوخبەی سیاسیی کورد)



ڕەزا دانشجوو

شۆڕشی ژینا لە کاتێکدا سەد ڕۆژیی خۆی تێپەڕاند کە خرۆشی دووبارەی شەقام خوێنێکی تازەی ڕژاندە نێو دەمارەکانی شۆڕشەوە و ڕێگای ئازادیی هەموارتر و ڕژێمی تاوانکاری پەرێشانتر کرد. چاوخشاندنێک بەو ڕووداوانەی کە ل شۆڕشی ژینا لە حاڵێکدا خەریکە دەچێتە مانگی چوارەمی خۆیەوە کە ڕۆڵی سەرەکی و بەرچاوی خەڵکی کوردستان، ڕۆژهەڵاتی کردووە بە ناوەندی سەرنجی شۆڕشگێڕان و میدیاکان. ئەم ڕۆڵە بەنرخ و ناوازەیە دەتوانرێت بە لایەنی کەمەوە لە دوو لایەنی جیاوازدا شرۆڤە و پۆلێن بکرێت.

### کوردستان وەک بزوێنەری شۆڕشی ژینا

کوردستان دەستپێشخەری شۆڕشی ژینا بوو. پریشکی شۆڕش لێرەدا لێ درا و لە ڕاستیدا شۆڕش لێرە لەدایک بوو. ڕۆژهەڵات بە هەڵبژاردنی دروشمی وشیارانە و مرۆڤدۆستانە لەسەر بنەمای واقیعەکانی کۆمەڵگە، توانی نەک هەر نەتەوەکانی تری ئێرانی، بەڵکوو کۆمەڵگەی جیهانییش پەلکێشی شۆڕشەکە بکات، تا ئەو ئاستەی ئێستا دروشمەکانی شۆڕشی ژینا وەکوو مانیفێستێکی ئازادی نەک تەنها لە وڵاتانی دراوسێ و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەڵکوو لە وڵاتانی زۆر دوور لە جوغرافیای شۆڕشی ژینا پەیڕەو دەکرێت.

کوردستان تەنیا دەستپێشخەری شۆڕشی ژینا نەبووە و نییە، لە چەند کاتی جیاوازدا کە شەپۆلی بزووتنەوەی شۆڕش بەرەو خوارەوە و لاوازی بوو، شارەکانی کوردستان توانییان بە دەرکەوتنێکی شۆڕشگێڕانە شەپۆلێکی نوێ دروست بکەن و خوێنی نوێ بڕێژنە نێو دەمارەکانی شۆڕش. تا ئێستا لانیکەم چەند جار ئەم جۆرە دەرکەوتنە لە کوردستان بیندراوە.

### کوردستان وەک ڕێکخەری شۆڕشی ژینا

کوردستان چ لە قۆناغی بزووتنەوەی شەقام وچ لە کاتی مانگرتندا، ڕێکخەری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا بووە. فۆرم و شێوازی ئامادەبوونی خەڵکی کوردستان ئەوەمان بۆ دەردەخات کە تاکتیکی شەڕکردن بە تەواوی وشیارانە و لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە هەلومەرجی هەنووکەیی بووە و هەیە. لە ڕاستیدا تێکەڵکردنی نارەزایەتی و مانگرتن، شێوەی خەباتی شۆڕشگێڕانە لە زانکۆکان، هێنانی نارەزایەتی بۆ قوتابخانەکان و بەستنەوەی بە شەقامەوە، ڕێکخستنێکی زۆر هاوئاهەنگ و شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان نیشان دەدات.

### ئەرکی مێژوویی نوخبەی سیاسیی کورد

سیاسەتمەداران و ڕووناکبیرانی هەر کۆمەڵگەیەک، وەک چینێکی خوێندەوار و ئاگادار لە پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، دەتوانن ڕۆڵێکی زۆر گرینگ و سەرەکی لە ڕێنماییکردن و ئاراستەکردنی بزووتنەوەی کۆمەڵگەدا بگێڕن. لە ڕاستیدا ئەم چینە کە ئاگاداری پرس و ڕێسا سیاسییەکانن دەتوانن لە ڕێگەی پشکنین و شیکردنەوەی داخوازییەکانی کۆمەڵگە وهاوکات دۆزینەوەی چەندایەتی و چۆنیەتی کەموکورتییەکان ڕێگەچارەی کردەیی و ئەکادیمی بۆ دابینکردنی پێداویستییەکان کۆمەڵگە بدۆزنەوە. ئەم لێکنزیکبوونەوە و هەماهەنگییەی نێوان نوخبەکان و جەستەی هەر کۆمەڵگەیەک گرنگترین مەرجە بۆ گەیشتن بە ئامانجی ئەو کۆمەڵگەیە، دیارە ئەم هەماهەنگییە لە بارودۆخی تایبەت و وەرچەرخانی مێژووییدا زۆر پێویستتر دەبێت.

بەداخەوە ئەوەی تا ئێستا لەسەر تێوەگلانی نوخبە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە پرۆسەی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتدا بەدی کراوە، هیچ پەیوەندییەکی بە بەئاگاهاتنەوەی کوردستانەوە نییە. دەنگی سیاسەتمەدار و نوخبەی کورد لە پەراوێزی ڕاستییەکان و ڕووداوەکاندا بووە، لە کاتێکدا کە ڕۆژهەڵات مەیدانی بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی و دروستکەری دروشمی شوناسی شۆڕشگێڕانە بووە، نوخبەی کورد زیاتر لە پێگەی بەرگریکردن لە واقیعەکانی هەنووکەیی بووە نەک بەرەوپێشبردنی بیروباوەڕی خەڵکی ڕۆژهەڵات. ئەم پرسە بووەتە هۆکاری ئەوەی کە ڕەوتی دیکە گۆڕەپان بۆ دووبارە بڵاوکردنەوەی بیر و بیرۆکەکانیان ئامادە ببینن و ئەم بۆشاییە وەک دەرفەتێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بەکاربهێنن.

جێهێشتنی شەقام بۆ سەرکردەکانی شەقام و خەڵکی ئامادەبوو لەسەر گۆڕەپانەکە بەدڵنیاییەوە سیاسەتێکی دروست و لۆژیکییە، چونکە یەکەم: لە کاتی پێویستیدا دەرفەتی وەڵامدانەوەیەکی لۆژیکی و گونجاو بۆ شۆڕشگێڕان دابین دەکات.

دووەم: ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێم بەهۆی بەربڵاوی ناوەندی دەسەڵاتی بڕیاردان و نەناسراوبوونی زۆر سەخت و دژوار دەکات. بەڵام ئەو خاڵەی لەم نێوەندەدا بەتەواوی فەرامۆش کراوە، پێویستی دابینکردنی نەخشەڕێگا و پلانێکی ڕوونە بۆ گەیشتن بە ویست و داخوازییەکانی خەڵک لە قۆناغی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ژینا کە بێگومان لە ئەستۆی نوخبە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانە. بەڵام بەداخەوە نوخبەکان هەر وەک گوترا، یان بێدەنگ بوون یان لە پەراوێزی ڕووداوەکاندا سەرقاڵی بابەتگەلێکی بێبایەخ بوون.

ڕاستییەکی تاڵە مێژووییە کە ڕووناکبیران و نوخبە سیاسییەکانی کورد، بە هۆکاری تەواو بێبایەخ، هەمیشە وزەی خۆیان تەنیا لەسەر بەرگریکردن لە ڕەوتی ئازادیخوازی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە بەرامبەر ڕەوتێکی خۆبەناونیشانی ناوەندگەرا چڕ کردووەتەوە و هەرگیز نەیانتوانیوە وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی پێشکەوتوو خاوەن پلانی تایبەت و هەڵگری بیروباوەڕی خەڵکی ڕۆژهەڵات مامەڵە لەگەڵ لایەنی بەرانبەر بکەن.

پرسیار ئەوەیە، تا کەی بزووتنەوەی سیاسیی کۆمەڵایەتیی کوردستان وەک تۆمەتبارێک لە بەرامبەر بزووتنەوەیەکی وەهمگەرا ڕۆڵ دەگێڕێت؟ تێڕوانینێک کە لە بنەڕەتدا ڕوون نییە کە بەدوای چیدا دەگەڕێت و چی دەوێت، تێڕوانینێکی وەهمی کە هیچ شتێک لە ڕابردوو هەڵناگرێت و هیچ پلانێکی بۆ داهاتووش نییە. ئەم بزووتنەوە وەهمییە کەی و چۆن ئەم شوێنە خەیاڵییەی بەدەست هێنا؟ ئایا خۆنواندن ئەم ڕەوتە وەهمییە، لانیکەم لە میدیاکاندا، بەهۆی لاوازی ئەدای سیاسییەکانی کوردەوە نییە؟ ئایا ئەم میدیا و کاناڵانەی کە هەمیشە پرسیاری یەکەمیان لە چالاک، نوخبە و بزووتنەوەی سیاسیی کورد پرسی جوداخوازییە، هەرگیز پرسیارێکی وایان لە بزووتنەوەی پێچەوانە کردووە، یان تا ئێستا هیچ پرسیارێکیان لەم بزووتنەوەی وەهمییە سەبارەت بە دیکتاتۆرییەت، پاشایەتی، شوێنیزم، ئاسیمیلاسیۆن و هتد کردووە؟ ئایا ئەمە جۆرە مامەڵە کردن میدیا لەگەڵ سیاسیی کورد بەهۆی شێوەی هەڵسوکەوتی هەمیشە دیفاعیی لایەنی کورد نییە؟ ڕاستی بۆ ئێمە ناپرسین؟ بۆچی تەحەدای ئەم ڕەوتە تەواو درۆ و ناڕاستە ناکەین؟

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ڕووناکبیران و نوخبە سیاسییەکانی کورد فرێکانسی دەنگی خۆیان لەگەڵ فرێکانسی خەڵکی ڕۆژهەڵاتدا ڕێک بخەن و ببنە پێشەنگی شۆڕشی ژینا نەک تەنها شوێنکەوتوو؟ ئایا کاتی وەی نەهاتووە بە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە تاکتیکی ڕووبەڕووبوونەوە دا لە پێگەیەکی بەرگرییەوە بۆ پێگەیەکی پێشکەوتوو و چالاک بچین؟ فیدرالیزم وەشانێکی پێشکەوتوویە بۆ گەڕاندنەوەی مافی نەتەوەکانی ئێران و گەڕاندنەوەی شکۆمەندی ئێرانی کۆن. کاتێک کورد پلانێکی وا بەهێزی بۆ ئایندەی ئێران هەیە، بۆچی ئەم پلانە نە ڕیکلامی بۆ دەکرێت و نە پەرەی پێ دەدرێت؟ ئایا دەکرێت بنەما پێشکەوتنخوازەکانی دەوڵەتداری لە پەراوێزدا بن و کوڕی دیکتاتۆرێکی پێشوو یان هەندێک ئەکتەر و... باسی حوکمڕانی بکەن؟ ئەمە داوایەکی گشتییە لە هەموو نوخبە سیاسییە کۆمەڵایەتییەکانی کورد لە شێوەی حیزب یان تاک یان بزووتنەوەیەکی ڕووناکبیری، تکایە گێڕەرەوەی داخوازییە ڕەواکانی خەڵکی ڕۆژهەڵات بن، تکایە لە پەراوێزەوە وەرن بۆ دەق، تکایە دەنگی بیری سیاسی و پێشکەوتنخوازانەی خەڵکی کوردستان بن، تکایە وەک خەڵکی ڕۆژهەڵات دەنگتان بەرز و بێسانسۆر بێت. با وەک "ژن، ژیان، ئازادی"، وەک "کوردستان گۆڕستانی فاشیستان"، وەک خەڵکی ڕۆژهەڵات، شۆڕشگێڕ و بێسنوور و لە هێڵی پێشەوەی خەباتدا بین.

هێندێک جار باشترین بەرگری هێرشبردنە.

# مافی دیاریکردنی چارەنووس بنەڕەتێکی یاسایە یان سیاسی؟



ئارمان حوسێنی

پێش ئەوەی بچینە نێو تەوەری سەرەکیی بابەتەکە، پێویستە بزانین بنەڕەتی مافی چارەی خۆنووسین یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی یاسای نێونەتەوەییە، کە لە مادەی یەکی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤدا ئاماژەی پێ کراوە.

وشەی "خۆ" لە دەستەواژەی " چارەی خۆنووسین" یان مافی دیاریکردنی چارەنووس، چەندین تێڕوانین و لێکدانەوەی بەدوای خۆیدا هێناوە، بەو مانایەی کە هەرکام لە لایەنەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و هاوتەریب لەگەڵ خواستی خۆیان لێکدانەوەیان بۆ کردووە. ئەو حکوومەتانەی کە وڵاتیان لە پاوانی خۆیان ناوە، پێیان وایە "خۆ" بە واتای "حکوومەت" دێت، چونکە ئەم حکوومەتانە نوێنەرایەتیی جوغرافیایەکی سیاسی دەکەن و بە لێکدانەوەی خۆیان، خۆیان بەرپرسی میللەتن. لەلایەکی ترەوە ئەو گەلە ستەملێکراوانەی کە بە دیل گیراون، پێیان وابوو کە "خۆ" واتە گەل، بەو لێکدانەوەیەی کە ئەو خەڵکە مافی ئەوەیان هەبێت کە ئازادانە بڕیار لەسەر خۆیان و چارەنووسی خۆیان بدەن.

ئێستا لە چەمکی "مافی چارەی خۆنووسین" لە ئێراندا دەکۆڵینەوە. هەموومان ئاگاداری ئەم بابەتەین کە لەگەڵ هێنانەکایە و سەپاندنی سیستەمی نوێی دەوڵەت – نەتەوە بەسەر ئێراندا، گەلانی غەیرە فارسی وەک کورد، عەرەب، بەلووچ، تورک و گیلەک، تورکمەن و هتد سەرەڕای ئەوەی نەبیندران و پەراوێز خران و هەوڵی تواندنەوەیان دراوە، بەڵام کۆڵیان نەداوە و پێوشوێنی مافەکانیان کەوتوون، هەروەها بۆ بەدیهێنانی ئەم مافانەش ڕێگای خەباتی خوێناوییان گرتووە پێش؛ بەڵام بەداخەوە بە هۆکاری جۆراوجۆر هەتا ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گرنگییەکی ئەوتۆی بە خەبات و داخوازییەکانی گەلانی غەیرە فارس لە ئێراندا نەداوە. خەباتگەلێک کە پێشکەوتنخوازانە و مرۆڤتەوەر و هەڵگری بەها گەردوونییەکان بووە، بەڵام ئەوەی کە کۆمەڵگەی جیهانی دواجار و هەتا ئێستاش باوەشی بۆ گرتۆتەوە، "حکوومەت"ی ئێرانە، نەک "گەلانی" ئێران.

پرسی مافی چارەی خۆنووسین ئەوەیە کە تێڕوانینی سیستەمی نێودەوڵەتی لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە ڕەچاوکردن و بەدیهێنانی ئەسڵی چارەنووس دەبێت گەرەنتی سەقامگیری، ئاشتی و ئاسایشی نێوان "دەوڵەتەکان" بکات، نەک "خەڵک". بە واتایەکی تر پێویستە ڕێز لە سەقامگیری و ئاسایشی نێوخۆیی وڵاتان بگیرێت و دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتان نەکرێت. لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ئەوەی پرسی نێوخۆی وڵاتان پێوەندیی بەخۆیانەوە هەیە و حکوومەتەکان بەپێی یاسا مافی خۆیانە ئەمنییەتی نێوخۆیی خۆیان دەستەبەر بکەن، تەنانەت بە تێچووی حاشاکردن لە توانەوەی چەند نەتەوەیەک لە گوتار و فۆرمێکی دیاریکراوی حوکمڕانیدا. نموونەی ئاشکرای ئەوەش ئێرانە کە سەرەڕای ئەوەی گەلانی غەیرە فارس بوونەتە قوربانی و لەپێناو مافەکانیاندا قوربانی دەدەن و لە خەباتە سەخت و خوێناوییەکەیان بەردەوامن، هەروا سەرەڕای بوونی میکانیزمی پشتیوانی یاسایی، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گرینگی بە مافی چارەی خۆنووسینی ئەم گەلانە تەنانەت لە ئاستێکی کەمیش نادات.

مافی چارەی خۆنووسین ئاست و فۆڕمی جیاوازی هەیە، لەوانە: سەربەخۆیی، کۆنفیدڕاڵی، فیدراڵی، خودموختاری، خۆبەڕێوەبردن. بەڵام ئەوەی گەلانی ستەملێکراو لە ئێران لە سەرەوەی ئەوان نەتەوەی کورد داوای دەکەن، دەستەبەرکردنی مافی چارەی خۆنووسینیان لە فۆرمی "فیدراڵی"دایە. سەرەڕای ناونیشانێکی ڕوون و بڕواپێکراو کە لە ڕاستیدا و بەپێی زۆر فاکت و پێوەر نوێنەرایەتیی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران دەکات واتە "ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران"، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هێشتا نوێنەرانی ڕاستەقینەی گەلانی ستەملێکراو و خەڵکی خەباتکار قەبووڵ ناسەلمێنێت کە ئەمە دەتوانێت بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ڕاستییە بێت کە "مافی چارەنووسی خۆنووسین" کە بە یەکێک لە بنەما بنەڕەتییەکانی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ دێتە دادەنرێ و سەرەڕای ئەوەی بنەڕەتێکی یاساییە، بەڵام لە هاوکێشە سیاسییەکانی نێوان وڵاتاندا دەستی بەسەردا گیراوە. چونکە ئەگەر دەوڵەتەکان ئەو ئەسڵە حقوقییەیان بە شایەنی ڕێزگرتن و گشتگیر بزانییا، بایەخیان بە هەموو خوێن و کوشتاری کورد و گیلەک و نەتەوەکانی تری چەوساوەی ئێران دەدا.

کۆمەڵگەی جیهانی لەوانەیە پێویست نەکا بە تۆپزی پشتی خەڵکی ئێران بگرن، هەر ئەوەندە کە واز لە پشتیوانیکردنی حکوومەتی ئێران بێنن، خەڵکی ئەو وڵاتە دەتوانن و دەزانن کە چۆن ئەو ڕێژیمە جینایەتکارە بە زبڵدانی مێژوو بسپێرن.

## وێستگە

# ژنان لە کۆماری کوردستانەوە هەتا شۆڕشی ژینا

ئاسۆ مینبەری

لە ٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵدا، ٧٧ ساڵ بەسەر دامەزرانی یەکەم دەسەڵاتی سیاسی لە شکڵی کۆماریدا و ئەویش لە جوغرافیای کوردستاندا تێدەپەڕێت، کۆمارێک کە سەرەڕای کورتیی تەمەنی دەسەڵاتەکەی، بەڵام ئێستاش پاش ٧٧ ساڵ بە گرینگترین دەسکەوت و شانازییەکانی خەباتی نەتەوەیی کورد دادەنرێت.

لە ماوەی دەیان ساڵی ڕابردوودا و بەتایبەت لە بۆنەکانی پێوەندیدار بە کۆماردا باس لە بەستێنی مێژوویی و سیاسیی دامەزرانی کۆماری کوردستان و دەسکەوتە مێژووییەکانی کراوە، دەسکەوتەکانی چ لە باری سیاسی، چ لە باری هزری و چ لە بوارەکانی دیکەی وەکوو کۆمەڵایەتی، پەروەردە و ...، بەڵام ئەوەی کە لە چوارچێوەی ئەم نووسینەدا جێگا دەگرێ، کاریگەریی کۆماری کوردستان لەسەر دۆخی ژنانە و هەروەها ئەو ڕاستییەش کە چۆن ژنان لە کۆماری کوردستانەوە گەیشتنە ئەمڕۆ و ئێستا پێشەنگی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادین!

کۆماری کوردستان لە سەرەتای دامەزرانیەوە دەستی بۆ کۆمەڵێک خاڵ برد کە تا پێش لەوە هیچ گرینگییەکیان بەتایبەت لە کۆمەڵگەی کوردستاندا کە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی بوو و نەخوێندەوارییش تێیدا لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بوو، نەبوو، یەکێک لەم پرسانە پرسی ژنان بوو! لە کۆمەڵگەیەکی نەخوێندەواردا کە ڕێژەی خوێندەواریی ژنان سفر بوو و لە هەموو کایەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بگرە خێزانییشدا پەراوێز دەخران و نەدەبیندران، ئەمجارە لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی دێموکراتیدا توانییان هەست بە بوونی خۆیان بکەن کە یەکەمین هەنگاویشی وەک زۆر جار باس کراوە، دامەزرانی ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژنان بوو کە ئێستاش پاش ٧٧ ساڵ لە کار و تێکۆشانی خۆی بەردەوامە.

خاڵێکی گرینگ و جێی تێڕامان لەم چوارچێوەیەدا ئەوەیە کە زۆر جار باس لەوە دەکرێ خودی پێشەوای نەمر، بۆ دەسپێکی کاری ئەم ڕێکخراوەیە، خێزانی خۆی واتە مینا خانمی قازی دێنێتە گۆڕەپانی کاری پراگماتیکەوە و وەکوو ژنێک پێشەنگایەتیی ئەم ئەرکەی دەخاتە سەر شان، لە ڕاستیدا لەو کۆمەڵگەیەدا کە ژنان وەکوو ڕەگەزی ژمارە دوو چاویان لێ دەکرا و تەنیا شیاوی کارگەلێکی وەک هاوسەرداریتی و دایکایەتی و وەچەخستنەوە بوون، ئەمە شۆڕشێکی گەورە بوو کە ژنان لە یەکەمین دەسەڵاتی کۆماریدا خۆیان ببیننەوە و ئەرکیان پێ بسپێردرێت.

ئەوەی کە پێشەوا قازی ئەم هەنگاوەی لە بنەماڵەکەی خۆیەوە دەست پێ کرد، ڕەنگە یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکان بێت بۆ ئەوەی کە بەم بوونە، ژن بتوانێ جێگای خۆی بگرێتەوە. لە ڕاستیدا لە سەردەمی ئێستاشدا کە گۆڕان لە زۆر شتدا دروست بووە و ئاوەزی مرۆڤەکانیش بەردەوام لە گەشەکردندایە، هێشتا هەن کەسانێک کە بیر لە شتی باش دەکەنەوە و گرینگیی پێ دەدەن بەڵام، بۆ خۆیان و چوارچێوەی ژیانی خۆیان بە قەدەغە و بڤەی دەزانن! ئەو هەنگاوەی پێشەوا قازی لەو سەردەمەدا هەنگاوێکی جیددی و بەبایەخ بوو، چونکە لە خۆیەوە و لە بنەماڵەی خۆیەوە دەستی پێ کرد و ئەوەش بوو بۆ هۆکارێک بۆ ئەوەی کە خەڵکی دیکەش هەم گۆڕان لە بیرکردنەوەیاندا درووست بکەن و هەم بایەخ بە تواناکانی ژنان بدەن.

دەسپێشخەربوونی پێشەوا قازی لەم بوارەدا، خاڵێکی وەرچەرخان بوو، کە توانی ژن بگەڕێنێتەوە بۆ پێناسەی ڕاستەقینەی خۆی. لەو کاتەوە تاکوو ئێستا و بەتایبەت سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ سڕینەوەی ژنان و پێناسەکردنی ڕۆڵی لاوەکی وەک هاوسەربوون و دایکبوون و بەپیرۆز نیشاندانی ئەم ئەرکانە، بە پشتبەستن بەو بەکگراوندە مێژووییە کە لە کۆماری کوردستاندا و بەگشتی لە مێژووی کورددا هەبووە، ژنان هیچکات ملکەچی دەسەڵات و پەروەردەی ئیدئۆلۆژیک نەبوون، نموونەکەی هەر ئەو حیجابە زۆرەملێیە بوو کە پاش ٤٤ ساڵ، نەیتوانی ژن بکاتە کۆیلە و ژنان بە هەر چەشنێک کە بۆیان کرابێ دژایەتییان کردووە، تا جێگایەک کە خودی ئەم حیجابە زۆرەملێیە کە ڕێژیم پێی وابوو کۆڵەکەکانی مانەوەی قایمتر دەکات، بووەتە هۆکارێک بۆ دەسپێکردنی شۆڕشێک بە ناوی شۆڕشی ژینا کە لە ژێر دروشمی ژن، ژیان، ئازادیدا خەریکە خودی ڕێژیم تووشی نوقم بوون دەکات.

بێگومان شۆڕشی ژینا، شۆڕشێک نییە کە بڵێین یەکجاری و لەناکاو سەری هەڵدا، شۆڕشێکی کە درێژەدەری هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەیە کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕوویان دا بەڵام گرینگتر لە هەمووی ئەم بابەتەیە کە سەرهەڵدانەکەی لە کوردستانەوە بوو، واتە بەستێنی مێژوویی لە کوردستان یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی دەسپێکی ئەم شۆڕشە بوو هەرچەند نابێ لەبیرمان بچێت کە مێژووی چەندین ساڵەی دژایەتیی کورد لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان و بیری داسەپاو لەلایەن دەسەڵاتەوە لە هۆکارەکانی دیکەی پەنگخواردنی هاواری ژنان بوون، دیارە ساڵانێکی زۆرە ژنان بە شێوازی جیاواز بەرەنگاری ئەم دەسەڵاتە خۆسەپێنە دەبنەوە کە بێگومان بەشێکی هەرەزۆری ئەم ویست و خواست و توانایا هەر لە کۆماری کوردستانەوە و لە ئاکامی پەروەردەی ئەم دەسەڵاتەوە سەرچاوە دەگرێ؛ کۆماری کوردستان بوو کە بە گەڕاندنەوەی شکۆ بۆ ژن و گرینگیدان بە بوونی ژن، فێری کرد کە ئەرک لە ئاستی نیشتمانەکەیدا و لە ئاستی خۆی وەکوو مرۆڤدا وەئەستۆ بگرێت و ببێتە خاڵێکی زێڕین بۆ لێفێربوون.

کە وایە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی درێژەی هەمان شۆڕشێکە کە ٧٧ ساڵ پێش و بە دامەزرانی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان چەخماخەکەی لێ درا و ئێستاش بەردەوام بوون و سەرکەوتنی ئەتوانێ لە ڕزگاری خاک و نیشتمان و گەڕانەوەی سەروەری بۆ خاکە داگیرکراوەکەمان کاریگەریی ئێجگاری زۆری هەبێ.

# چاوەڕوانیی ناتوندوتیژی لە خەڵکانی بندەستە و سەرکوتکراو ڕەوایە یان ناڕەوا؟

و: عەلی بداغی

ئاخۆ ئینساف و ڕەوایە چاوەڕوانیمان لە خەڵکی چەوساوە و بندەستە هەبێ لە خەبات و ململانێی خۆیان لەدژی ستەم، سەرکوت و زۆرداریدا تەنیا خۆڕاگریی مەدەنییان هەبێت و خۆ لە هەر توندوتیژییەک بەدوور بگرن؟ وەڵام "نا"یە.

گاندی [ساڵی ١٩٤٦] لە ڕۆژنامەی "هاریجان"دا نووسیی: "لەگەڵ ئەوەدا پەنابردنە بەر توندوتیژی بە ڕەوا نازانم، بەڵام کاتێک ئەو توندوتیژییە بۆ بەرگری لە خۆت، یان بۆ داکۆکی لە خەڵکی بێئەنوا و داماوان بێت گەلێ باشترە لە خۆبەدەستەوەدانی ترسنۆکانە و پتر کردەوەیەکی بوێرانەشە... هەر کەسێک دەبێ لە خۆی ڕا بڕوانێ و کەسی دی نە دەتوانێ و نە بۆی هەیە ڕێوشوێنی بۆ دیاری بکات."(١) جا بۆیە ئینساف نییە ئەو کەسانەی دژی ستەم و سەرکوت و چەوسانەوە خەبات دەکەن، لێمان بوێن ڕێبازی خەباتی خۆیان بەپێی نەخشەڕێی داڕێژراوی کەس و لایەنەکانی دی دیاری بکەن، تەنانەت ئەگەر کەسانێکیش پێیان وابێ ئەو شێواز و مێتۆدانەی ئەو خەڵکە بۆ خەباتەکەیان گرتوویانەتە بەر، لەوانەیە ئاکام و دەرەنجامی پێچەوانەشی لێ بکەوێتەوە.

هەروەک چۆن "ویلمێت براون"، چالاکی مافەکانی ژنانی ڕەشپێست نووسیویەتی:

"هەتا ئەوکاتەی کە مافی دیاریکردنی چارەنووس، هاوپەیمانانی جێی متمانە و کەرەستەکانی خۆڕزگارکردن بە خەڵکی ڕەشپێست بەڕەوا نابیندرێ، ئێمە چارمان نییە پشت بە تەنیا هێزی خۆمان بە مەبەستی دەستەبەری هێزی زیاتر ببەستین و تواناکانی خۆمان بۆ ڕووخاندنی هێزەکانی دژبەرمان دابنێین. لەو بەستێنەدا توندوتیژییەکانی ئێمە لەپێناو بەرگری و پاراستنی خۆمانە؛ کەچی خەڵکانی سپیپێست کە خاوەنی هێزی زیاتر لە ئێمەن، نسحەت و ئامۆژگاریمان دەکەن کە خۆ لە توندوتیژی بەدوور بگرین، ئەوان خۆیان لە پلەوپایەیەکی پاساوهەڵنەگر دادەنێن و ئیزن بە خۆیان دەدەن جۆری چەکەکانی ئێمەش لەدژی خۆیانمان بۆ هەڵبژێرن."(٢)

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ڕەواییەتی ئەخلاقی لەلایەک و دەرەنجامی سیاسی لەلایەکی دیکە لەو بەستێنەدا دەکەونە ملبەملێی یەکتری. زۆر لە خاوەنڕایانی خۆڕاگریی مەدەنی لێکدانەوە و شرۆڤەکانیان بەتاڵە لە پرس و بایەخە ڕەوشتییەکان و تەنیا لەسەر دەستەبەری ئاکام و دەرەنجام هەڵوێستە دەکەن و گوێ لەو بابەتە دەخەوێنن. کەم نین ئەوانەش لەسەر چارەنووسی کەسانی بندەستە و ژێرچەپۆکە و ئەوە کە چ شێوازێکی خەبات بگرنە بەر، بڕیار نادەن و ئەو بابەتە بۆ ئەوان -خەڵکەکە- دێڵنەوە. بەڵام چ ئەو خاوەنڕایانە و چ ئەوانیدی کەسانێکن لە دەرەوەی ئەو جەغزە. لەنێو بزووتنەوەکاندا لەوانەیە چالاکان و خەڵکەکە لەسەر ئەوە ئاخۆ "خۆڕاگریی مەدەنی" بەکەڵک و ئاکامتەوەرە یان نا، یان ئەوە چ لایەنێک یان کام ناوەندی بڕیاردەر ماف یان ئیزنی دیاریکردنی شێوازەکانی خەبات بۆ ئەوانیانی هەبێ کێشە و ناکۆکیی زۆریان هەبێت. زۆر جاریش ئەو باس و بابەتە هەستیارانە لەوانەیە بووبێتە هۆی دابڕان و کەوتنەوەی کەلێن و سەرلێشێواوی لە بزووتنەوەکەدا کە سنوورداربوونی ئەو جۆرە چالاکییانەی لێ دەکەوێتەوە کە هاوپەیمانییەکان دەتوانن لەسەریان ڕێک بکەون.

بۆ میناک، کریس ڕاسدێیل کە هەم تیۆریسیەن و هەم ئەکتیڤیستە، ڕەوتی بزووتنەوەیەکی دژیچەکداریی بریتانیای لە شەڕی جیهانیی یەکەمەوە بەولاوە تاوتوێ کردووە. ئەو لە توێژینەوەکەیدا بۆی دەرکەوت لایەنگرانی سەرسەختی ئاشتی دەستیان لەگەڵ ئەوانە نەداوەتێ کە حاشایان لە کردەوەی توندوتیژ لەپێناو بەرگریی ڕەوا لە خۆیان نەکردووە. ئەوان لایان وابوو کە شێوازی توندوتیژ هەم بێڕەوشتییە و هەم ئاکامی پێچەوانەیان لێ دەکەوێتەوە."(٣) لە بەرانبەر ئەواندا، ئەوانەش کە بژێرەکانی خەباتی توندوتیژیشیان وەلا نەدەنا، وایان دانەنابوو کە دەبێ توندوتیژیی ڕەها و



**ئاماژە: ئەو دەقە وەرگێڕانی لاپەڕەکانی ٥٧–٥٨ و هەروەها ٧٨ هەتا ٨٠ی کتێبی "خۆڕاگریی مەدەنی: ئەوەی هەمووان دەبێ بیزانن"، نووسینی ئێریکا چنووت، مامۆستای مافی مرۆڤ و کاروباری نێودەوڵەتی لە زانکۆی هارواردە. ئەم کتیبە ساڵی ٢٠٢١ چاپ و بڵاو بۆتەوە. ئەم بابەتە دەیەوێ وەڵامی دوو پرسی گرینگ بداتەوە کە ئاخۆ چاوەڕوانیی ناتوندوتیژی لە خەڵکانی بندەستە و سەرکوتکراو، ڕەوایە یان ناڕەوا؟ هەروەها ئایا زیانگەیاندن بە سامان و شوێنە دەوڵەتییەکان بەشێکە لە "بەرگریی مەدەنی"؟**

بێسنوور بگرنە بەر، بەڵام لایان وابوو کە لایەنگرانی ئاشتیخوازی و غەوارەکان [کە لە دەرەوەی گۆڕەپانەکەن] بۆیان نییە و ئەو مافەیان نادرێتێ بڕیار بدەن کەسانی ڕاپەڕیوی خۆڕاگر، لە بەردەم سەرکوت و زەبروزەنگی خوێناویی هێزی بەرانبەریاندا چی بکەن و چ نەکەن! بەتایبەت کاتێک کە هێز و دەسەڵاتی ڕەقی ڕکەبەریان لەسەر بنەمای پاوانخوازی لە بەستێنی توندوتیژیدا سوور و مکوڕ بێت.

**چاودێران لەبری ئەو پرسیاەی خەڵکێک کە عەودالی ڕزگاری و دادپەروەرین بۆچی پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن، گرینگترین کار کە دەبێ بیکەن ئەوەیە فێر بن کە چۆن بە شێوازێکی دڵنیا هاوپشت و پشتیوانی جووڵانەوە ڕزگاریخوازەکان بن، سەرچاوە و کەرستەی پێویست بخەنە بەردەستیان، و دەرفەتگەلی ئەوتۆ بخولقێنن هەتا یارمەتیداری سەربەستی و خۆڕزگاکردنی خەڵک بن**

باس و خواسی لەو چەشنە زۆر جار هێڵی ناکۆکی و دابڕانی لێ دەکەوێتە کە لەوانەیە بەردەوامیی پێکەوەبوون و درێژەدان بە خەباتەکەش بۆ هاوپەیمانەکان دژوار بکات. هێڵی دابڕانەکە لەسەر ئەوە نییە کە کردەوەی ڕاستەوخۆی دژەسەربازی دەبێ ناتوندوتیژ بێت، چونکی زۆرایەتیی بەرە و هاوپەیمانییەکە هاوڕان کە چەندی بکرێ با ئاوها بێت. دابڕان و ناکۆکییەکە لەسەر ئەوەیە کە کێ مافی دیاریکردن یان سەپاندنی بڕیارێکی بە سەر کەس و لایەنێکدا هەیە کە لە بەرانبەر کەس و لایەنی زۆر بەهێزتر و ناڕەوادا ململانێ و کێبرکێی هەیە. ئەو زنجیرە باس و دڕدۆنگییانە داڕێژەری ڕوانگەی ئێللا بەیکێر (Ella Baker) یەکێک لە ڕەمزە دیارەکانی خۆڕاگریی مەدەنییە کە لە دەیەی ١٩٦٠دا گوتی: "خەڵکێکی ژێرچەپۆکە کە لەژێر پۆستاڵدا پێخوست کراون، ئەوانن دەبێ بڕیار بدەن چ شێوازێکی خەبات دەگرنە بەر بۆوەی خۆیان لە نیری سەرکوت و ژێردەستەیی ڕزگار بکەن."(٤)

ئەوانەی گەنگەشەی بزووتنەوەکان دەکەن نابێ پێشوەختە لایەنگرییان کردبێ و دەبێ قەزاوەتکردن لەسەر ئەو بابەتە کە جووڵانەوەکان چ شێوازێکیان گرتۆتە بەر و ئەو ڕێکارانە ڕەوان یان ڕێگەپێنەدراو، بە هەڵپەسێراوی بێڵنەوە. بەتایبەت کاتێک کە سەیرکەران [خۆیان] هیچ ستەم و زەبروزەنگێکیان لەسەر نەبێت لە بزووتنەوەیەکدا کە لەهەمبەر ئەوان [خۆیان]ە. وەک چۆن "بیل سودێرلەند"، چالاکی ئاشتیخوازی پانئەفریقایی زۆرجار گوتوویەتی: "لەسەر ئێمە نییە بە خەڵک بڵێین کە خۆیان چلۆن ڕزگار بکەن. ئێمە هەر ئەوەندەمان لەسەرە نیری دیلیی حکوومەتەکانمان لە سەر ملی ئەوان هەڵبگرین."

گرینگترین کار کە چاودێران دەبێ بیکەن ئەوەیە فێر بن کە چۆن بە شێوازێکی دڵنیا هاوپشت و پشتیوانی جووڵانەوە [ڕزگاریخواز]کان بن، سەرچاوە و کەرستەی پێویست بخەنە بەردەستیان، و دەرفەتگەلی ئەوتۆ بخولقێنن هەتا یارمەتیداری سەربەستی و خۆڕزگاکردنی خەڵک بن. لەبری ئەو پرسیارە خەڵکێک کە عەودالی ڕزگاری و دادپەروەرین بۆچی پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن و، لەجیات وروژاندنی ئەو پرسیارە کە ئاخۆ ئەم بڕیارە ژیرانەیە یان نا؛ ئەو جۆرە کەسانە دەتوانن لە خۆیان بپرسن کە ئەوان دەتوانن چ شێوازگەلێکی ناتوندوتیژ بۆ پشتیوانی لە خەڵکێک بگرنە بەر کە لەهەمبەر ستەم و سەرکوتدا عەودالی دادپەروەرین.

## ئایا زیانگەیاندن بە سامان و شوێنەکان دەچێتە خانەی "بەرگریی مەدەنی"یەوە؟

لەو بارەوە بۆچوونەکان جیاوازن. زۆربەی شارەزایانی ئەو بوارە دەڵێن خەباتی ناتوندوتیژ لەلایەن خەڵکی ناچەکدارەوە دەکرێ و لەودا کەس زیانی پێ ناگا و هەڕەشەی لەسەر نابێت. [لەو چوارچێوە]یەدا زیان گەیاندن بە سامان و دارایی ئەگەر ورد و پلانمەند بکرێ و هەڵگری پەیامێکی ڕوون بێت، دەتوانێ بە شێوازێکی ناتوندوتیژ بۆ کارشکێنی لە کاروباردا دابندرێت. بەڵام ئەگەر بێتوو ئەو کارە هەروا لەگۆترە، بەبێ ئامانج و هەڵنەسەنگێندراو دەستی بۆ ببرێ، یان پەیامێکی لێڵ و ناڕوون بگەیەنێت بەو مانایە کەلەوانەیە بکەرانی کارەکە مەبەستیان زیانگەیاندن بە کەسێک بووبێت، لە وەها دۆخێکدا بگرە زۆر کەس خەسارگەیاندن بە سامان و شوێنەکان بە دۆخی ناڕوونی "توندوتیژی خولقێن" لێک بدەنەوە، جا با بە شێوەیەکی توندوتیژیش نەکرابێت. لەو پێوەندییەدا میناکێکی بەناوبانگ هەیە کە مێژووەکەی بۆ دێسامبری ١٧٧٣ [دەسپێکی ئەو پڕۆسانەی سەربەخۆیی ئەمریکای بەدوودا هات] دەگەڕێتەوە.

ئەوکات نیزیک بە ٦٠ ئەمریکایی نارازی و لایەنگری سەربەخۆیی [لە بریتانیا] کە شێوەی خۆیان وەک سوورپێستەکانی "موهاوک" لێ کردبوو، لە بەندەری بۆستوون چوونە سەر سێ پاپۆڕی بازرگانیی بریتانیا و ٣٤٢ سندووق چایان لەنێو دەریا کرد. ئەوان هەموو هەوڵێکیان ئەوە بوو شتێک لەخۆڕا نەشکێنن، تەنانەت وەک باس دەکەن لە کاتی شکاندنی دەرکی عەمبارێکدا قفڵێکی ئاسنی شکابوو، کە دواتر چوون قفڵێکی نوێیان بۆ هێنا. ئەو کارە زیانی گیانیی لە کەس نەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیامێکی ڕوونی بۆ بەرپرسانی داگیرکەری بریتانیا هەبوو کە خەڵکی کۆلۆنیکراو -داگیرکراو- دەتوانن زیانی ئابوورییان لێ بدەن و بەرژەوندییەکانیان بخەنە مەترسییەوە. وەک باس دەکەن هەر ئەو شەوە زیاتر لە ١٠ هەزار لیرە (زیاتر لە ١/٥ میلیۆن پۆندی ئێستا)یان زیان و خەسار بە بریتانیا دا. ئەوانەی دەستیان لەو کارەدا هەبوو لەلایەن شۆڕشگێڕەکانی دیکەوە وەک نیشتمانپەروەر ناسران و پەسنێکی زۆر دران. تەنانەت ڕێبەرانی لایەنگری سەربەخۆیی کە داوای جیابوونەوە لە بریتانیا لەسەر بنەمای سازان و وتوویژ و بە شێوەی هەنگاو بە هەنگاویان دەکرد، لە مەحکوومکردنی ئەو کارە خۆیان پاراست.

**ئەوانەی گەنگەشەی بزووتنەوەکان دەکەن نابێ پێشوەختە لایەنگرییان لەسەر شێواز و مێتۆدی تێکۆشانی بزووتنەوەکان کردبێ و دەبێ قەزاوەتکردن لەسەر ئەو بابەتە کە جووڵانەوەکان چ شێوازێکیان گرتۆتە بەر و ئەو ڕێکارانە ڕەوان یان ڕێگەپێنەدراو، بە هەڵپەسێراوی بێڵنەوە. بەتایبەت کاتێک کە سەیرکەران [خۆیان] هیچ ستەم و زەبروزەنگێکیان لەسەر نەبێت لە بزووتنەوەیەکدا کە لەهەمبەر ئەوان، واتە خۆیانە**

دوو سەدە دواتر، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دەیەکانی ١٩٦٠دا بەشێکی زۆر لە دژبەرانی شەڕی ڤیتنام کارتەکانی ئامادە بە خزمەتی سەربازیی خۆیانیان – کە بە دارایی و سامانی فێدڕال دادەنرا- سووتاند. چالاکانی دژەشەڕی دیکەش هەبوون کە بۆ پێشگرتن یان کۆتاییهێنان بە شەڕەکان هەوڵیان دەدا چەک و تەقەمەنییەکان بفەوتێنن. لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا فەوتاندن و زیانگەیاندن بە داراییەکان بەبێ ئەوەی زیانی گیانی بە کەس بگات، ئامانجێکی ڕوون و دیاریکراویان لە پشت بوو، هەروەها هەڵگری پەیامێکی ڕوون بۆ بەردەنگی تایبەت بوون. بەڵام زیانگەیاندن بە شوێن و داراییەکان کاتێک بەبێ ئامانج و لێکدانەوە بێت، وەک ئاگرتێبەردانی بیناکان، یان شکاندنی شووشە ئۆتومبیلەکان بەتایبەت کاتێک نائانقەست زیان بەر کەسانێک (بۆ نموونە کەسانی ڕێبوار) دەکەوێت، دەتوانێ هەڵگری پەیامی ئاڵۆز و ناڕوون بێت.

شکاندنی شووشە و پەنجەرەکان، سووتاندنی ئۆتومبیل و ڕووخاندنی بینا و خانووەکان لەلایەن خەڵکەوە بەر ڕەخنەی گشتی دەکەوێت. ئەوجۆرە کار و کردەوانە لەلای زۆر کەس پتر تەعبیر لە ئاڵۆزی و پشێوی دەکەن هەتا دوورەدیمەنی پێکهێنانی نیزامێکی دادپەروەرانەتر. هەروەها بەستێنی مێژوویی و کولتووریی هەر کۆمەڵگەیەکیش دەتوانێ شوێن لەسەر کاردانەوە و لێکدانەوەی ئەو کۆمەڵگەیە لەسەر ئەوجۆرە کردەوانە دابنێت. بۆ میناک، لەو وڵاتانەی تازەبەتازە لە شەڕ یان کۆمەڵکوژییەکان قوتار بوون و تێکدانی سامان و شوێنە گشتییەکان بەشێک بووە لەو مێژووە، دیسانەکە دەستبردن بۆ سووتاندن و ڕووخاندن بگرە پتر لەوەی هەستی هاوسۆزی و هاوپێوەندی ڕابکشێت، زیانی ڕوحی و دەروونیی گشتیی لێ بکەوێتەوە.

زۆر لە شایەتحاڵ و چاودێران لەمەڕ پەیامەکانی ئەو کردەوانە سەریان لێ دەشێوێ. لەوانەیە بەلای چاودێرانەوە ئاوا لێک بدرێتەوە کە ئاخۆ خۆپێشاندەران تەنیا ڕق و تووڕەیی خۆیان دادەمرکێنن، یان لە سەنگەری نافەرمانی و بەرهەڵستکاری لە بەرانبەر بەرپرسانی پاوانخواز و سەرەڕۆ دان؟ ئاخۆ بە کەمتەرخەمی و لاپرەسەنی خەریکن کاروکاسبییە ناوچەییەکان تێدا دەبەن، یان دەیانەوێ وەک تۆڵە و بە مەبەست هەندێ لەو کاروکاسبییە تایبەتانە بەئامانج بگرن؟ بڵێی مەبەستیان گەیاندنی پەیامێکی بەربڵاوتر لەمەڕ زەرووڕەتی تێدابردنی سەرمایەداری و نەهێشتنی نابەرانبەرییە ئابوورییەکان لە سۆنگەی ئەوەوەیە؟ ئەگەر ئەوان قۆڵیان لە نەهێشتن و ڕووخاندنی سەرمایەداری هەڵماڵیوە، دانانی چ شتێکی دیکەیان لەبری ئەو مەبەستە؟ لەو کۆمەڵگە نوێیەدا کام گرووپی مرۆیی جێیان دەبێتەوە و کامانە دەبێ وەلا بندرێن و بسڕدرێنەوە؟

ئەو چەشنە پرسیارانە بڵێی نەڵێی و، وشیارانە و ناوشیارانە زەینی زۆر کەس لەوانە بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکات کە لە ڕەوتی نارەزایەتییەکاندا تێکدان و شێواندنی شوێنە گشتییەکان بە چاوی خۆیان دەبینن؛ تەنانەت ئەگەر ئەو زیانگەیاندنانە لە فۆڕمە زانستییەکەیدا بە جووڵەیەکی توندوتیژیش دانەنرێن. ئەمە دەبێتە هۆی بیرهێنانەوەیەکی گرینگ: ئەوە کە کردەوەیەک لەژێر ناوی بێبەریبوون لە توندوتیژی پۆلێن دەکرێ، مەرج نییە وەک تاکتیک یان شێوازێکی خەبات ژیرانە بێت، کە دیارە پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە.

***

Gandhi, Harijan, October 27, 1946, [1]
.pp. 369–70

Brown, Wilmette. 1984. Black [2]
Women and the Peace Movement Bris-
.tol: Falling Wall Press, pp. 22–23

Rossdale, Chris. 2019. Resisting [3]
Militarism: Direct Action and the Poli-
tics of Subversion Edinburgh: Edinburgh
.University Press

Quoted in Hoyte, Harry. 2016, [4]
June 30. “Ella Baker and the Politics of
Hope—Lessons from the Civil Rights
,Movement.” Huffington Post
https:// www.huffpost.com/entry/ella-
.baker-and-the-politi_b_7702936

**ئەمریکا دەبێ یارمەتییان بکات**

# خۆپیشاندەرانی ئێران خوازیاری گۆڕینی ڕێژیمن

فارین ئەفەیرز – ئێریک ئێدێلمەن و ڕەی تاکیە






و: کەماڵ حەسەن‌پوور

لە سێپتەمبەری ٢٠٢٢، مەهسا [ژینا] ئەمینی، کوردێکی ئێرانیی تەمەن ٢٢ ساڵ، لە کاتی دەستبەسەرکرانی لەلایەن پۆلیسەوە، دوای بەندکران بە هۆی ئەوە کە بە ڕواڵەت قژەکانی بەجوانی دانەپۆشیوە، کوژرا. ئەمینی نە یەکەم ژن بوو دەستبەسەر بکرێ و نە یەکەم کەس بوو لەلایەن پۆلیسەوە بکوژرێ. بەڵام، مردنی ناوبراو چەخماخەی جووڵانەوەیەکی نارەزایەتی بوو کە بوو بە دەنگی تووڕەیی گشتی و جاڕزبوونێک کە چەند مانگ بوو پەنگی خواردبۆوە. وەرزێڕان لە نەبوونی ئاو سکاڵایان کردبوو، خوێندکاران لەبەر نەبوونی ئازادی، مامۆستایان لەبەر نزمبوونی ئاستی مووچە و، خانەنشینکراوان لەبەر نەبوونی خزمەتگوزاری. ئێمە لە ٢٠٢٠، لە فارین ئەفەیرزدا باسمان کردبوو کە کۆماری ئیسلامی لەوە لاوازترە کە لێکۆڵەرەوان و سیاسەتوانانی ڕۆژاوایی بیری لێ دەکەنەوە. نارەزایەتییەکانی ئەمڕۆ دەیسەلمێنن کە ئێمە ڕاستمان دەکرد. کۆماری ئیسلامی خۆگونجێنە، بەڵام لە بەرانبەر هێزە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێراندا ناتوانێ خۆ ڕاگرێ.

لە سەرەتای دەستپێکیەوە چوار دەیە لەمەوبەر، ڕێژیمی تیۆکراتیکی ئێران بەهۆی خۆپیشاندانان هەژاوە. لە ١٩٩٩، خوێندکاران وەک نارەزایەتی دژی داخرانی ڕۆژنامەیەکی ڕیفۆرمخواز ڕژانە سەر شەقامەکان. لە ٢٠٠٩، مەحموود ئەحمەدینژاد لە هەڵبژاردنێکی ساختەدا بوو بە سەرکۆمار، کە بوو بەهۆی دەستپێکی جووڵانەوەی سەوز، سەرهەڵدانێکی چینی مامناوەند کە داوای هەڵبژاردنی بێ‌فرتوفێڵی دەکرد. لە ٢٠١٧ و ٢٠١٩، گرانبوونی سووتەمەنی و نان بوو بە هۆی سەرهەڵدان لەنێو هەژارانی ئێراندا. سەرهەڵدانەکانی پێشوو بە سەر چینەکاندا دابەش ببوون. بە پێچەوانە، ئەوڕۆ ئێرانییەکان لەژێر دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"دا یەکیان گرتووە. ئەوە سەرهەڵدانێکە بۆ کەرامەت، ئازادی و لێپرسینەوە لە دەوڵەت، وەکوو جووڵانەوەی بەهاری عەرەبی، زنجیرەیەک خۆپیشاندان لە وڵاتانی عەرەبی کە بە خۆسووتاندنی محەممەد بوعەزیزی، میوەفرۆشێکی تونسی، دەستی پێ کرد. ئەوڕۆ خۆپیشاندەرانی ئێرانی داوای چاکسازیی ناکەن، بەڵکوو نەمانی کۆماری ئیسلامی. ئەوان گۆڕینی ڕێژیمیان دەوێ. وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ لە دوورەوە بە زیادکردنی گەمارۆ و باشترکردنی پەیوەندیگرتنی نێوان خۆپیشاندەران، یارمەتییان بدا.

### شەیتانێک کە دەیناسی

ڕێبەری گەورە عەلی خامنەیی نارەزایەتییەکانی وەک پیلانی بیانییان ڕەت کردوونەوە و ئیدیعای کردووە ئەوان "لەلایەن ئەمریکا و ڕێژیمی داگیرکەر و ساختەی زایۆنی" پلانیان بۆ داڕێژراوە. بێجگە لەو بەلاڕێدابردنە، شێوەی نەریتییانەی ڕێژیم، واتە بەرەوڕووبوونەوەی توندوتیژانەی خێرا دژی خۆپیشاندەران، لەکارخستنی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال‌میدیا بۆ پێشگرتن بە هاوئاهەنگیی نێوان خۆپیشاندەران، دەستبەسەرکردنی ڕێبەرە مەیدانییەکان و چاوەڕوان‌بوون بۆ هێوربوونەوەی شەپۆلی نارەزایەتییەکان بووە. سەرەڕای ناوبانگیان بۆ دڕندەیی، مەلاکان لە بەکارهێنانی هێز بەبێ جیاوازیی دوودڵ بوون. وەک دیکتاتۆرەکانی دیکە، ئەوان لەوە دەترسن هێزە بەکرێگیراوەکانیان ڕەنگبێ لە تەقەکردن لە هاونیشتمانانیان دوودڵ بن. بەڵام، خودی بەردەوامیی نارەزایەتییەکان و، بڵاوبوونەوەیان لە سەرانسەری وڵات، سەریان لە حکوومەت شێواندووە و ستراتێژییە ئامادەکراوەکەیان بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ نارەزایەتی بێ‌کەڵک کردووە.

ئاماژەکان پێمان دەڵێن ئەو جووڵانەوەیە لە ئەوانی ڕابردوو خۆڕاگرتر دەبێ. سەرهەڵدانە ساواکەی ئێران هێشتا ڕێبەرانی ناسراو و پێکهاتەیەکی ڕێکخستووی نییە و هیچ شۆڕشێک بێ شۆڕشگێڕان سەر ناکەوێ. بەڵام چەند مانگ دوای دەستپێکی نارەزایەتییەکان، تاقمی وەک لاوانی تاران سەریان هەڵداوە و بە سەرکەوتوویی داوای خۆپیشاندنیان کردووە. ئۆپۆزیسیۆن هەروەها لە پارێزگاکانی ئێران مانگرتنیان ڕێکخستوون: بازاڕەکان داخراون و شوێنە بازرگانییەکان وەک ئاماژەیەک بۆ هاودەنگی لەگەڵ خۆپیشاندەران داخراون. لەگەڵ بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان، وێدەچێ هێزە ئەمنیەتییەکان شەکەتتر بن. سەرکوتی خۆپیشاندەران تێچووی دەروونی هەیە.

خۆپیشاندانەکانی ئێران نوخبەی سیاسیی تووشی دووبەرەکی کردووە، کە ئەوەش پێش‌مەرجێکی گرینگ بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەیە. خامنەیی وێدەچێ لەوە بترسێ کە ڕێژەیەکی زۆرتر لە کۆنەپارێزانی لایەنگری دەسەڵات خۆیان لە حکوومەت بەدوور بگرن. عەلی لاریجانی، سەرۆکی پێشووی پارلمان گوتی، "ئێمە دەبێ شوێنی گشتی بۆ دەربڕینی نارەزایەتی و ئامرازی گفتوگۆ دابین بکەین." محەممەد خاتەمی، سەرکۆماری پێشوو، لێدوانێکی بڵاو کردەوە کە خوێنەری زۆری هەبوون و لەوێدا ستایشی مەبەست و دروشمەکانی خۆپیشاندەرانی کردبوو. تەنانەت "کۆماری ئیسلامی"، ڕۆژنامەیەک کە خاتەمی دایمەزراندووە، ئیدیعای ڕێبەری گەورەی لەمەڕ بوونی دەستی دەرەکی لە پشت نارەزایەتییەکان ڕەت کردبۆوە و گوتبووی "گیروگرفتی هەڵاوسانی نرخەکان، بێکاری، بێ‌ئاوی، و وێرانیی ژینگە بۆتە هۆی ئەوەی خەڵک، لە هەموو چین و توێژەکانی وەک خانەنشینکراوەکان، مامۆستایان و خوێندکاران، نارەزایەتی دەرببڕن." پشتیوانییەکی لەو شێوەیە لەلایەن سیاسەتوانانی سەرەکی بێ‌وێنەیە و نیشانەی لاوازبوونی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە.

لە تەواوی ماوەی ئەو قەیرانەدا، ڕێژیم لەرزۆک دەرکەوتووە. خامنەیی بەساڵداچوو، چەند ساڵی ڕابردووی تەرخانی دەرکردنی هەموو کەس لە بازنەی دەسەڵات، بێجگە لە کەسانی ماستاوچی کردووە و ئێستا لەلایەن کەسانی کەم توانا دەورەی دراوە. سەرکۆماری ئێران، ئیبراهیم ڕەئیسی مۆرەیەکی کەمدوێی سیستەمە کە خەیاڵی هەڵسوکەوت دەگەڵ دۆخی ئاڵۆزی نییە. غولام حوسێن موحسینی–ئێژەیی، سەرۆکی سیستەمی دادوەری، لەنێوان داوای گفتوگۆ لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن و هەڕەشەکردندا لە هاتوچۆدایە. ناوەندە بەفروفیشاڵەکانی هەواڵگریی ئێرانی نەیانتوانی پێشبینی سەرهەڵدانەکە بکەن و لە تێگەیشتن لە ڕەهەندەکانی شکستیان هێناوە. ستراتێژیی بەرزکردنەوەی ئاستی توندوتیژیی لەلایەن ڕێژیمەوە تا ئێستا بۆتە هۆی کوژرانی زیاتر لە ٥٠٠ کەس کە نەیتوانیوە خەڵک چاوترسێن بکات. ئیعدامکردنی خۆپیشاندەران لە لایەن ڕێژیم بۆتە هۆی پرینگانەوەی زۆرتری خەڵک لێی. وێدەچی کۆماری ئیسلامی پێگەی خۆی لەکیس بدا.

### بە یارمەتیی واشینگتۆن

وەکو ئێمە لە ٢٠٢٠ باسمان کرد، وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ لە هەوڵی گۆڕینی ڕێژیم لە ئێراندا بێ. سەرەڕای ئاکامی نادیار، ڕەنگبێ ئەوە تەنیا ڕێگا بۆ هێواش‌کردنەوەی هەوڵەکانی ئێران بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی بێ و، ئەوە دەستێوەردانە بەردەوامەکانی ئێران لە کاروباری وڵاتانی دراوسێ لەنێو نابا، بەڵام سنووورداری دەکات. بەڵام سەرچاوە سەرەکییەکانی ئاڵوگۆڕی سیاسی ئێران لە نێوخۆ دەمێننەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەڕێوەبەرایەتیی سەرکۆمار جۆ بایدن دەتوانێ هەنگاو بەرەو پشتگیریی، خێراکردن و ڕەنگبێ تەنانەت ڕێنوێنی پرۆسەی شۆڕشگێرانەش هەڵێنێ.

یەکەم، وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ بە فەرمی کۆتایی بە وتووێژ لەگەڵ ئێران لەمەڕ گەڕانەوەی گوماناوی بەرجام، ڕێککەوتنێک کە پێشوەچوونەکانی ئێران بەرەو چەکی ناوکی لە بەرانبەر سووککردنی گەمارۆکان، هێواش دەکاتەوە، بێنێ. وڵاتە یەکگرتووەکان هەروەها دەبێ ڕوونی بکاتەوە کە لەگەڵ دەوڵەتێکی ئێرانی کە خەڵکی ئێران سەرکوت و وڵاتانی دراوسێ ناسەقامگیر دەکات، وتووێژ ناکات. ڕاگەیاندنی ئەوتۆ توانایی ڕێژیم بۆ دروستکردنی هیوا لەنێو جەماوەر بە ئەگەری هەڵگیرانی گەمارۆکان لە ژێر دەسەڵاتداریی ئەواندا لەناو دەبا.

داخستنی دەرگای دانوستان بەئاشکرا هەروەها دەتوانێ دەستی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بۆ چەسپاندنی تەواوەتی ئەو گەمارۆیانەی کە هەر ئێستا ڕاگەیەنراون ئاواڵا بکات. وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ ئەو کاربەدەستە ئێرانییانە بکاتە ئامانج کە بەرپرسی گەورەترین پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤن، کە دەبێتە هۆی بووژانەوەی هیوا لە ناو خەڵکی ئێراندا بۆ بەرپرسیار کردنی دەوڵەت. ئەوە دەبێ هاوکات بێ لەگەڵ لێدوانەکانی دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لەمەڕ پشتیوانی لە خۆپیشاندەران بە هەموو توانا و ڕاکێشانی سەرەنج بەرەو خراپترین لایەنەکانی سەرکوت.

وڵاتە یەککگرتووەکان دەبێ هەروەها هەوڵ بدا سانسۆر نەهێڵێ و پشتگیریی دابەشینەوەی زانیاریی لەنێو خۆپیشاندەران بکات. ناردنی وەرگری ستارلینک، کە لەلایەن ئیلان ماسک پێشنیار کرابوو، دەتوانێ هەوڵێکی ئەوتۆ بێ بۆ یارمەتیدانی ئۆپۆزیسیۆن بۆ دەور لێدانەوەی سانسۆری ڕێژیم و داخستنی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا. ئاپی دیکە، وەک یوشاهیدی [بەرنامەیەکی خۆڕایی بۆ کۆکردنەوە و بەنەخشەکردنی زانیاریی بۆ یارمەتیدانی چالاکانی مەیدانی. و.]، بۆ چاودێریی هەڵبژاردن لە وڵاتانی ژێر سەحرای ئەفریقا کەڵکی لێ وەرگیراوە تا ڕێگا بە دەنگدەران بدەن وێنەی شوێنەکانی دەنگدان بڵاو بکەنەوە. بەرنامەی ئەوتۆ دەتوانن بۆ مەبەستی دیکە بەکار بێن، وەک ڕێگادان بە ئێرانییەکان تا وێنەی ئاکارە نارەزایەتییەکانیان لە شوێنە جیاجیاکانی وڵات بڵاو بکەنەوە و بەو شێوەیە ڕێگا بە تاقمە جیاوازەکانی خۆپیشاندەران بدەن تا خۆیان ڕێک بخەن و، هێزە ئەمنییەتییەکان لە پەلوپۆ بخەن و کاری ڕێژیم بۆ سەرکوتی نارەزایەتییەکان دژوارتر بکەن. وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ کەڵک لە کاناڵەکانی پڕ خوازیاری سۆشیال میدیا، وەک تێلێگرام، وەرگرێ تا زانیاریی دروست لەمەڕ ئەوەی لە سەرانسەری وڵاتدا لە ئارا دایە بدات بە خۆپیشاندەران، لەنێویاندا خۆپیشاندان، پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ، و ئیعدامەکان. پەرە پێدان و کەڵکوەرگرتنی داهێنەرانە لە کاناڵی پەیوەندیگرتنی ئەوتۆ دەتوانێ یارمەتیدەری سەرهەڵدانی ڕێبەرانی خۆپیشاندانەکان بێ و پرۆپاگاندای ڕێژیم پووچەڵ بکاتەوە.

لەگەڵ ئەوانەدا، وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ پەرە بە بەرنامەکانی "دەنگی ئەمریکای فارسی" و "ڕادیۆ فەردا" بدا و پشتیوانی دارایی بۆ کاناڵە تاکییەکانی تەلەفزیۆنیی کە ئێرانییەکانی تاراوگە بەڕێوەیان دەبەن پێشکەش بکات کە دەتوانێ سووتەمەنیی زۆرتر بۆ ئاگری سەرشەقامەکانی شارەکانی ئێران دەستەبەر دەکات. هەنووکە، پێشبینی دەکرێ وڵاتە یەکگرتووەکان کەمتر لە ٣٠ میلیۆن دۆلار لە ساڵی ٢٠٢٣ بۆ بڵاوکردنەوەی بەرنامە بەرەو ئێران تەرخان بکات. ئەوە نموونەیەکە کە تەرخانکردنی بڕە پارەیەکی کەم بەسەر کێشەکەدا، دەتوانێت کاریگەرییەکی ناهاوڕێژەی هەبێ.

بە گوێرەی نیویۆرک تایمز، لە دیسەمبەری ٢٠٢٢، کرێکارانی بەشی نەوت و پۆڵا وەک پشتیوانی لە نارەزایەتییەکانی ئێران دەستیان لە کار کێشایەوە و بەو شێوەیە مەزنترین مانگرتنی گشتیی ئێرانیان خوڵقاند. واشینگتۆن دەبێ هەموو هەوڵی خۆی بۆ پشتگیریی لەو کردەوانە بدات و یارمەتیی چالاکانی سەندیکاکانی کرێکاریی بدات تا هاوکاریی یەکتر بکەن. یارمەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ جووڵانەوەی دژە دیکتاتۆریی هاوپشتی لە کۆتاییەکانی ١٩٨٠ [لە لەهستان] یارمەتیدەری هەرەسهێنانی یەکیەتیی سۆڤیەت بوو. هەوڵێکی هاوشێوە لە ئێرانی ئەمڕۆ، دەتوانێ یارمەتیدەری تێکڕمانێکی ئەوتۆی کۆماری ئیسلامی بێ.

ڕێژیمی ئێران نزیکی نیو سەدەیە دەسەڵاتی وڵاتی بەدەستەوەیە. لەو ماوەیەدا، بە شێوەیەکی سەرەنجڕاکێش خۆڕاگر بووە، داواکانی مافەکانی مرۆڤ و مودێرن کردنی ڕەت کردوونەوە. لە ئێستادا، وێناچی نارەزایەتییەکان دەوڵەت بڕووخێنن، بەڵام شۆڕشەکان لەخۆیاندا پێشبینی نەکراون. لەبەر جەماوەری ئێرانی و بەرژەوەندییەکانی ئەمنییەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەدا، بەڕێوەبەرایەتی بایدن دەبێ هەموو کارێک بکات تا دڵنیا بێ ئەو ئێرانییانەی گیانیان لە مەترسی داوێن تا ئاڵوگۆڕ پێک بێنن، لە وەرگرتنەوەی وڵاتەکەیاندا سەر کەون.

***

دارسمە

دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

# منداڵەبەربوون بە شان‌تەکاندنێک

بۆ ئەوەی ژمارەی مامناوەندیی ئەو خانمانەمان لە ئێراندا دەست بکەوێت لە بواری تەمەن و لەش‌ساخییەوە دەرفەتی زاوزێ و وەچەنانەوەیان هەیە، پێویستە سووکە ئاوڕێکی لە دانیشتووانی ئەم وڵاتە بدەینەوە.

ژمارەی دانیشتووانی ئێرانی ئێستا نزیکەی ٨٨ میلیۆن کەسە و ئەگەر ژنان تەنیا نیوەی کۆمەڵ بن و ژمارەی پیاوان و ژنان وەک یەک حیساب بکەین، ئەوە هەرکامیان ٤٤ میلیۆن کەس لە دانیشتووان پێکدێنن. هەرچەندە دوای ڕاپەرینی ئەم دواییە لەژێر ناوی شۆڕشی ژینادا نزیکەی نیوەی ئەم پیاوانەش ئێرەیی بە ژن‌بوونی ژنانەوە دەبەن و پێیان خۆشە ژن بوایەن، بەڵام ئەمە حیساب و کیتابە و لە حیسابی ئێمەدا ئەو مافەیان پێ نادرێت و ناچارن هەتا دەیانخەنە گۆڕەوە بە پیاوەتیی خۆیانەوە بناڵێنن. دیارە ئەوانەی لە بواری داراییەوە توانای گۆڕینی ڕەگەزیان لە پیاوەوە بۆ ژن هەیە، ئەوەندە زۆر نین ئەم حیسابەی ئێمە بشێوێنن و ئەو ڕیسەی خەریکین دەیڕێسین بیکەنەوە خوری.

بەگوێرەی ئەو ژمارانەی بەرپرسانی لێهاتووی ئێران بەدەستیانەوە دەدەن، ئێستا نزیکەی ١٠ لەسەدی ژنانی ئێران لە سەرووی تەمەنی شێست ساڵین. یانی ٩٠ لەسەدی ئەم ژنانە توانای زاوزێ و نانەوەی وەچەیان هەیە و نزیەکەی ٤٠ میلیۆن کەسێک دەبن. هەر بەگوێرەی ئامارەکان پێنج لەسەدی ئەو ژنانە بەمنداڵ حیسابن. دیارە لێرەدا پرسیارێک ختۆکەمان دەدات، ئەویش ئەوەیە نازانین تەمەنی منداڵانی کچ لەژێر نۆ ساڵییەوە حساب دەکرێت یان لە ژێر تەمەنی ١٨ ساڵییەوە. هەرچۆنێک بێت ئێمە بەم ئاکامە دەگەین زیاتر لە ٣٠ میلیۆن ژن لە ئێران ساغ و سەلیمن و ئامادەی ئەوەن منداڵیان ببێت.

لێرەدا با ژمارەی ئەم ٣٠ میلیۆن کەسەمان لەبیر بێت و لە خوارەوە خەریکی سووکە حیسابێکی دیکە بین:

لەم ڕۆژانەی دواییدا ئاخوندێک لەو ئاخودانەی ساڵانی ڕابردوو دەچوونە سەر مینبەر و خەڵک بە قسەیانی دەکرد و بۆ شەهیدبوون خۆیان بە ئاو و ئاگردا دەکرد، لەسەر مینبەر چەند ڕستەیەکی بەیان کرد و سەری لە خۆی و بەردەنگانی شێواند. هەرکەسێک گوێ بداتە ئەم ئاخوندە وەک وێنە بەناوبانگەکەی مامۆستا حەسەن زیرەک ئەنگوستی سەرسووڕمان دەخاتە نێوان لێوانی سەروو و ژێرینی و لە شوێنی خۆی ڕەق هەڵدێت.

جەنابی ئاخوندی گۆڕین لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا قسەی کردووە و باس لە ڕووداوێک دەکات ئەگەر جاری دیکە ڕووبداتەوە، لەم جیهانەدا نەک هەر جێگەی خۆمان بەڵکوو جێگەی ئەنگوستی شایەتمانیشمان نابێتەوە بەرزی بکەینەوە. ئاخوندەکە لە زمان کەسێکەوە ڕووداوێکی ژیانی ئیمامی عەلی دەگێڕێتەوە و دەڵێت ئیمامی عەلی ژنێکی حەنەفی مەزەبی بەناوی "خووڵە" هەبووە و خولە بە ئیمامی گوتووە بۆ نابێ ئەویش منداڵێکی جوانی لە ئیمامی عەلی هەبێت؟ ئیمامی عەلیش دەستێک لە شانی ژنە حەنەفی مەزەبەکە دەدات و دەڵێت ژنە ببە بە خاوەنی محەممەدێک. ژنە حەنەفی مەزەبەکە خێرا سکی بۆ کۆرپەیەکی نێرینە بە ناوی محەممەد پڕ دەبێت و دوای کاتژمێرک محەممەدە جوانکە لەدایک دەبێت.

لێرە ئێمە وەک هەموو لێدوانی ئاخوندان کێشەمان لەگەڵ ئەم لێدوانەش نییە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەگەر ئیمامی عەلی تەمەنی نزیکەی ٣٠٠ ساڵ بووبێت، یانی دوای بڵاوبوونەوەی ئایینزای حەنەفی لە ژیاندا مابێت، ئەوە ئاخونده لاو و تازەپێگەیشتووەکەی ئێمە ڕاست دەکات و درۆی بەزاریدا نایەت. ئەوە نییە هەموو ئاخوندەکان دەزانن درۆ دوژمنی خوایە؟

لەوها هەلومەرجێکدا ئێمە تەنیا لە ئێران خاوەنی ٣٠ میلیۆن خانمی ئامادەی وەچەنانەنەوەین و دەستی ئیمامی عەلیی ئاخوندۆکەی ئێمە بگاتە شانی هەموویان بە یک کاتژمێر دەبینە خاوەنی ٣٠ میلیۆن کۆرپە و هەر منداڵەش دوای گەورەبوونی چەند منداڵی دیکەی لێ پاش دەکەویت. بەمجۆر تۆ بڵێی بە ٢٤ کاتژمێر ژمارەی دانیشتووانی ئێران بگاتە چەند کەس؟ تکاتان لێ دەکەم خۆتا بە لێکداندەوەی زاوزێی مانگ و ساڵانەوە خەریک مەکەن.

وا باشترە بیر لە چوون بۆ هەسارەکانی دیکە بکەینەوە و لە بەر خۆمان بەردەوام دوعا بکەین ئەم ئاخوندە ئیمامەکەی لەگەڵ خۆیدا نەباتە هەسارەکانی دیکە. باشترین چارەسەر ئەوەیە دوعا بکەین ئەو منداڵانەی بەم جۆرە لەدایک دەبن، زیاتریان ژن بن و بەمجۆرە خوازیارانی ئازادیی ژنان و کچانی بێ لەچک و ڕووسەری لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی جێگەیان نەبێتەوە.

لەگەڵ بڵاوبوونەوی هەواڵی وتاری ئەم ئاخوندۆکەیە هەواڵێکی دیکەش بڵاوبۆتەوە و لەویاندا فڕۆکەوانێکی فڕۆکەی کۆمپانیای "ئێران ئەیر"ی ئێران لە فڕۆکەخانەی مێهرابادی تارانەوە بەرە و خۆرڕەم‌ئاوا بەڕێ دەکەوت، داوای کردووە لەبەر قورسبوونی باری فڕۆکەکە دوو کەس لە فڕۆکەکە دابەزن. یەکێک لەو دوو کەسەی خۆبەخشانە لە فڕۆکەکە دابەزیوە بە میدیاکانی گوت کاتێک داوایان لە ئێمە کرد دابەزین، شوێنی شەش حەوت کەسی دیکەش لە نێو فڕۆکەدا بەتاڵ بوو.

بڕوا بکەن نە بوختان بە ئاخوندۆکە و نە بە فڕۆکەوانەکە ناکەم. بەڵام حیسابی زیادبوونی دانیشتووانی ئێرانم بۆ لێک نادرێتەوە. تەنیا ئەوەندە دەزانم بەم حیسابە "مناطق کردنیشن، فارس‌نشین، عرب‌نشین و نمی‌دانم چ و چ نشین ایران" پڕ دەبێت لەم منداڵە ورتکانە و هەر دەبێ بڵێین بەم هیوایە ئیمام عەلی بە قسەی ئەم ئاخوندانە نەکات.

# KURDISTAN

Publishing by Democratic Party of Iranian Kurdistan

NO:839 20 january 2023

ناونیشانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

ئیمەیلی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanmedia.com

ئیمەیلی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12594
polarization: Vertical -27500 FEc : 2/3
Radiodk59@gmail.com





## ڕێوڕەسمی خەڵاتی ساڵانەی زارا بۆ زمانی کوردی

ڕۆژی شەممە ١٧ی بەفرانبار لە یەکەم ساڵوەگەڕی بەندکرانی زارا محەممەدی، مامۆستای زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بەهۆی فێرکاری زمانی کوردی، لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە زیندانی کراوە، ڕێکخراوی کوردشۆپ بۆ خزمەت بە زمان، کولتوور و مێژوو، لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا بە ئامادەبوونی ڕووناکبیران، نووسەران، ڕێکخراوەکانی مەدەنی و میدیاکان، خەڵاتی زارا بۆ زمانی کوردیی پێشکەش بە ناوەندی فەرهەنگی- هونەریی ‹‹ڤەژین›› کرد.

ڕێکخراوی کوردشۆپ خەڵاتی ڕێزلێنانیشی پێشکەش بە بنەماڵەی مامۆستا زارا محەممەدی کرد کە بەڕێز هەیبەت محەممەدی، برای مامۆستا زارا بە نوێنەرایەتیی بنەماڵەکەیان ڕێزنامەکەی وەرگرت. ناوبراو وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی لە بەڕێوەچوونی ئەو ڕێوڕەسمە و ڕێزگرتن لە تێکۆشانی مامۆستا زارا، ئاوڕێکی لە قۆناغەکانی ژیانی مامۆستا زارا دایەوە و باسی لە ژیان و زەحمەتەکانی کرد کە زیاتر لە دە ساڵی ژیانی بۆ خزمەت بە زمانی کوردی تەرخان کردووە.

لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا، وڵات قادری، سەرۆکی ڕێکخراوی کوردشۆپ، وتارێکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد و ئاماژەی بە کار و چالاکی و هەوڵی ڕێکخراوی کوردشۆپ بۆ پەرەپێدانی زیاتری زمانی کوردی و هاوکاریی هەرچی زیاتری چالاکانی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد.

## چاپ و بڵاوبوونەوەی نامیلکەی١٠٠ ڕۆژەی شۆڕشی ژینا




ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوای تێپەڕینی ١٠٠ ڕۆژ بە سەر شۆڕشی ژینادا، و بە مەبەستی شرۆڤە و لێکدانەوەی ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئەو ڕاپەڕینە و وێناکردنی دوورەدیمەنەکانی ئەم ڕاپەڕینە؛ نامیلکەیەکی سیاسی-شیکاریی بڵاو کردۆتەوە.

عەلی بداغی، بەرپرسی بەشی چاپەمەنی و بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات ڕایگەیاند: «لەو نامیلکەیەدا هەوڵ دراوە لە توێی چەند وتار و توێژینەوەیەکدا وەڵامی ئەو پرسیارانە بدرێتەوە کە بەستێنە سیاسی، مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی شۆڕشی ژینا چین؟ دەسکەوتەکانی هەتا ئێستای شۆڕشی ژینا چ بوون؟ ئاستەنگ و لەمپەرەکانی بەردەم پەرەسەندنی ئەو شۆڕش و کەمایەسییەکانی کامانەن؟ شۆڕشی ژینا لە نێوان چەند فاقێتیی ئێرانی فرەنەتەوە، ترسی ناوەندگەرەکان و داهاتووی سیاسیی ئێراندا بەرەوکوێ دەڕوات؟ دەوری کوردستان لە شۆڕشی ژینادا چی بووە و دەرفەتەکانی بەردەم بزووتنەوەی کورد لە ئێران لەپاش ئەو ڕاپەڕینە چین؟ هەروەها ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات و کاریگەریی دیاسپۆرا لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا چی بووە نەبوونی ئاڵترناتیڤ چ کاریگەرییەکی لەسەر ڕەوتی شۆڕشی ژینا داناوە؟»

لەو نامیلکەیەدا هەوڵ دراوە لە گۆشەنیگای جیاواز و جۆراوجۆرەوە گەنگەشەی ئەو باس و بابەتانە بکرێت و لەو پێوەندییەدا بەرچاوڕوونیی پتر بدرێت کە ئاسۆ و دوورەدیمەنەکانی ئەم ڕاپەڕینە چۆن لێک دەدرێتەوە.

ئەم نامیلکەیە ٢٢ وتار، وتوویژ و لێکدانەوەی سیاسیی لەخۆی گرتووە.

## بڵاوبوونەوەی بەرهەمی ژنە پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات




کابووس لە نووسینی سیامەک گوڵشیری و وەرگێڕانی «سۆما ناسری» پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، چاپ و بڵاو بۆوە.

ڕۆمانی کابووس یەکەم بەرهەمی ئەدەبیی سۆما ناسرییە کە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

ڕۆمانی کابووس بە زمانێکی سادە و ساکار و خەڵکی نووسراوە و باس لە هاوڕێیەتی چەند مێرمنداڵی پۆلی دەهەم و یازدەهەم دەکات و ڕووداوی کۆمەڵێک ڕووداوی سەیروسەمەرە و سەرنجڕاکێش، کە خوێنەر بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێ تا بزانێ کۆتایی ڕووداوەکان بە چ ئاراستەیەکدا دەچن.

سۆما ناسری، کادری ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات بەرهەمێکی دیکەی نووسینی هەیە کە لە قۆناغی چاپدایە

## بەر لە ماڵاوایی

# شۆڕشی ژینا، بەرەو نەسڵی نوێی شۆڕش



بێهزاد خۆشحاڵی

نەوەی Z کە لە مێژووی نزیکدا بە هەمەچەشنترین نەوە ناسراون و پێیان دەگوترێت نەوەی ڕەسەنی دیجیتاڵی، نەوەیەکن لە بازنەی تەمەنی لە دوایین دەیەی سەدەی بیستەمەوە تا نیوەڕاستی دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەم، کە ئەم تایبەتمەندییە هاوبەشانەیان هەیە:

دیدگای سیاسی پێشکەوتنخوازانەیان هەیە، ئاسوودەن لەگەڵ تەکنەلۆژیا، چالاکن لە سۆشیال میدیا، سەرنجیان لەسەر دارایی کەسی هەیە، زۆر پراگماتیکن، زۆر کارگێڕن، تایبەتمەندیی دیجیتاڵییان هەیە و فرە ئەرکن. هەروەها ڕاهاتوون بەخێرایی لە نێوان بەرنامەکاندا بجووڵێن و ڕەنگە ڕوانگەیەکی هاوشێوە لە پرۆژەکانی کارەکانیاندا بگرنەبەر.

لەگەڵ زیادبوونی پەیوەندییە جیهانییەکان، نەوەی نوێ گۆڕانکاریی قووڵی چۆنایەتیی بەخۆیەوە بینیوە. بە دەرککردن بە پێویستیی دیالۆگ و کردار بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی و باشترکردنی جیهان لەم ڕوانگەوە ڕێگا دەکەن و گرنگییەکی بنەڕەتیی هەیە بۆ ژیانیان، بە سەیرکردنی پێناسەی جیهانی ناسنامەی تاکەکەسی خۆیان پێناسە دەکەن، خۆیان لەگەڵ ستانداردی زێڕینی جیهانی دەگونجێنن، و لە چاویلکەی کۆمپیوتەر و مۆبایلە زیرەکەکانەوە ئەوان سەیری جیهان دەکەن.

**بەراوردێک**

سەبارەت بە نەسڵی یەکەم و دووهەمی شۆڕش کە نموونەکانی وەکوو شۆڕشی ئینگلترا، فەڕانسە، ڕووسیە و چین ناو دەبرێن، ئەم تایبەتمەندییانە هەژمار دەکرێن:

ئێدغامی ڕێبەری، ئایدیۆلۆژی، پرۆسەگەلی بەفەرمی ناسین، پێکهاتەی چینایەتی، گۆڕانکاریی خێرا لە دەوڵەتان.

لە نەسڵی سێهەمیشدا، خەسارهەڵگری پێکهاتەیی، حکوومەتی داڕماو، هەڵبژاردنی عەقڵانی، بێسامانیی نێوان سێکوچکەی حکوومەت، ئێلیت و چینی خواروو، دواجار خۆپیشاندان و مانگرتن، وەکوو گرینگترین تایبەتمەندییەکان ناسراون.

لە نەسڵی سێهەمی شۆڕشەکان، بڕێکی بەرچاو لەم شۆڕشانە بەرەوە دیکتاتۆری پۆپۆلیستی، بەسیجی خەڵکی، ئایدیۆلۆژیسم و سیاسەتی ناکۆکی ڕۆیشت وەک نموونەگەلی ئێران و نیکاراگوای.

دوای نەمانی کۆمۆنیزم و فاشیزم و هەنووکە کە حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانیش دوایین هەناسەکانی ئەدات، نیوەڕۆکی ئایدیۆلۆژیکبوونی شۆڕشەکان، چیدیکە نابینرێت بەڵام ڕواڵەتێکی هاوبەش دەبینرێت کە ئەم تایبەتمەندیگەلەی هەیە کە کەم و زۆر هاوشێوەی شۆڕشەکانی نەسڵەکانی پێشووترن:

هەوڵدان بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسی، هاوار بۆ نەزمێکی نوێی دادوەرانە، ڕاپەڕینی جەماوەری، هەنگاوی نادامەزراوەیی وەک خۆپیشاندانی بەرین، نارەزایی دەربڕین، مانگرتن و توندوتیژی.

لێرەدا ئەچینە نێو شۆڕشی ژینا و تایبەتمەندییەکانی کە پێشاندەری دەسپێکی نەسڵی نوێی شۆڕشە.

جێگای ئاماژەیە کە بۆ لێکدانەوەی شۆڕش، پێویستە «هۆکار» و «پرۆسە» و «ئەنجامەکان» خوێندنەوەی بۆ بکرێت، بەڵام لەم وتارەدا بە پشتبەستن بە هۆکار و پرۆسە، لێکدانەوەی خۆم پێشکەش ئەکەم و بێگومان، دواتر دەتوانرێت بە سەرنج خستنە سەر ئەنجامی شۆڕش، خوێندەکانم گۆڕانکاری تێدا دروست بێت.

**بەرەو نەسڵی نوێی شۆڕش**

یەک: شۆڕشی ژینا هەم ئاخێزگەی پێکهاتەی ئابووریی هەیە هەم پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و هەم پێکهاتەی سیاسی

دوو: ڕێبەر یان ڕێبەرانی نییە کە وەک هێما ئاماژەیان پێ بدرێ.

سێ: دارمان لە ناوەند دەستی پێ نەکردووە.

چوار: خەریکە ڕوو لە ئاوێتەبوون و تێکەڵە و تەرکیب دەڕوات.

پێنج: ئایدیۆلۆژیک نییە. مەبەست لە ئایدیۆلۆژیکبوون لێرەدا ئەوەیە کە ئایاکوو ئایدیۆلۆژی وەک ڕۆڵی مامان بۆ لەدایکبوونی خولیایەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بێت؟ یان ئایدیۆلۆژی، پاڵنەر و ڕێنما و ڕێنوێنی ڕەها بێت؟ یان شەڕی ئایدیۆلۆژییەکان لە چەشنی «حەمامی خوێنی ستۆکهۆڵم» یان شەڕی ڕاست و چەپ یان هۆکاری کردەوەی سیاسی لە قۆناغێکی مێژووییدا بێت، وڵام «نا» یە. بە گشتی دەتوانین بێژین ئایدیۆلۆژیا خاڵی سەرەکی فۆرماسیۆنی سیاسی و فەرهەنگی شۆڕشی ژینا نییە.

شەش: وەکوو «نەخۆشیی ئابووری»، لە بەستێنی بازرگانیی بێسامانی نێونەتەوەیی ئێران گەشەی سەندووە، و نەبوونی تەعدیلکردنی داهاتەکان و گەندەڵی کاریگەری بووە.

حەوت: عەقڵییەتی شەبەکەیی سوارە لە سەری و شەبەکە وەک هۆشی دەسکرد، ڕێنوێنیی دەکات.

هەشت: خۆڕسک نییە، بەڵکوو شەبەکەڕسکە.

نۆ: بەسیجی نافەرمی دروووست بووە لە ڕێگای سازماندانی گشتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

دە: پێوەندی شەبەکە و سازمان و شوناس و ڕەگەز تێیدا تۆکمەیە. سازمانی خوێندکار و مەکتەب و کرێکارو ڕەگەزی ژنان و جەوانان لە قاڵبی ڕەگەی فێمێنیستی، خواستی حقووقی مەدەنی و خواستی ڕادیکاڵی جەوانان، بەرچاوە.

یانزدە: کردەوەی کۆی یاریچییەکانی شۆڕش لە سەر ئەساسی «شوناسی نارەزایی» (گشتی و تایبەت) دەبینرێت.

دوانزدە: دوو فاکتەری «تووڕەیی» و «خواستی گۆڕانکاری»، سەرەتا «هۆگری سۆزداری» درووست کرد و دواتر «هەستی شوناسی دژبەر» بە هۆکاری بەرچەسپ لێدان لەلایەن دەسەڵات، بەهێزتر بوو.

سیانزدە: لە چوارچێوەی فەرهەنگی داسەپاو یان فەرهەنگی غاڵبدا نەبوو بەڵکوو فەرهەنگی پەراوێزو دوورخراوە خۆی سەپاند.

چواردە: تەنیا لە ماوەی سێ ڕۆژدا، لە حاڵەتی سلبی تێپەڕی و ڕواڵەتی ئیجابی لە خۆ گرت و تەنانەت شوناسی مەفهوومی پەیدا کرد.

پانزدە: باوکسالار نەبوو.

شانزدە: کاریزمای نییە.

حەڤدە: ڕێبەریی شەبەکە، کاریگەریی ئاڵۆزی دانا

هەژدە: نە ڕێبەریی ئەرکتەوەری هەیە نە ڕێبەریی جەماوەری. مەبەست لە ڕێبەریی ئەرکتەوەر، ڕێبەرێکە کە ئێستراتژی کارا دیاری بکات، خشتەی زەمەنی دابنێت، ڕێوەبەری قۆناغ بکات و ئامانجی تایبەت دیاری بکات. هەروەها مەبەست لە ڕێبەری جەماوەری، ڕێبەرێکە کە ئیلهامبەخش بێت، هەستی شوناس ببەخشێت، هێز و وزە بدات بە خەڵک، ئاسۆی عیداڵەت پێشکەش بکات و پێناسەی نەزمی نوێ بکات.

نۆزدە: عەقڵییەتی شەبەکە، گرووپی بچووک بەڵام فیداکاریی درووست کرد.

بیست: «ڕێبەریی پرد» درووست بوو کە ئێستا هەم ئامانج و هەم ئەرکە سازمانییەکان تا ئاستی تاکەکان دیاری دەکات.

بیست و یەک: مۆئەلەفەی بەهێزی ڕەگەز و تەمەنی تێدایە.

بیست و دوو: چیدیکە سەرکوت نەک تەنیا لەمپەرو بەربەست نییە بەڵکوو ورووژێنەرو هەڵخرێنەرە.

بیست و سێ: «گوشاری لە ناکاو»ی تێدایە بە هۆکاری دوانەی «ئیمتیاز» و «سەرکوت» کە ئەبێتە «بەرگریی گشتیی چالاکانە».

بیست و چوار: ڕێژیمێکی بەهێز کە ڕووبەڕووی ئۆپۆزیسیۆنێکی لاوازە یان ئیمتیاز ئەدات یان سەرکوت ئەکات. لێرەدا چونکی عەقڵییەتی شەبەکە و دواتر شەقام لە ئۆپۆزیسۆن تێپەڕیوە، ئەم تاکتیکە چیدیکە وڵامدەر نییە.

بیست و پەنج: ڕژیم چووەتە قۆناغێک کە «دەرکی سووژە»کان ناکات ئیتر لەبەر ئەوەی کە «پاڵنەرەکان» گۆڕدراون، «پابەندییەکان» نەماون و «گرێبەستی کۆمەڵایەتی»ی کۆن تێک چووە.

بیست و شەش: چیدیکە ئۆپۆزیسیۆن، «یەکەی بنەڕەتی»ی بڕیاردەر نییە و شۆڕش خەریکە لە پێشانگەیەتی پارچەیی بەرەو پێشەنگایەتیی یەکپارچەیی شەقام، هەنگاو هەڵدەگرێت.

بیست و حەوت: مارپێچی خێراو غافڵگیرکەر درووست بووە.

**ئەنجام**

شۆڕشی ژینا ناتوانرێت بە ڕگرێسیۆنی هێڵکاری ئانالیز بکرێت بەڵکوو پێویستی بە پەیکەربەندی فرە پاڕامێترەی سەربەخۆیە یان پێوەندیی پێچیدەی فرە پاڕامێتر یان ئەو مۆدێلەی کە پێی دەگوترێ «قاڵبی پانێل».

بەم هۆکارانەیە کە پێویستە چەمکێکی نوێ بۆ شۆڕشی ژینا، مەفهوومسازیی بکرێت و جارێکان، هەر بە شێوازی «پرۆسە تەوەر»، خوێندنەوە بۆ ڕەوتی ڕووداوەکان بکرێت.

لە کۆتاییدا: شۆڕشی ژینا نیشانەگەلی نەسلێکی نوێی شۆڕشی پێوە دیارە کە پێویستە دواتر لە ئاستی شوناس و چەمک و مەعریفە و ڕەگەز و شەبەکە و ڕێبەری، لێکدانەوە و خوێندنەوەی بۆ بکرێت.